ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا ■ دووشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٥ ـ ٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٨٢ ■ www.kurdistanukurd.com




سەرهەڵدانی دیاردەی خۆڵبارین و بوونی تۆز و خۆڵ لە کەش و هەوای ڕۆژئاوای ئێران لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ جارێکی دیکەش تووشی گرفتێکی زۆر کردووە، بەڵام کاربەدەستانی پێوەندیدار و لە سەرووی هەموانەوە سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ڕایگەیاندووە سەرچاوەی ئەم تۆز و خۆڵە تەنیا وڵاتی عێراقە. کارناسانو ڕەخنەگرانی دەوڵەتیش دەڵێن چارەسەری کێشەی خۆڵبارین دوعا و پاڕانەوە نییە. هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی پاوە لە هەوڵێکی سەمبولیکدا، بە لێدانی دەمامک لەسەر ڕوخساری پەیکەرەی ”میرزا عەبدولقادر پاوەیی“ ناڕەزایەتیی خۆی لە بابەت بارودۆخی پیسی هەوا و خۆڵبارین دەربڕی.

# کاولکاریی پێش بە خەباتی کورد بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی ناگرێ

## پەیامی هاوخەمی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!**

**لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم!**

لە ڕۆژانی ٢٦و ٢٧ی جۆزەردان‌دا تیمێک لە کادرو پێشمەرگەکانتان لە ناوچەی شنۆ کەوتنە بەر پەلامارو گەمارۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی. لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هاوڕێیانەتان لە گەڵ هێزی دوژمن، بە داخێکی گرانەوە ژمارەیەکیان گیانیان لە دەست داو چوونە نێو کاروانی پڕ سەرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد.

زەبروەشاندنو خۆڕاگریی ئەو پۆلە تێکۆشەرە بەرامبەر پەلاماری هێزە دڕندەکانی ڕێژیمو شەهیدبوونی سەربەرزانەیان، بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ سەلماندنەوەی ئەو ڕاستییە کە ورەو ئیرادەی تێکۆشەرانو خەباتکارانی نەتەوەکەمان، سەرووترو پتەوتر لە هێزی زۆرو دڕندەی دوژمنو جبەخانەکەیەتی. ئەو دڕندەییەش کە هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم ئەمساڵو ساڵانی پێشوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ پێشمەرگەکانو خەڵکی پێشمەرگەپەروەردا نواندوویانە، نیشانەی ترسو وەحشەتیان لە ئامادە بوونی تێکۆشەرانو خەباتکارانی ئەم گەلە لە نێو خەڵکو نیشتمانی خۆیان دایە.

ئێمە شەهید بوونی پۆلێک لە هاوڕێیانتان بە خەسارێک نەک هەر بۆ ئێوە، بەڵکوو بۆ خۆمانو بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەزانین. بەم بۆنەیەوە بە گەرمی سەرەخۆشی لە ئێوەو هەموو تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانتان دەکەینو هاوخەمیی خۆمانو تێکڕای ڕیزەکانمان بە بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدەکانو خەڵکی دڵسۆزو پێشمەرگە پەروەری ناوچەی شنۆ ڕادەگەیەنین. هەرلەو کاتەشدا وێرانکردنی گوندی ”قەرەسەقەل“ و دڕندەیی نواندنی هێزەکانی ڕێژیم بەرامبەر دانیشتوانی ئەو دێیە، مەحکووم دەکەین.

ل ٢



ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن تازەترین کاولکاریی و ماڵوێرانیی‌یە کە لە لایەن هێزە دژەگەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاوایی «قەرەسەقەل»ی سەر بە شاری شنۆ هاتۆتەئارا. بیانووی ئەم کردەوە جینایەتکارانەی ڕێژیم بوونی دەستەیەکی پێشمەرگەی حیزبێکی سیاسی‌یە لەم گوندەدا، کە وەک عادەتی هەمیشەیی بە داردەستی دەرەکی و بەکرێگیراوی دەرەکی‌یان لەقەڵەم دەدا! تۆمەتێکی سواو کە لە سەرتای دروست بوونی بزووتنەوەی کوردەوە لە شۆڕشگێڕانی کورد دراوە.

دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستان‌دا هەمیشە لە وەڵامی مافخوازیی و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان‌دا پەنایان بۆ زەبروزەنگ و سەرکوت و کاولکاریی بردووە. لە لایەک هەموو ڕێگەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانەی کوردیان بۆ هێنانەئارا و بەدەستهێنانی مافەکانی بە بنبەست گەیاندووە و ، لە لایەکی دیکەش هەر چەشنە دیفاع یان حزوورێکی چەکداری‌یان بە بیانووی بێ‌بنەمای تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی بە توندی سەرکوت کردووە و ئەمەشیان کردۆتە بیانوو بۆ کوشتار و ماڵوێرانی لە کوردستان‌دا.

ئامانجی حکومەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان‌دا ئەوەیە کورد بە قەدەری بەسەرداسەپاوی‌دا، ڕازی بێ و ئەگەر ملکەچی ئیرادەی زۆردارانەیان نەبێ ئەوە بە توندترین شێوە ڕووبەڕوی کوشتار و ماڵوێرانی دەبێتەوە. خەڵکی مافخوازی کوردستان هەروەک تا ئێستا نیشانیان داوە سەرکوت و کوشتار لە گەیشتن بە مافەکانیان دڵساردیان ناکاتەوە و سوورتر لە جاران لە سەر مافەکانیان پێداگریی دەکەن و وەک مافێکی ڕەوا لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەردەگرن. جێی خۆیەتی بگوترێ کە ئەوە زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانن کە لە هەمبەر ئەو کاولکاری‌یەدا بەرپرسیارن. بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک دێ کە ئیرادەی ئازادیخوازیی و ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان بەسەریان‌دا سەردەکەوێ و بە چۆکیان‌دا دێنێ.

## ڕۆچوونی زەوی لە شاری پاوە قوربانی لێکەوتەوە

دوو کرێکار بە ناوەکانی حەمە ئازیز مەنووچێهری خەڵکی شاری روانسەر و موختار عەزیزی خەڵکی شاری پاوە بە هۆی ڕۆچوونی زەوی لە کاتی کار لە شارەکی خوارووی دەنگ و ڕەنگی شاری پاوە لە ژێر خۆڵدا مانەوە و گیانیان لە دەست دا.


حەمە ئازیز مەنوچێهری کرێکارێکی بە ساڵاچوو بووە و هێز و توانای جەستەیی کاری نەبووە بەڵام لەبەر ناچاری بۆ بژێوی ژیان و بنەماڵە پەنای بردبووە بەر کرێکاری.

سالم مەردی، بەرپرسی ئیدارەی ئاو و ئاوەڕۆی شاری پاوە دەڵێ: «کاری ئەو پڕۆژەیە دراوەتە پەیمانکار و ئەوە پەیمانکارە کە دەبێ وەڵامدەری ئەو ڕووداوە بێ. ئەو دەڵێ هێشتا نازانین کە تاوانباری ئەم ڕووداوە کێیە، ئایا پەیمانکارە کە خاڵە ئەمنیەتییەکانی کاری ڕەچاو نەکردوە یان کرێکارەکان بوون کە ئاگایان لە خۆیان نەبوە.»



جێی بیرهێنانەوەیە کە حەوتووی ڕابردووش بە هۆی ڕۆچوونی زەوی لە کاتی کار کرێکارێک گیانی لە دەست دا.

شایانی باسە بەپێی ئامارەکان ساڵانە نزیک بە ٢ هەزار کەس لە ئێران بە هۆی ڕووداوی کار گیانیان لەدەست دەدەن کە ئەم مەسەلەیەش زیاتر لە کانگا بەردەکانو لەسەر کارەکانی بیناسازی ڕوو دەدەن، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆربەی قوربانیانی ڕووداوی کار بیمەیان نییەو لەلایەن قانوونەوە هیچ پشتیوانییەکیان لێ‌ناکرێ.






ناتەبایی زانکۆ و سیستمی کۆماری ئیسلامی ٥



قاسملوو، ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان ٧



لە یادی دامەزرانی ٣٧ ساڵەی دەنگی حەقبێژی کوردستان‌دا ٧

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان 16th CONGRESS Kurdistan Democratic Party - Iran

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە «بەشی هەشتەم» ٩



ئاورێک لەژیان و خەباتی تێکۆشەر عەبدوڵڵا شەخسە (شەقاز) ١٠

## سکرتێری گشتیو سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە فینلاند لەگەڵ نوێنەرانی پارلمانی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتیی سارا ئیبراهیمی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی فینلاندو وڵات نەهری سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لەو وڵاتە، سەردانی پارلمانی فینلاندیان کردو لەگەڵ نوێنەرانی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەو مافی مرۆڤ لە پارلمانی فینلاند کۆ بوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا "ساتو هاسسی"، پارلمانتاری سەر بە حیزبی سەوزەکانی فینلاندو بەرپرسی گرۆپی گلۆباڵ لە پارلمان و "کاتیا نۆلقی" سکرتێری مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فینلاند پێشوازیان لە وەفدی میوان کرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا وێڕای باس لە بابەتە گشتییەکانو گۆڕینەوەی بیروڕا، دوو ئەنجامی باش وەرگیران. گرۆپی مافی مرۆڤ بەڵێنی دا نامەیەک لە سەر بارۆدوخی نالەباری زیندانیی سیاسی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بنێرێ. هەروەها بە گرینگ زانرا کە زانیاریی زیاتر لە سەر بارۆدوخی کوردستان و ناوچە و پرسی کورد بە پەرلەمانتار و کاربەدەستانی فینلاندی بگەیەندرێ. بۆ ئەم مەبەستە دوو لایەن ڕێککەوتن کە گرووپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فینلاند بە هاوکاری لەگەڵ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە فینلاند لە هەول دا دەبێت بۆ ڕێکخستنی سمینارێک کە نوێنەرانی کورد بە پێی توانا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە فراوانی بەشدار بن و باسی پرسی کورد و کێشەکان لە ناوچە بخەنە ڕوو.



بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان خالید عەزیزی ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لەم سمینارە و پێشکێش کردنی باسێک لە سەر پرسی کورد لە ئێران و باروودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وەفدی خانەخوێ ڕاگەیاند.

**خالید عەزیزی:**

## دەمانەوێ بە «ڕۆژهەڵات تەوەری» ئادرەسێکی بەهێز بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە بە سیاسەتی «ڕۆژهەڵات تەوەری» ئادرەسێکی بەهێز بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

لە سمینارێکدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٩ ی جۆزەردان لە شاری کۆڵنی ئاڵمانو بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو نوێنەرانی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ کاک خالید عەزیزی پێکهاتبوو، بەڕێزیان باسێکی لە ژێر ناوی «چاوخشاندنێک بە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانو ناوچەو جیهان»، پێشکێش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەرەتای باسەکەیدا بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوا و زاڵبوونی کێشەی فەلەستینو ئیسرائیل بەسەر هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گوتی: سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکانی چەند دەیـەی ڕابـردووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو بە هۆی ئەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە هەوڵ بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەییو مەزهەبی خۆیان بدەن. ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەم گۆڕانکارییانەش بە جۆرێک بوو کە هیوایەکی لە لای نەتەوەی کورد دروست کرد کە بیەوێ کێشەی نەتەوەیی خۆی چارەسەر بکاو دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکەمین کۆماری کوردی، هەوڵێک بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی بوو.

کاک خالید عەزیزی لە پیوەندی لەگەڵ کێشەی نەتەوی کورد لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە گوتی: بەخۆشییەوە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەکی زۆر باش کورد لە باشووری کوردستان توانیویەتی سەنگو قورسایی خۆی هەبێو تا ڕادەیـەک بە مافە ڕەواکانی خۆی بگاو، سەربەخۆیی کوردستان وەک ستراتیژییەک بۆ خۆی دەست نیشان بکا.

لە باکووری کوردستانیش کورد توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر باش بە خەباتی پارلەمانیو مەدەنی، چ لە نێوخۆی تورکیەو چ لە دونیای دەرەوە، کێشەی کورد زیاتر بناسێنێو، لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا دەتوانم بڵێم چ دەوڵەتی بەشار ئەسەد یان هەر دەوڵەتێکی تر لە سووریە بێتە سەر کار، چیتر ناتوانێ کێشەی کورد پشت گوێ بخا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە باس کردن لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی: ئەگەرچی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات هەوڵی زۆریـان داوە لە ڕێگای وتووێژ و گرتنەبەری ڕێگای ئاشتییانە کێشەی نەتەوی کورد لەگەڵ ئێراندا چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە چارەسەری ئاشتیانەی بە بنبەست گەیاندووە و شەڕی چەکداریی بە سەر حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورددا سەپاندووە.

بەڕێزیان هەر لەو بەشەی قسەکانیدا گوتی ئێمەش بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆمان شەڕی چەکداریمان کردووەو ئەگەر حیزبی ئێمە ئێستا باس لەوە دەکا کە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران کاری ئێمە نیە، بەو مانایە نیە کە سیاسەتی حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا گۆڕابێ، یان ماهییەتی ڕژیم گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، بەڵکوو دەمانەوێ بە پێداگری لەسەر پرسی پێویستیی وتووێژو بەشداری پێکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە کاری سیاسیو ڕێکخراوەییو کەمتەرخەم نەبوونیان لە ئاستی پرسە نەتەوەییەکاندا و هەروەها خەباتی دیپلۆماسی لە دەرەوە، کۆماری ئیسلامی مەجبوور بکەین بۆ چارەسەریی کێشەکان هەنگاو بنێ.

کاک خالید عەزیزی گوتی: ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر بە دونیای دەرەوە بناسێنین، بۆیە دەتوانم بڵێم کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەوڵی داوە بە سیاسەتی «ڕۆژهەڵات تەوەری» ئادرەسێکی بەهێز بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

بەڕێزیان لە درێژەی ئەو باسەیدا گوتی: کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەو بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵی داوە بە جۆرێک کێشە نێوخۆییەکانی ئێرانو کێشەی کورد لە چاوی میدیاو وڵاتانی دەرەوە بشارێتەوەو پەراوێزی بخاو بەم شێوەیە بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بباتە سەر. لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا کاک خالید عەزیزی هاتە سەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕیفراندۆم وەک مافی ڕەوای گەلی کوردو ڕێکارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و، وەک هەمیشە پشتگیری لە خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکاو سەرکەوتنی ئەوان بە سەرکەوتنی هەموو گەلی کورد دەزانێ.

بەڕێزیان لە پێوەندی لەگەڵ سەردانی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ پارێزگای ورمێ گوتی: سەرۆک کۆماری ئێران لە ڕێگای ڕاوێژکاری خۆیەوە بەڵێنیی خوێندن بە زمانی زگماکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە، لە کاتێکدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە خوێندن بە زمانی یەکگرتووی کوردییەو ئامانجی ڕێژیم لەو بەڵێنە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێو خەڵک دایە.

شایانی باسە لە کۆتایی سیمینارەکەدا بەشدارن بیرو بۆچوونو پرسیارەکانی خۆیانیان لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب هێنایە بەرباس.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارەمین کۆنگرەی ئاڵمان_ ئیسرائیلدا

لەسەر بانگهێشتنی ڕەسمی « کیفا» ، ڕێکخراوی ئاڵمانی ئیسرائیلی، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە خالید حەسەنپور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبو کامران عوسمانپوور، ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی ژوئەن بەشدارییان لە چوارەمین کۆنگرەی ئاڵمان _ ئیسرائیلدا کرد کە لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان بەڕێوەچوو.

لەو کۆنگرەیەدا کە بۆ ماوەی دووڕۆژ بـەردەوام بوو، چەندین کەسایەتیی گرینگی سیاسی، ئاکادمیو هەروەها چالاکی بواری مافی مرۆڤ وتاریان پێشکەش کرد. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا چەند کەسایەتی ناسراوی جیهانی قسەیان کرد کە بریتی بوون لە ڕۆڤێن ڕیڤلین، سەرکۆماری ئیسرائیلو، ئێهوود باراک، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە هەردوکیان لە ڕێگای سکایپەوە بەشدار بوون، وەزیری بەرگری ئیسرائیل، باڵوێزی ئیسرائیل لە ئاڵمان، باڵوێزی ئاڵمان لە ئیسرائیل، شارەداری فرانکفۆرتو، هەیئەتێک لە وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانو چەند کەسایەتیی سیاسیی دیکە.

لە گوتارە گرینگو سەرنجراکێشەکان وتاری وەزیری بەرگری ئیسرائیلو باڵوێزی ئیسرائیل بوون کە جەختیان لەسەر چۆنیەتیی خەبات دژی تیرۆریزمی نێونەتەوییو ئەمنییەتو ئاسایش لە جیهان دەکردەوە.

شایانی باسەکە بەشیکی بەرچاو لە وتاربێژان تیشکیان خستە سەر کاروکردەوەی کۆماری ئیسلامیو لەسەر ئەوە پێداگر بوون کە کۆمەڵگای نێونەتەویی هیچ هیوایەک بە گۆڕانکاری لە ئێراندا نەبەستنو بە هاتنەسەرکاری کەسێکی وەک ڕووحانی هیچ لە کاروکردنەوەی حکومەتی ئیسلامی ئێران ناگۆڕێ. زۆربەی ئەو کەسانەی کە وتاریان پێشکەش کرد، ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیان بە بەسەرچاوەی تێرۆریزم



دایە قەڵەم . شایانی باسە کە ژمارێکی بەرچاو لە کوردەکانی هەر چوارپارچەی کردستان، بە ئاڵای کوردستان و بەجلوبەرگی کوردی بەشداری ئەو کۆنگریە بوون.

لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردا حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی بانگهێشتن کرابوونو لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆنگرەوە داوا لە سکرتێری گشتی حیزب، کاک خالید عەزیزی کرابوو وتارێک پێشکێش بکا، کە بەداخەوە بە هۆی هێندێک گرفتەوە بەڕێزیان نەیتوانی بەشدار بێو لەلایەن پارتی دێموکراتی کوردستانیشەوە کاک سەرۆ قادر بە نوێنەرایەتیی کاک مەسعود بارزانی وتارێکی پێشکێش کرد.

جێگەی ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزب لە پەراوێزی کاری ئەو کۆنگرەیەدا لەگەڵ بەشێک لە کەسایەتییە سیاسیو ناسراوە ئاڵمانی، ئیسرائیلیو کوردستانییەکان دیدارو گفتوگۆی کرد.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی پرسەو سەرەخۆشیی شەهیدانی چەند ڕۆژی ڕابردووی حدکا بوو

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بەشداری لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی شەهیدانی ڕۆژی ٢٦ ی جۆزەردانی ناوچەی شنۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە بنەماڵەو کەسوکارو هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە ڕاگەیاند.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ ی جۆزەردان دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی قەرەسەقەل لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دەرگیر بوونو لە ئاکامی شەڕێکی قورسی چەند سەعاتەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی سپای پاسداران کوژرانو ٦ پێشمەرگەی ئەو حیزبەش بە ناوەکانی کەماڵ خزری، محەممەدخالید پەیغامی، لوقمان شێخانی، جەماڵ ئیسماعیلی، سەلاح نادری و سەید عومەر حوسێنی، بە داخەوە شەهید بوون.

سپای پاسداران لەو شەڕەدا بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشی کردۆتە سەر گوندی قەرەسەقەڵو چەندماڵێکی ئەو گوندەی بە تۆپو خۆمپارەو دواتر بە لۆدێر بەتەواوی خاپوور کردووەو زەرەو زیانی ماڵیی زۆری لە خەڵکی ئەو گوندە



داوە.

پێشتریش دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پەیامێکی هاوخەمیدا بەو بۆنەیە ڕوو بە دەفتەری سیاسیی حدکا ڕایگەیاندبوو کە ئێمە شەهید بوونی پۆلێک لە هاوڕێیانتان بە خەسارێک نەک هەر بۆ ئێوە، بەڵکوو بۆ خۆمانو بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەزانین. بەم بۆنەیەوە بە گەرمی سەرەخۆشی لە ئێوەو هەموو تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانتان دەکەینو هاوخەمیی خۆمانو تێکڕای ڕیزەکانمان بە بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدەکانو خەڵکی دڵسۆزو پێشمەرگە پەروەری ناوچەی شنۆ ڕادەگەیەنین. هەرلەو کاتەشدا وێرانکردنی گوندی «قەرەسەقەل» و دڕندەیی نواندنی هێزەکانی ڕێژیم بەرامبەر دانیشتوانی ئەو دێیە، مەحکووم دەکەین.

## سمیناری سیاسیی کاک مستەفا شەڵماشی لە وڵاتی دانمارک

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، بە مەبەستی تیشک خستنە سەر سیاست و بیروبۆچوون و هاوکات شیکردنەوەی پێویست لە سەر بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبو بردنە سەری ئاستی ئاگایی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی دانمارک سەبارەت بەو پرسانە سمینارێکی بۆ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێک خست.

ئەو سمینارە ڕۆژی شەممە ٢٢ی جۆزەردان لە شاری «گرێوە»ی وڵاتی دانمارک بە ئامادەبوونی ڕادەیەکی بەرچاو لە ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبو نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد.

لە بڕگەی سەرەتای سمینارەکەدا کاک خالید ڕەواندوست، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی دانمارکی حیزب وێڕای بەخێرهێنانی بەشدارانو میوانەکان بۆ ئاشنابوونی زیاتری بەشداران کورتەیەک لە ژیان و خەباتی کاک مستەفا شەڵماشی خوێندەوە. پاشان بەرێز کاک مستەفا لە لێکدانەوەو باسێکی ورد و هەمە لایەنە لە سەر هەلومەرجی سیاسی دونیا بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست و کوردستان بە تایبەتی، ئیشارەی بە شەڕ و ئاڵۆزی و ئەو ئالوگۆڕانە کرد کە ئەگەری ڕودانیان لە ئارادایە. هەروەها باسی لە دەور و ڕۆڵ و نەخشی گەلی کورد و پێشمەرگەی کوردستانی لە هاوکێشە نێودەوڵەتی و کایەی سیاسی و شەڕی دژ بە تێرۆر کە لە ئێستا دا گەورەترین مەترسی بەردەم هەموو دونیا و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانە، کرد و تیشکی خستە سەر زەرورەتی وریایی و یەکگرتوویی هەموو هێز ولایەنە کوردییەکانی چوار پارچەی کوردستان و کەڵکوەرگرتن و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە زێڕینەی بۆ گەلی کورد هاتۆتە پێش.

بەشی کۆتایی سمینارەکە پرسیارو وڵام بوو کە لەو بەشەدا بەشدارانی سمینارەکە سەرنجو تێبینیی خۆیان لەسەر باسەکەی کاک مستەفا شەڵماشی هێنایە گۆڕێ.

درێژە

## بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی بەڕێز!

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایـیدا گرنگییەکی زۆری بە ئامادەبوونی تێکۆشەرانی خۆی لە نێو خەڵکی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان داوەو لەم ڕێگایەشدا قوربانیو تێچووی بەرچاوی پێشکەش کردوە. ئێمە بە باشی هەستمان بەو ڕاستییە کردوە کە بەردەوامیی ئامادەبوونی تێکۆشەرانی ڕۆژهـەڵات لە نێو خەڵکی خۆیانو چوونە سەری توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لە گەڵ پیلانو هێرشو پەلاماری هیزە دڕندەکانی کۆماری ئیسلامیدا، پێویستی بە بەرنامەی هاوبەشو هاوکاریی مەیدانیی هێزە سەرەکییەکانی ئەو بەشەی کوردستان هەیە. لە کەسیش شاراوە نیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەو هێزانەیە. بە باوەڕی ئێمە دوو لایەنی دیموکڕات کە پێشمەرگەکان، تێکۆشەرانو فەرماندەرانیان، ڕابردووی درێژو ئەزموونی هاوبەشیان لە تێکۆشانو چالاکیی پێشمەرگانەو ئامادەبوون لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە، دەتوانن‌و حەق وایە پشت بە پشتی یەکترو لە یەک سەنگەردا، بەرەوڕووی دوژمنی هاوبەش ببنەوە. ئێمە لەوەش دوورتر دەڕوانین. داهاتووی ناڕوونی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پرتێچوو بوونی حوزووری تێکۆشەرانمان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتو، ئەنجامە سیاسی، نیزامیو ئەمنیەتییەکانی ئەم ئەرکە پێویستو گەورەیە، لێمان دەخوازێ کە هەر دوو لامان پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، پتر لە هەموو وەختێکی پێشوو بخەینە دەستووری کارمان. چالاکبوونەوەمان لە هەموو بوارەکان لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات کە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر وەها ئامانجی پیرۆزی بووژاندنەوەی خەباتو بەرخۆدانی حەقخوازانە لەو بەشەی کوردستان، لێمان دەخوازێ بە گیانو ڕوانینو خوێندنەوەیەکی بەرپرسانەتر، قۆڵ لە چارەسەری کەلێنی نێوان دیموکراتەکان هەڵماڵین.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە ئێوە، لە بنەماڵەکانو هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە دەکەین. دڵنیاین کە خەڵکی کوردستان تاوانی ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە ڕۆڵەکانیان لە بیر ناکەنو دەیکەن بە هەوێنی پشتیوانیی زیاتر لەهیزی پێشمەرگە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٨ی ژوئەنی ٢٠١٦**
**٢٩ی جۆزەردانی ١٣٩٥**

## درێژەی چەند کۆبوونەوەیەکی ئێعترازی لە شارەکانی پاوە، سنەو کرماشان

لە شارەکانی سنە، پاوەو کرماشان چەند کۆبوونەوەیەکی کرێکاران لە دژی دواکەوتنی مووچەو حەقدەستەکانیان بەڕێوەچوو.

بەیانیی ڕۆژی شەممە، ٢٩ ی جۆزەردان کۆمەڵێک بازاڕیی شاری پاوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بەوماڵیاتە قورسەی لەو بێ بازاڕییەدا لەسەر نووسراوە، لە ئیدارەی ماڵیات لە شەقامی ئەییوبی کۆبوونەوە. ئەوان داوا دەکەن ئەو ماڵیاتە قورسەیان لەسەر هەڵبگیرێ.

هەمان ڕۆژ بەشێک لە کارمەندو کرێکارەکانی کارخانەی نووشابەسازیی زمزم لە شاری سنەش کە نیزیک ٧ مانگە مووچەو ئیزافەکارییەکانیان نەدراوەتێ، لە شوێنی ئەو کارخانەیە لە ٥ کیلۆمیتریی سنە کۆبوونەوە.

ئەوان دەڵێن ئەگەر مووچە دواکەوتووەکانیان نەدرێتێ ناچارن مان بگرن و نەچنەوە سەرکار.

پۆلێک لە کرێکارانی شیرکەتی موزاییکسازیی «جهان مصالح آذربایجان»



لە شاری سنەش سەبارەت بە نەدرانی ٥ مانگ مووچەو مەزایا کارییەکانیان لە حەوشەی ئەو کارخانەیە کۆبوونەوە.

لە کرماشانیش پۆلێک لە کارمەندو کرێکارەکانی شیرکەتی کارتۆنسازیی "دایکات" کە بیمەی ساڵێکیان تێ نەکراوەو ٣ مانگیشە مووچەیان نەدراوەتێ، لە شوێنی ئەو کارخانەیە کۆبوونەوە.

شایانی باسە لەسەرەتای ئەمساڵەوە بەشێکی زۆر کرێکاران و کارمەندان کارگەو یەکە پیشەسازییەکان و ئیدارە دەوڵەتییەکانیش مووچە و حەقی مانگانەیان نەدراوەتێ و بەشێکی زۆریش لە کرێکارانیش لەسەرکارەکانیان دەرکراون.

## ڕەخنەی نوێنەری مەریوان لە بێبەڵێنیی حەسەن روحانی و پڕۆژە نیوەچڵەکانی پارێزگای سنە

سەرۆکی کۆڕی نوێنەرانی پارێزگای سنە لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ڕەخنەی لە زۆرییپرۆژە نیوەچڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەم پارێزگایە گرت و گوتی خەڵکی سنە هێشتا چاوەڕوانیی بەڵێنییەکانی حەسەن ڕۆحانین کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراون.

مەنسوور مرادی لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیس لە وتاری نێوان دەستووری خۆیدا پەسندکرانی ناوچەی ئازادی تجاریی بانەو مەریوانی بە یەکێک لە داوا جیدیەکان و بە مافی خەڵکی ئەم ناوچەیەی زانی و بە ئەمنیەتی بەردەوامیی سنوورەکانی کوردستانی ناوبرد.

مرادی لە درێژەی قسەکانی خۆیدا ڕوو بە سەرکۆماری گوتی، خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی




سەرکۆماری بەهۆی دروشمەکانی جەنابتان بە تایبەت دوای بەیاننامەی ١٠ مادەیی نەتەوەو مەزهەبەکان دەنگی سەرووی سەدی ٧٠یان پێدای و، بەپێی بەڵێنییەکانت قەراربوو "گرووپی کار" بۆ دواکەوتنەکانی کوردستان لە گەشەو ئاوەدانی و تەرخانکردنی بوودجەی قەڵەمباز بۆ سنە پێک بێنن، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە.

ناوبراو وێڕای هێنانە بەر باسی ئەم بابەتە کە زۆریی پڕۆژە نیوەچڵەکانی ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان، گرفتێکی زۆریان ساز کردوە، گوتی ئەگەرچی ئاماری بێکاریی لاوانی ئەم پارێزگایە زۆر لە سەرێیە، بەڵام بەپێی ڕاگەیاندنی کاربەدەستانی پلەبەرزی پارێزگا لە بەشی ئاوەدان کردنەوەدا ١٥٦٤ پڕۆژەی نیوەتەواو هەیە کە بۆ بە تەواوکردنیان بڕی ٩ هەزار میلیارد تمەن بوودجە پێویستەو بەو کەمە بوودجەیەی ساڵانەی ئەو پارێزگایە، هیچ کام لەم پڕۆژانە بە ئەنجام ناگەن و سێبەری بێبەشی لەسەر ئەم پارێزگایە هەر دەمێنێ.

## فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ زیندانییەکی سیاسیی کورد لە زیندانی ورمێ بەمەبەستی دانانی زۆرەملێ

کامران جەعفەری، زیندانیی سیاسیی کوردی بەندکراو لە زیندانی ورمێ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە فشاری خراوەتە سەر تا لە ڕێگەی دانانی تەلەڤیزیۆنییەوە هاوکاریی ئەوان بکا.

ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە ڕێگەی هەڕەشەو تەماحوەبەرنانەوە لە هەوڵی ئەوەدان کە کامران جەعفەری ناچار بە دانانی زۆرەملێ بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی کەسێکی نیزیک لەو زیندانییە سیاسییە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ئەمساڵ مەئموورە ئەمنیەتییەکان لە دەرەوەی زیندانەوە چوونەتە زیندانی ورمێ و بە پێشنیارو بەڵێنیی جۆراوجۆری وەک ئازادکرانی فشاریان بۆ کامڕان جەعفەری هێناوە تا لە ڕێگەی وتووێژی تەلەڤیزیۆنییەوە هاوکارییان بکا.

ئەم زیندانییە سیاسییە لە کاردانەوە




فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان هەڕەشەی ئەوەی کردوە کە بێتوو ئەم فشارانەی لەسەر هەڵنەگیرێ، مان دەگرێ.

کامران جەعفەری، خەڵکی شاری مەهاباد ساڵی ڕابردوو لە لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ورمێ بە تۆمەتی پێوەندیی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم حوکمی ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپا. ئەم حوکمە لەلای دادگای پێداچوونەوە بۆ ٣ ساڵ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە.

## لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکانی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە ساڵیادی شەهیدبوونی مەنسوور ئاروەندا، ئەمجارەیان لە قەرەمووسالیی بۆکان ڕێز لە یادو بیرەوەریی شەهید مەنسوور ئاروەند نرا

بەپێی هەواڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکڕات بۆ بیرهێنانەوەی فیداکاریو ئازایەتییەکانی شەهید مەنسوور ئاروەند، لە ساڵیادی شەهیدکرانیدا دیوارو شوێنە گشتییەکانی شارەدێی قەرەمووساڵییان بە ناو و وێنەی شەهید مەنسوورو دروشمی تەبلیغیی حیزب ڕازاندەوە.

مەدرەسەی شەو و ڕۆژی، بیمارستان و بێهداریی مەرکەزی، قوتابخانەی ناوەندی، باشگای وەرزشی و نێو شەقام و گەڕەکەکانی شار بەشێک لەو شوێنانە بوون کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە.

لە شاری سەقزی سەربەرزیش تێکۆشەرانی دێموکڕات سەرەڕای کەشی ئەمنیەتی توند بە چالاکیی تەبلیغی بەو بۆنەیە، یادو بیرەوەریی شەهید مەنسوور ئاروەندیان بەرز ڕاگرت.

شەقامی بازاڕ، بەردەرگای قەزاخانە، نێوبازاڕ، گەراجی ڕەشیدخان، کۆڵانی قازاخانە، پاساژی ئەمین، سێڕێیانی مزگەوتی جامیعە بەرەوڕووی سەبتی ئەحواڵ، شەقامی حافز، قوتابخانەی نیلوفەر، شەهرەکی شەریفاوا بەرەوڕووی زانکۆی ئازاد، حەماڵاوا خوار مەدرەسەی ٧ی تیر بەشێک لەو شوێنانە بوون کە بە وێنەی شەهید مەنسوور ئاروەندو دروشم و تراکتی حیزبی ڕازانەوە.



کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە دەسخۆشی لە لاوان و ئەندامانی هەڵسووری حیزب لە کوردستان دەکا کە بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونی مەنسوور ئاروەند، وێڕای نوێکردنەوەی بەڵێن لەگەڵ مەنسوور ئاروەندو هەموو مەنسوورە شەهیدەکانی بزووتنەوەی کورد، دڕیان بە شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمداو بە گەرمی سڵاویان بۆ دەنێرێ.

## ئیتلاعاتی سپای کرماشان حاشا لە گرتنی چالاکێکی سیاسی دەکا

ئیتلاعاتی سپای پاسداران حاشا لە گرتنی چالاکێکی سیاسیی کورد دەکا و ڕێگە بە بنەماڵەکەی نەدا چاویان پێی بکەوێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤی کوردستان، عەلی حەسەن شەمایلی لە سنقوری کولیایی کرماشان کە لە ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی جۆزەردانەوە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کراوە، تا ئێستاش هەر لە ژێر لێکۆڵینەوەی سپای پاسدارانی ئەم شارە دایە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی



شەمایلی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە کە سپا لە بابەت دەستبەسەرکرانی ناوبراو خۆی لە گێلی دەداو ئامادە نییە بە ئاشکرا باس لە گرتنی بکا، بە ناوەندی دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤی کوردستانی ڕاگەیاندوە: حیفازەتی ئیتلاعاتی سپا پێی گوتوون بێتوو ناوبراو دەستبەسەر کرابێ، بە دڵنیاییەوە دەبێ بەدژی ئەمنیەتی میللی جووڵابێتەوە.

شەمایلی یەکێک لە چالاکانی سیاسیی ڕیفۆرمخوازی خەڵکی شاری کرماشانە. ناوبراو کە پێشتریش پێشینەی دەستبەسەرکرانی هەبووە، کارناسی کۆمەڵناسی و لە ڕیزی ئەم چالاکانەیە کە لە ڕۆژنامەکانی ڕیفۆرمخوازاندا، کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەگرانەی بڵاو کردۆتەوە و چەند حەوتوو لەمەوبەر لە وتارێکدا ڕەخنەی لە بەشداریی سپای پاسداران لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا گرتبوو.

## ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددەی هۆشبەر دەڵێ: سنە ٢٠ هەزار موعتادی هەیە

ستادی بەبەرەکانی لەگەڵ ماددەی هۆشبەری پارێزگای سنە دەڵێ ئەو پارێزگایە هەرنەبێ ٢٠ هەزار موعتادی هەیە.

سەلیم کەریمی لە پرێسکۆنفرانسێکدا وێڕای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە گوتی کە سەدی ٧٠ خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی پارێزگای سنە پێوەندییان بە ماددەی هۆشبەرەوە هەیە کە بنەماڵەکانی بە تەواوی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە.

ئەو دەڵێ لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا بڕی ئەو ماددە هۆشبەرەی دەستی بەسەردا گیراوە لە چاو ماوەی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو سەدی ٢٠ زیادی کردوەو هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەش کە لەو پێوەندییەدا دەسبەسەر کراون سەدی ٧ زیاتر بوون.

لەو پرێس کۆنفرانسەدا کەریمی ڕەخنەی لە میدیاکان و بەشی ڕاگەیاندن لە پارێزگای سنە گرت کە وەک پێویست کار لەسەر پرسی وریاکردنەوەو ڕووماڵی باسەکانی پێوەندیدار



بە مادەی هۆشبەرو قەیرانی ئێعتیاد ناکەن.

ئەو لە درێژەدا گوتی لە ئێستادا نیزیک بە ٤٥٠ جۆر ماددەی هۆشبەری سەنعەتی لە بازاڕەکان کراون و خەڵک دەبێ لەو مەترسییانە ئاگادار بکرێن.

شایانی باسە پێشتر عەلیرەزا جەزینی، قایمقامی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادەی هۆشبەر لە ئێران ڕایگەیاندبوو کە لە ساڵدا هەر نەبێ ٨٠ تۆن ماددەی هۆشبەری سەنعەتی لەلایەن توشبووانەوە بەکار دەهێندرێ.

## زنجیرەیەکی ناڕەزایەتی دەربڕین لە شارەکانی ئیلام، نەغەدە، ورمێ و کرماشان

خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیی کرێکاران و کاسبکارانی بازاڕ لە بابەت پێ نەدرانی مووچە و هەقدەستەکانیان و فشاری ماڵیات، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەردەوامە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی کوردستان و کورد دووکاندارانی شارەکانی نەغەدە و ورمێ بە نیسبەت فشاری ماڵیاتی مانیان گرتووە و لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا لە بەردەم بینای پارێزگاری کۆ بوونەوە.

ئەم کاسبکارانە لە کۆبونەوەی خۆیاندا ڕایانگەیاندوە کە لە مانگی ڕەمەزاندا بارودۆخی بازاڕ زۆر کز و نالەبارەو داهاتی دووکاندارەکان لەم مانگەدا سیفر دەبێتەوە. لەم بارودۆخەشدا ئیدارەی ماڵیات فشاریان بۆ دێنێ و هەڕەشەیان لێ دەکا کە بێتوو ماڵیات نەدەن لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەم کاسبکارانە پێداگرییان کردووە کە بێتوو فشاری ماڵیاتیان لەسەر لانەبەن، بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین دووکانەکانیان دادەخەن.

لە لایەکی دیکەشەوە سەر لە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی جۆزەردان کۆمەڵێک لە شۆفیرەکانی یەکەی ئوتوبووسرانیی ئیلام، بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە پێ نەدرانی مووچەی ٦ مانگی خۆیان لە بەردەم ڕێکخراوی ئوتوبووسرانیی شیرکەتی واحیدی ئیلام کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان وەڕێ خست و داوای مافەکانی خۆیان کرد.

هەر لە هەمان ڕۆژدا کۆمەڵێک لە پێرسۆنێلی شیرکەتی ئیدارەی وەرزشی ئیلام کە هەر کامیان ماوەی ٣ تا ٥ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، لە شوێنی ئەم ئیدارەیە لە شەقامی حەیدەری، کۆبوونەوەو داوای وەرگرتنی مووچەی دواکەوتووی خۆیان کرد.

بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەش، ٢٢ کەس لە کرێکارانی شیرکەتی و گرێبەستی شیرکەتی موخابراتی شاری ئیلام، بۆ نیشاندانی تووڕەیی و ناڕەزایەتی لە هەمبەر وەرنەگرتنی مووچەی ٤ مانگ و حەقی پاداشی



خۆیان لەبەردەم ناوەندی مخابرات لە شەقامی حەیدەری کۆبوونەوە و خوازیاری دەستەبەر کرانی مافەکانیان بوون.

لە کرماشانیش کۆمەڵێک لە ژینگەپارێزان بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین لە بابەت گرفتی ژینگەپارێزیی بەهۆی پیس بوونی کەش و هەواو خۆڵبارین لە بەردەم ئیدارەی ژینگەپارێزیی کرماشان لە بلواری بەهەشتی خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست.

ئەم ژینگەپارێزانە وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بابەت خەمساردیی کاربەدەستانی حکوومەت بۆ چارەسەری قەیرانی پیس بوونی هەوا و خۆڵبارین، خوازیاری پێ ڕاگەیشتنی کاربەدەستان بەم گرفتە جیددییەی خەڵک بوون.

## بێکاری لە گیلانی غەرب لە سەدی ٥٠ی تێپەڕی

گیلانی غەرب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پلەی یەکەمی بێکارترین شار لە ئاستی ئێراندا جێی گرتووە.

بەپێی قسەی کاربەدەستانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نرخی بێکاری لە گیلانی غەرب لە سەدی ٥٠ تێپەریوە.

شاری گیلانی غەرب لە ڕۆژاوای پارێزگای کرماشان هەڵکەوتووەو زۆربەی خەڵکی ئەم شارە لە هۆزی کەلهوڕ و لە ڕێڕەوانی ئایینی یاریین.

ئابووریناسانی دەڵێن گیلانی غەرب بەستینی زۆر لەباری بە گەشەی ئابووری هەیەو، وەک نموونە ئاماژە بە هێڵی لوولەکانی گازی مێتان، بازاڕچەی سنووری، پاشەکەوتی ١١ میلیۆن تۆن کانگاکانی وەک قیری سروشتی، گەچ، ئاهەک، بەرد و بەردەڕەژی دەکەن و دەڵێن بوونی بەنداوەکانی زاگرۆس و شەڕەف شا و سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان، باغداری و کەشاوەرزی هەلی باش بۆ پەرەپێدان و گەشەی ئابووری ئەو شارە دەخوڵقێنن، بەڵام لاوازیی ژێرخانی ئابووری و دەست و پێگری بوروکراسیی ئیدارەی و ڕوانگەی ئەمنیەتیی کاربەدەستانی دەوڵەت، سەرمایەدانی کەرتی تایبەت لەم شارەی بەگشتی دواخستوە.

بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت لە ساڵی ٩٤ داهاتی ساڵانە خەڵکی کوردستان لە نێونجیی ئێران زۆر لە خوارترە. بەپێی ئەم ئامارە لە ساڵی ٨٤داهاتی ساڵانە خەڵکی کوردستان نزیک بە یەک میلیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن بووە، ئەمە لە حاڵێک دایە کە نێونجیی داهاتی سەرانەی میللی نزیک بە ٣ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار تمەن بووە لەم ماوەیەدا.

## هاشمی ڕەفسەنجانی دەڵێ دوو کەسیان بۆ جێگرتنەوەی خامنەیی دەستنیشان کردوە

عەلی ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی کۆڕی گشتیی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام دەڵێ مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بە نهێنی دوو کەسی بۆ ڕێبەریی داهاتووی ئێران دەستنیشان کردوە.
ئەم قسانەی ڕەفسەنجانی لە حاڵێک دایە کە پێشتریش شک و گومان لە بابەت بارودۆخی جەستەیی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدا بووە و ئەم گومانانە پاش نەشتەرگەریی ساڵی ڕابردووی خامنەیی زۆرتر بوون. تەنانەت بۆخۆشی بۆ یەکەم جار گوتی ئەرکی ئەم دەورەیەی مەجلیسی خوبرەگان لەوانەیە ئەوە



بێ کە خۆیان بۆ هەڵبژادرنی ڕێبەریی داهاتوو ئامادە بکەن.
ڕەفسەنجانی لە لیدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی قانوون چاپی تاران کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردادنا بڵاو کرایەوە، گوتی: بەپێی ئاییننامەی نێوخۆیی مەجلیسی خوبرەگان، هەیئەتی سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنێکی بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەریی داهاتوو هەیە و ئەم کۆمیسیۆنە لە قۆناغی پاش دانووستان لەگەڵ کۆمەڵێکی چەند سەد کەسی، بە شێوەی نهێنی ٢ کەسی پێ ناساندوون.
پێنجەمین خولی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری لەو کاتەوە گرینگی پێ دراوە کە بەپێی پێشبینییەکان ئەگەری هەڵبژاردنی جێگری خامنەیی وەک ڕێبەری داهاتووی کۆماری ئیسلامی، لەم خولەی مەجلیسی خوبرەگاندا زۆرتر بووە

## ڕەشبینیی سەدی ٦٥ی خوێندکاران به نیسبەت داهاتووی خۆیان

جێگری خوێندکارانی نێوخۆیی لە ڕێکخراوی کاروباری خوێندکارانی وەزارەتی زانستەکان دەڵێ سەدی ٦٥ی خوێندکاران بە نیسبەت داهاتووی خۆیان ڕەشبینن.
سەید ئەبولحەسەن ڕیازی دەڵێ: لە پێوەندی لەگەڵ دوورەدیمەن‌و ڕوانینی خوێندکاران لە بابەت داهاتووی خۆیان، بارودۆخێکی باش نابیندرێ‌و زۆرترین نیگەرانیش لە بابەت هیوا بە داهاتوو و مەسەلەی کار و شوغڵ لە نێو خوێندکاران‌دا بەرچاو دەکەوێ.
ماوەیەک لەمەوبەر موجتەبا سەدیقی، سەرۆکی ڕێکخراوی کاروباری خوێندکاران گوتبووی خوێندکاران لە ئێران هیچ هیوایەکیان بە داهاتوو نییە، لە بواری کار و شوغڵەوە داڵغەی زۆریان هەیەو هەروەها بۆ پڕ کردنەوەی کاتی بێکاریی خۆشیان هیچ بەرنامەیکیان نییە.
ساڵی ڕابردووش هەواڵی خۆکوژیی چەند خوێندکارێکی ئێرانی بڵاو کرایەوە. بەپێی لێکدانەوەی دەفتەری ڕاوێژکاری وەزارەتی زانستەکان، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خۆکووژی دووهەمین هۆکاری سەرەکیی مردنی خوێندکارانی ئێران بووە.



بەپێی لێکۆڵینەوەیک کە لە نێوان ساڵانی ٧٧ تا ٨٣ لەم بوارەوە کراوە، دەرکەوتوە کە پاش ڕووداوی هاتوچۆ، خۆکوژی دووهەمین هۆکاری مردنی خوێندکاران لە ئێران بووە.
فەراهانی، جێگری خوێندکاری _ فەرهەنگیی وەزیری بێهداشت لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ڕابردوودا ڕایگەیاندبوو بەپێی ئەم ئامارەی کە لە سەر خەمۆکیی خوێندکاران ئامادە کراوە، ئاشکرا بووە کە خەمۆکی لەنێو خوێندکاران‌دا پەرەی سەندووەو ڕێژەی خۆکوژییەکان بەهۆی خەمۆکی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێ.
بە قسەی سەرۆکی حیراسەتی گشتیی وەزارەتی زانستەکان، لە هەر ٢٨ حاڵەتی خۆکوژیی خوێندکاران لە ئێران، ٧ حاڵەتی پێوەندی بە کوڕەکان‌و، ٢١ حاڵەتیش پێوەندی بە کچانی خوێندکارەوە بووە

## ونبوونی ١٧ پەروەندەی گەندەڵی لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران

نوێنەرێکی مەجلیسی شوورای ئێران، باسی لە بێسەروشوێن بوونی ١٧ پەروەندەی گەندەڵی کردوە کە لەم مەجلیسەدا خەریکی تاوتوێ کردنیان بوون.
حەسەن نەورۆزی، نوێنەری شاری ڕێبات کەریم لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران حەوتووی ڕابردوو بە نیسبەت ونبوونی چەندین پەروەندەی گەندەڵیی کاربەدەستانی وریا کردبۆوە.
نەورۆزی لە مەجلیسی شووڕادا ڕایگەیاندبوو کە، ئێمە بەردەوام باس لە گەشەی ئابووری دەکەین بەڵام هیچ بەرنامەیەکمان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئابووری نییە کە ئەم وڵاتەی تووشی قەیران کردوە، نموونەکەشی ونبوونی ١٧ پەروەندەی گەندەڵی لە مەجلیسی هەشتەم دایە کە ئێستا هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەماوە، من دەمهەوێ ٢ نموونە لەم پەروەندانەم پێ بدەنەوە تا بۆ جارێکی دیکە چاویان پێدا بخشێنمەوە، بەڵام ئەم هەلەم بۆ نارەخسێنن.
ئەم نوێنەرەی مەجلیس کە ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەسڵی ٩٠ی مەجلیسی هەشتەمیش بوو، لە لیدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی ئێران گوتوویەتی: "ساڵی ٨٩ لە کۆمیسیۆنی ئەسڵی ٩٠دا گەلێک پەروەندە لە بابەت گەندەڵییە ئابووری و ماڵی و ئیدارییەکان هاتنە گۆڕێ کە هێندێکیان هەر ئەو کات داخران و هێندێکی دیکەش پاش کۆتایی کاری مەجلیس هەر لە کۆمیسیۆن مانەوە تا مەجلیسی نۆیەم پێیان ڕابگا.
ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا گوتوویەتی: بەم حاڵەش لە خولی دواتردا من نەمتوانی بچم بۆ مەجلیس، بەڵام هەواڵنێرەکان بۆ وەدەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە هێندێک لە پەروەندەکانی گەندەڵی بە بەردەوامی پێوەندییان بە منەوە دەگرت، پاش ئەوەی کە بە شوێن ئەم پەروەندانەدا گەڕام بۆم دەرکەوت کە هیچ سەروسۆراغێک لەم ١٧



پەروەندەیە نەماوە و کەس نازانێ چیان بەسەر هاتووە.
ئەم نوێنەرەی مەجلیس وەک نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم پەروەندانە ئاماژەی بە پەروەندەی ٣ هەزار میلیاردی و لادان و سەرپێچییەکانی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی و بازاڕی دراو و بابەک زەنجانی و پەروەندەکانی دیکەی گەندەڵی کردووە کە لە ماوەی سەرکۆمار بوونی ئەحمەدینژاددا ڕوویان داوە و ناوبراوی وەک ڕێچکەشکێنی دەوڵەتەکانی دیکە لە بابەت سەرهەڵدانی ئەم گشتە گەندەڵی و لادانە ناساندووە.
بە شێوەیەک کە پلەبەرزترین کاربەدەستێکیش کە تا ئێستا بە تاوانی گەندەڵی گیراوە هەر پێوەندی بە ئەم خولە و جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئەو کاتی ئێرانەوە هەبووە. جگە لەوەش پەروەندەی حەمید بەقایی، یەکێکی دیکە لە جێگرەکانی دەوڵەتی پێشووی ئێران لە لایی دەزگای قەزایی هەر وەک خۆی ماوەتەوە

## ٢٧٠ نوێنەری پاڕلمانی ئوورووپا داوای باشبوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکەن

٢٧٠نوێنەری پاڕلمانی ئوورووپا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوایان لە وڵاتانی ئەندام لەو یەکیەتییە کردوە کە پەرەدان بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بە باشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە ببەستنەوە.
ئەو نوێنەرانەی پاڕلمانی ئوورووپا بە ئاماژە بە ئاماری زۆری ئێعدامەکان و هەروەها بەردەوامیی سەرکوتی کەمایەتییەکانی ئایینی‌و نەتەوەیی و بێبەشکردنی ژنان لە مافەکانیان دەڵێن، بارودوخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر لە جاران بووە.



لەو بەیاننامەیەدا ڕەخنە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامیش گیراوەو لەو بەشەدا هاتوە کە شوڕای نیگابان لەسەر ئەمری خامنەیی هەزاران پاڵیوراویان ڕەت کردەوە لە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان‌دا بێبەشیان کردن.
ئەو ٢٧٠ نوێنەرەی پاڕلمانی ئوورووپا هەروەها ئاماژەیان بە پشتیوانیی ئێران لە بەشار ئەسەدو گرووپە تێرۆریستییەکان کردوەو نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بەو وەزعە دەربڕیوە.

## کوژراوانی سپای پاسداران لە سووریە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا لە ٥٠ کەس تێپەڕی

ڕۆژی سێشەممە ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی هەواڵی کوژرانی ٩ کەسی دیکە لە ئەندامانی سپای پاسداران‌یان لە وڵاتی سووریە بڵاوکردەوە. بەم جۆرە ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کە بۆ شەڕی سووریە بەڕێ کراون‌و لەوێ تێداچوون، لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا گەیشتە ٥٠ کەس.
لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا پاسدار عەینوڵڵا تەوریزی، جێگری پێشووی فەرماندەی سپای پاسداران لە مازەندەران گوتی لە ماوەی



٤ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ١٢٠٠ پاسدار و بەسیج لە هێزەکانی سپای قودس لە سووریە کوژراون، هەڵبەت چاودێران‌و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە ڕێژەی کوژراوانی ڕێژیم لەم وڵاتە زیاتر مەزندە دەکەن.
شایانی باسە زۆربەی کوژراوانی سپای قودسی کۆماری ئیسلامیی ئێران جیا لە هێزە ئێرانیەکانی سپا، لە ئەفغانی، عێراقی و پاکستانی‌یەکان پێک هاتوون

## جێگری سەرکۆماری ئێران: کەس توانای بەدواداچوون بۆ پرسی قاچاغی کاڵای نییە

ئیسحاق جەناهگیری، جێگری یەکەمی سەرکۆمار دەڵێ هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی ناتوانێ بە گژ پرسی قاچاق لە ئێران‌دا بچێتەوە.
ئیسحاق جەهانگیری یەکەم کاربەدەستی دەوڵەت نییە کە باس لە قاچاغی سیستماتیک لە ئێران‌و دەستەوەستانیی ناوەندە حکومەتییەکان بۆ بەگژداچوونەوەی دەکا.مانگی ڕابردووش پێشتریش حوسێن ئەشتەری، فەرماندەی هێزە ئینتیزامییەکانی ئێران گوتبووی کە بەشی هەرە زۆری قاچاغی کاڵا لەلایەن هەندێ ناوەندی ئەمنیەتی ڕێکدەخرێ. عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شوڕای ئیسلامیی ئێرانیش دەڵێ بڕی قاچاغ لە ئێران ٢٠ میلیارد دۆلارەو دیارە کە ئەوە سیستمێکی کە پشتە.
حەبیبوڵڵا حەقیقی، سەرۆکی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغو دراو دەڵێ بڕی قاچاغی سیستماتیک لە ئێران لە ساڵی ٩٢ دا دەورووبەری ٢٠ میلیاد دۆلار بووە کە دەکاتە دوو ئەوەندەی بودجەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات.
سەعیدی لەیلاز، ڕۆژنامەنووس‌و کارناسی کاروباری ئابووریی ئێران دەڵێ ئازادکردنی ئابووری، سڕینەوەی بۆڕۆکراسییەکان، کەمکردنەوەی بارستایی دەوڵەت‌و دابەزاندنی تەعرەفەکانی گومرک بەشێک لە ڕێگاچارەکانی بەرەنگاربوونەوەی سیستماتیکی قاچاغە کە تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک لە ئێران بەلایدا نەچووە. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن بایەخی قاچاغی کەلوپەلی نێوماڵ لە ئێران لە ساڵدا لە ٢٠ میلیارد دۆلار زیاترەو،



قاچاغی دەرمان، ماشێنی لوکس‌و سووتەمەنیش خۆی لە ١٦ میلیارد دۆلار دەدا.
شایانی باسە لە ساڵدا هاوردەی زیاتر لە ٣٦ میلیارد دۆلار کاڵا لە حاڵێک دایە کە ڕۆژانە لە کوردستان کاروانچیی داماو کە بەهۆی بێکاری بە ناچار ڕووی کاروان‌و کۆڵبەری کردوە، لە سەر کۆڵەبارێک دەدرێتە بەر دەستڕێژو گیانی لێ دەستێندرێ

## نیزامی بانکیی ئێران وەرشکەست بووە

ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس دەڵێ چالاکیی بانکەکانی ئێران ڕاوەستاوە، بەڵام بانکەکان پێیان خۆش نییە ئەوەیان لێ لە هەڵلا بدرێ.
ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک باسی لە ڕاوەستان‌و ڕاگیرانی چالاکییەکانی بەشێک لە نیزامی بانکیی ئێران داوە. ئەو ناوەندە ئەگەر بە ئاشکرا باس لە هەرەسهێنانی بانکەکان ناکا، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا هێناویەتی کە «زۆر جار ڕاوەستانی نەغدینەیی بۆ بانکەکان هاتۆتە پێش، بەڵام لەبەر قەرزکردن لە بانکی ناوەندی سەرەڕای نرخی زۆری ڕێگری لە لەقاودرانی ئەوە گیراوە.»
ئەو ڕاپۆرتە هەروەها پەڕژاوەتەوە سەر ئەوەی قەرزە دواکەوتووەکانی بانکەکان لە سەرمایەی بانکەکان زیاترەو لەو نێوەدا دەوڵەت وەک گەورەترین لایەنی قەرزدار بە نیزامی بانکی ناسێندراوە.
ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ بڕی قەرزە دواکەوتووەکانی بانکەکان هەتا نیوەی ساڵی ڕابردوو ٧٧٠ هەزار میلیارد تمەن بووە.١١٠



هەزار میلیارد تمەن لەوەندە قەرزی بانکەکان لەسەر دەوڵەت بووەو ٦٦٠ هەزار میلیارد تمەنیش پێوەندیی بە قەرزی بانکەکان لەسەر کەرتی تایبەت بووە.
بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە حاڵێک دایە کە گەڵاڵەی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی مەجلیسی نۆیەم بۆ چاکسازی لە نیزامی بانکی لە دەستوری کاری مەجلیس وەلانراو، دەوڵەت ڕایگەیاند کە درێژە بە کەمکردنەوەی سوودی بانکی دەدا.

# ناتەبایی زانکۆ و سیستمی کۆماری ئیسلامی



تەها ڕەحیمی

سیستمی سیاسی ئێران پاش هاتنەسەرکاری حەسەنی رووحانی زیاترین گەنگەشە و کەلێنی دەباڵ خۆدا، بەخۆوە بینیوە. رکەبەریی لایەنەکانی دەسەڵاتبەدەستی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێک قووڵ بۆتەوە کە خامنەیی و رووحانی کە ئیدیعای بان بەرەیی (فراجناحی) بوون دەکەن لەسەر زۆربەی پرس و کێشەکان لێدوانی دژبەیەکیان داوە و کەلێنی قووڵی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی پاوانخوازیی دەسەڵاتیان لە ئێران بە چەشنێک دەرخستوە کە بەکردەوە هێزی حکوومەتدار بە سەر دوو جەمسەردا دابەش بووە.

خامنەیی ماوەیەکە گفت و لفتی زیاتر شێوەیەکی ئامۆژگاریکارانە و وەسێت شێوەی بەخۆوە گرتوە و حوکمی حکوومەتییەکانی راستەوخۆ دەرنابڕێ، هەتا گۆپاڵبەدەستانی سەر بەرەی ئوسولگەرا بتوانن لە قۆناخ و رەوشی جیاوازدا لێکدانەوەی شیاو و گونجاوی بەرژەوەندییەکانی خۆیانی لێ هەڵبێنجن، چونکی لە چەند لێدوان و چرا سەوزی دوایی خامنەییدا کە هێرش و داگیرکردنی باڵویزخانەکانی بریتانیا و ئەرەبستانی لێکەوتەوە، بەرەی بنئاژۆخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تووشی حەبەسان هات. هەروەها خامنەیی کە بەهۆی نەخۆشیی و بەساڵاچوویی ئەگەری مردنی لە هەر کات و ساتێکدا هەیە، دەیەوێ بەو چەشنە لێدوانە رێنوێنییکەرانە و دڵسۆزیی نوینانە، دوای مردنی پیرۆزییەت بە وتەکانی ببەخشێ هەتا سەرچاوەیەکی هەرمان بن بۆ ئەو رەوتەی خۆی هەوڵ دەدا بە سەر رەوتەکانی دیکەی بازنەی دەسەڵاتیدا بسەپێنێ.

یەکێک لەو مژارانەی ماوەیەکە بۆتە پرسی جێی شەڕەدندووکەی خامنەیی و رووحانی پرسی پەروەردە و خویندنی زمانی بێگانە و، بەگشتی چۆنێتی روانین لە زانکۆ و کۆنترۆڵی ئەو بەشە ئەکتیڤ و زیندووەی کۆمەڵگەیە، کە بە هەق دەبێ بوترێ ژینگەی زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران، بە یەکێک لە پوتانسییەلە بەهێزەکانی کۆمەڵگەی ئێران سەیر دەکرێ وخاوەن مێژوو و بەرهەمی فیکریی سەرەتای سەدەی بیستەمە، هەر بۆیەشە سیستمی ویلایەتی فەقیهـ لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە، لە ژێر ناو و بیانووی جۆراوجۆردا هەوڵی کاناڵیزەی زانکۆی بە بواری تئۆریک و پراکتیکەوە داوە.

شۆڕشی فەرهەنگی، کە راماڵینی کۆمەڵە مامۆستا و فێرکاری لێزان و هەروەها هەڵپاچ و داپاچی سەروگوێی چەند لکی زانستی زانکۆی گرتەوە، دەسپێکی کۆمەڵێک رووداو و گۆڕانکاریی بوون کە لە ژێر ناوی بە ئیسلامی کردنی زانکۆدا هاتە گۆڕێ و ئامانجی بە ئایدیۆلۆژیک کردن و کوشتنی زانکۆ لە بواری هزرییەوە بوو، کە دواتریش بە بیانووی لێک گرێدانی زانکۆی حەوزەی عیلمییە قوم ئەنجومەنێک پێکهات. چونکی بەر لەو گەمەیەی تالانبەرانی شۆڕش، زانکۆکان گرنگترین ناوەندی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوون. فەرمانی خومەینی بۆ دەستەچن کردن و یەکدەستکردنی زانکۆکان توندوتیژی لێکەوتەوە و تەنانەت نزیک بە دوو ساڵ دەرکی زانکۆ گاڵە دران. هەموو ئەو هەوڵانەی سیستم بۆ پەسیڤ کردنی هێزی لاو و بەگوڕی زانکۆ و، پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی گوێڕایەڵ و پابەند بە بنەما سەدە ناڤینییەکانی ویلایەتی فەقیهـ ئەنجام دران. تەنانەت دوای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و ئێراقیش، هەموو ساڵێ بەشێکی زۆر لە قوتابییەکانی قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە ژێر ناوی «راهیان نور» دەنێردرێنە شوێن و ئەو شەڕگانەی هەزاران هەزاری کەسی لەپێناو هەناردەی شۆڕشدا تێیدا فەوتان و بەم چەشنە دەیانهەوێ لە سەرەتای بیچم گرتنی کەسایەتی تاکەکان، بەریانی و سەمپاتی ئیدیۆلۆژیکی لە ناخدا بچێنن. ئەگەرچی ساڵ نەبووە لەم سۆنگەیەداو، لە رێگەی هاتووچۆدا بە هۆی خراپی کەرەسەی گواستنەوە و رێگەبان چەندین منداڵ گیانیان لە دەست نەدەن.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەش رێبەرانی سیستم قەت دڵیان لە زانکۆ و سیستمی پەروەردە ئاوی نەخواردۆتەوە و، تەنانەت لە سەردەمی خاتەمیشدا کە



> **زانکۆ و توێژی سەر بە زانکۆ نیشانی داوە سەرەڕای زەبروزەنگ و دەرکردن و هەڵاواردن و تەواوی هەوڵەکانی ڕێژیم، هێشتا ناوەندێکی گرنگی هزری کۆمەڵگەیە و، لە ناڕەزایەتی و ڕووداوە ساسیی و کۆمەلایەتی و رووناکبرییەکاندا نیشانی داوە لە هەناسەکێشان نەکەوتوە، هەر بۆیە ئێستاش گەورەترین دەسەڵاتبەدەستی ئێران بە شک و گومانەوە لێی دەڕوانێ**

هەنووکە ریفۆرمخوازان وەک سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناوی دەهێنن، رووداوەکانی «کوی دانشگاه» وەبیرهێنەرەوەی کارەساتگەلێکن تاڵ و بەئازار، کە بە هیچ جۆرێک قەرەبوو ناکرێنەوە. باندی رێبەری و رەوت و لایەنەکانی سەر بەو باندە، زۆر جاران بە بیانووی پڕوپووچ هێرشیان کردۆتە سەر شێوەی وانە وتنەوە و لکە زانستی و فیکرییەکانی زانکۆ و، تەنانەت خامنەیی لە چەند ساڵی رابردوودا بە بیانووی دژی ئیسلام بوون، داوای لابردن و دەسکاریی هەندێک بەشی زانستی و فەلسەفی و ... زانکۆکان کرد و پێداگرانە چەند جار لە کۆڕوکۆبوونەوەکان دووپاتی کردەوە. دوایین لێدوانی خامنەیی لەسەر ئەوەی نابێ رێگە بدرێ زانکۆ ببێ بە شوێنی دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئیران و بەها و بایەخەکانی ئەو سیستمە، نیشاندەری شکستی هەموو پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نەزۆک کردنی زانکۆ و لەباربردنی بەرهەمی پەروەردەیە، هەرچەند لەسایەسەری ئەو حکوومەتەوە بە شێوەیەکی سەقەت و پاشڤەڕۆیانە و دوور لە ستانداردە نێونەتەوەییەکان بە خەڵکی ئێران دەگا. بەڵام زانکۆ و توێژی سەر بە زانکۆ نیشانی داوە سەرەڕای زەبروزەنگ و دەرکردن و هەڵاواردن و تەواوی هەوڵەکانی ڕێژیم، هێشتا ناوەندێکی گرنگی هزری کۆمەڵگەیە و، لە ناڕەزایەتی و رووداوە ساسیی و کۆمەلایەتی و رووناکبرییەکاندا نیشانی داوە لە هەناسەکێشان نەکەوتوە، هەر بۆیە ئێستاش گەورەترین دەسەڵاتبەدەستی ئێران بە شک و گومانەوە لێی دەڕوانێ. ئەگەرچی رەنگە ئەمە ئامۆژگاری و لێدوانانە بەشێک بن لە برگەکانی رقەبەرایەتی سیاسی نێوان دوو رەوتەکەی نێو دەسەڵات بێ، بەلام دیسانیش دەبێ بزانین هەرتک لایەن هەمیشە لە خووگەملێی خۆیاندا، ناوەندە ئەکتیڤ و جێگەی مەترسییەکانیان کردۆتە ئامانج و ویستوویانە بە بەردێک چەند کێڵان بشکێنن. بەڵام ئایا حکومەتێک کە چەند دەیە نەیتوانیبێ بە دەرکردن و بێبەریی لە خوێندن و دەرپەڕاندنی هەزاران زانا و خوێندکار و قرتاندن و بەلاڕێدا بردنی مژارە زانستی و هزرییەکان خوێنی ئەو دامودەزگەیە لە گەڕان بخا؟، هەنووکەش بە دەرکردنی کەسانێکی دیکە لە ژێر ناوی پیلان و دزەی دوژمن، خەونی کەوی کردنی زانکۆ و ژینگەی پەروەردەیی وڵات ببینێ؟!



## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا



تاهیر قاسمی

### کەبوودوەند و گەڕاندنەوەی باوەڕ بە هێزی خۆ

رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا پڕ رووداو و لە خەباتدا ئەکتیڤ بوو. لە دوو حەوتووی رابردوودا دڵی خەباتی رۆژهەڵات جارێکی دیکە لە زیندانەوە کەوتەوە لێدان. محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دژ بە پیلانی دەزگا ئەمنیەتی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی بەندکرانی، دەستی دایە مانگرتنێکی بێ سنوور. ئەوەش شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی، وەرێخستنی خۆپێشاندان و کەمپەین، گوشاری ناوەندە سیاسی و رێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، نووسینی نامەی ناڕەزایەتی لە لایەن چالاکانی ناوخۆ و مانگرتنی دیکەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی رەژیم و هەروەها مانگرتن لە بەردەم ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتانی رۆژئاوای لێ کەوتەوە. دوا جاریش بەرامبەر بەو شەپۆلە بەرینەی ناڕەزایەتیی چالاکانی کورد، دەسەڵات ناچار بوو لە پیلانەکەی پاشەکشە بکا و تەنانەت دوای ماوەیەکی زۆر، کەبوودوەند توانی بۆ ماوەی چوار رۆژ لە زیندان بێتە دەر و سەردانی بنەماڵەکەی بکا.

مانگرتنی کەبوودوەند ئەگەر جارێکی دیکە لە زیندانەوە دڵی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستانی خستەوە لێدان، نیشانی دا کە رۆژهەڵاتیەکان ئەو هێزەیان هەیە کە نەک هەر لە رێگای شەڕ و خەباتی چەکداری بەڵکو بە یەکگرتوبوون، بە دیپلۆماسی و بە ناڕەزایەتیی مەدەنی لە ناوخۆو دەرەوە پاشەکشە بە دەسەڵات بکەن و باوەڕیان بە هێزی یەکگرتووی خۆیان بێ.

### شەڕو تێکهەڵچوونی دەستەیەک پێشمەرگەی حدکاو سپای پاسداران لە ناوچەی شنۆ

لە ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حدکا لەگەڵ هێزەکانی سپای پاسداران ژمارەیەک جاش و چەکداری سپا کوژران.

رۆژی چوارشەممە، ٢٦ ی جۆزەردان دەستەیەک لە پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە گوندی قەرەسەقەل لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دەرگیر بوون و لە ئاکامی شەڕێکی قورسی چەند سەعاتەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی سپای پاسداران کوژراون. لە ناو کوژراوەکان‌دا حاجی سەمەد بۆستانی، جێگری فەرماندەی سپا لە شاری شنۆ دەبیندرێ. یوسف ئەحمەدی و ئەسکەندەر ماماڵ خەڵکی نەڵۆس دوو کوژراوی دیکەی هێزەکانی رێژیمن کە هەواڵی کوژرانیان تا ئێستا پشتڕاست کراوەتەوە.

لە راگەیەندراوێکی حدکا دا کە لە ماڵپەڕی ناوەندیی ئەو حیزبە بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە کە لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا چەند پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبەش پاش شەڕێکی قارەمانانە بە داخەوە شەهید بوون.

شایانی باسە سپای پاسداران لەو شەڕەدا بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشی کردۆتە سەر گوندی قەرەسەقەل و چەند ماڵێکی ئەو گوندەی بەتەواوی خاپوور کردوە و زەرەر و زیانی ماڵیی زۆری لە خەڵکی ئەو گوندە داوە.

### درێژەی ژینۆسایدی کۆڵبەران

دوو حەوتووی رابردوو، وەک مانگ و ساڵەکانی پێش خۆی، هەر وا حەوتووی کوشتاری کۆڵبەرانی هەژاری کورد بوو. لەو ماوەیەدا لانیکەم ٨ کۆڵبەری دیکەی کورد کەوتنە بەر تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گیانیان لێ ئەستێندرا. هەروەها کرێکارێک وەسەر مین پەڕی و تەرمی کرێکارێکیش دوای شەش لە ژێر ڕنوو، دۆزرایەوە. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە بێکاری لە شارەکانی کوردستان هەروا بێداد دەکا و کرێکاران و خەڵکی هەژاری کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن.

### کرێکارانی بێ حەقدەست و بێکار

سەرەڕای هەڵگیرانی بەشی زۆر لە گەمارۆ ئابووریەکان، بێکاری یان نەدانی حەقدەست بە کرێکاران، لە کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ پەرەگرتوتر دەبێ. لە ماوەی دوو حەوتوی رابردوودا کرێکاران لە شارەکانی سنە، ورمێ، پاوەو کرماشان چەندین جار خۆپێشاندان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیان وەرێخست. هەروەها کرێکارانی کارخانەی پۆڵای زاگرۆس لە قوروە، دژ بە نەدانی حەقدەستەکانیان چوونە تاران و ناڕەزایەتیان دەربڕی. هەموو ئەوانەش لە کاتێکدایە کە بەشی زۆری پڕۆژە و سازەکان لەوانە سازکردنی بەنداو لە پارێزگای ئیلام و ٥١ پڕۆژەی چنینی فەرش بە نیوەچڵی ماونەتەوە. کارگە و کارخانەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن و شارەداریی سنە بڕی ١٠٠ میلیارد تمەن بە خاوەنکارەکان قەرزدارە. نەبوونی ئاسایشی کار بۆ ئەو بەشە لە کرێکاران کە هێشتا کاریان هەیە، کێشەیەکی دیکەی کرێکارانە. لەم پێوەندیەدا دوو کرێکار بە هۆی دارمانی خاک، لە شاری پاوە گیانیان لە دەست دا.

### کوشتن و خۆکوژی

کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەروا قوربانیان لێ دەکەوێتەوە. رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتوی رابردوودا لەم بارەوە رۆژانێکی خوێناوی تێپەڕ کرد. نەداری، کێشەی بنەماڵەیی، نامووس پارێزی، خەمۆکی و ململانێ لە سەر ماڵی دنیا لەو هۆکارانەن کە بەردەوام قوربانیان لێ دەکەوێتەوە. لە ماوی رابردودا پیاوێک لە شنۆ و کچێک لە بۆکان خۆیان کوشت. هەروەها لە شاری خۆی و لە دوو ڕووداوی جیاوازدا دوو کچ، یەکیان لەلایەن باوکییەوە و ئەوی دیکەشیان لە لایەن خاڵییەوە کوژران. ئەندامێکی شورای گوندی حەسەن نوورانیش لە شاری شنۆ بە هۆی کێشەی زەوی و زار، کوژرا.

### خۆڕاگری زیندان و درێژەی رەوتی دەستبەسەرکردنی چالاکان

رەوتی دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی دوو حەوتوی رابردوش هەروا درێژەی هەبوو. ئەوەش هاوکات بوو لە گەڵ ئەو بەرخودانەی کە لە زیندانەوە جۆش و گوڕی بە خەباتی کورد لەو بەشەی کوردستان دایەوە. لەو ماوەیەدا لانیکەم دوو چالاکی سیاسی لە کرماشان و سنە دەستبەسەر کران، بەندکراوێک لە بەندیخانەی ئیتلاعاتی خۆی لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژرا. هاوکات لە گەڵ ئەو بەرخودانەی کە سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانی ئێڤینی تارانەوە دەستی پێ کرد، شەپۆلێک لە پشتیوانیی بەندکراوانی کورد لە سەرانسەری زیندانەکانی ئێرانەوە هاتە ئاراوە.

# «کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست»

## دەقی وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لە ئەنیستیتۆی مێری لە شاری هەولێر (بەشی دوو)

***رۆژی ١٩ی مانگی مای لە شاری هەولێر و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ئەکادیمیسیەنی کورد، سمینارێکلە ژێر ناوی «کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاست» بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانله لایەن «ئەنستیتوی مێری»یەوە بەڕێوە چوو.***
***بەڕێز خالیدی عەزیزی لەو سمینارەدا باسێکی هەمەلایانەی سەبارەت بە بارودۆخی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست و وڵاتانی ئەو ناوچەیە و بارودۆخی کورد لەم ناوچەیە بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. ئەوەی دوای ئەم پێشەکییەدا دێ، دەقی پیادەکراوی وتەکانی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەو سمینارەیە:***

دەگەمە سەر رێگا چارەکان؛ لە روانگەی منەوە ئەوەی کە کورد یەک نەتەوەیەو کوردستان یەک وڵاتە، دەلیل بەر ئەوە نیە کە یەک رێگا حەلیشی هەیە، دەلیل بەر ئەوە نیە یەک چارەنووسیشی هەیە. تەبیعەتی دابەشبوونی کوردستانو بە پارچەبوونی کوردستان و چۆنییەتی عەقڵییەتی سیاسی لە بەغداوە بۆ ئێرە، لە تارانەوە بۆ پارچەکەی ئێمە(رۆژهەڵاتی کوردستان) لە ئانکاراوە بۆپارچەکەی دیکە(باکوور) لە دمیشقەوە بۆ رۆژاوای کوردستان و شکڵگیری حیزبە سیاسییەکان و هەمووی ئەوانە کە بە عەقڵییەتی هەر کام لەو وڵاتانە درووست بووە، تەئسیری لەسەر عەقڵییەتی دروست بوونی ئەحزابی سیاسیش داناوە. بۆیە زۆر تەبیعییە رێگا حەلەکان و پێناسەکان و فەرهەنگی سیاسی هەموو پارچەکانیش لە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ ئەو چارەسەرییەش دا بەتەواوی فەرقی هەبێ. بەڵام لە نێو هەمووی ئەوانە دا یەک شت زۆر موشەخەس و دیارە کە ناکرێ نادیدە بگیرێ. ئێمە نازانین سوورییە چی لێ دێ، دەمێنێ نامێنی، شەڕ بەردەوام دەبێ، وێرانکار دەرواتە پێشێ و قەزییەی کورد بە کوێ دەگا. ئایا حەلێکی بۆ دەبیندرێتەوە، لە دەمشق چارەسەر دەکرێ یان لە حاشییە، نازانین. لە تورکیە چی لێ دێتەوە، هەوراز و نشێو و دەورانی ئینکاری کورد، دە ساڵی ئەخیر نەیانتوانی کورد ئینکار بکەن و کورد چووە نێو بازنەیەکەوە، هەڵبژاردنێک دەکرێ و لایەنێکی کوردی ٨٠ دەنگ دێنێتەوەو لە هەڵبژاردنی دیکە دا ٢٠ دەنگ دێتە خوارێ و دەورانێ قسە لە ئاشتی و دوایە شەڕ دێتە پێشێ.ئێستا لە شەڕناخ و لە دەوروبەرەکە ماڵی خەڵک وێران دەبێ. نازانیین چی لێ دێتەوە.

لە ئێران بە حوکمی موقعییەتی ئێران و ئەوەی کە ئێران چۆن تەعامول لەگەڵ ناوچەکە دەکاو لەگەڵ ئیدارەی وڵاتەکەی خۆی دەکا، قەزییەی ئێمە تەغیراتێکی زۆری تێدا نەهاتۆتە پێشێ، بە غەیری ئەوەیی ئێمە ئێستا زۆرتر ئیهتمام بە خەبات و جم و جۆڵی مەدەنیدەدەین. بەڵام لە نێو هەموو ئەو ناروونیانەدا یەک شت روونە، ئەویش باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان)ە. تەجروبەی ئێترە (باشووری کوردستان) نیزکە لەوەی کە لە چارەنووسێک نیزیک بێتەوە، کە ئەو چارەنووسە ئینکار نەکرێ وببێ بە ئەمری واقیع.

لە روانگەی منەوە ئەگەر قسە لە دەوڵەتی کوردی دەکرێ، پەیوەندی بە ئێرەوە هەیە کە لە زۆر بوار دا ئیمتحانی خۆی داوە. بەڵام بە مەعنای ئەوە نییە لە هەموو ئەو ئیمتحانانە دا بێ کەم و کوڕ بێ، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە تەنیشتی ئەوە دا دەکرێ ئەوە بڵێم کوردی کوردستانی ئێران، رەنگە بڵێم زۆر لە خەڵکی ئێوە لە باشوور بەپەرۆشتر بوون بۆ داهاتوی ئێرە. بۆ؟ بەو دەلیلەی ئێوە لێرەن، ئێمە لێرەین، دەسەڵاتی خۆمان دەبینین، لەگەڵی دا هەین، رۆژانە لەگەڵی دا هەین. بەڵام کوردی ئێران، لە ئێران تەحقیر دەکرێن لەسەر حەقی خۆیان. ئێمە ناتوانین بە حزووری نیزامی بڵێین دەوڵەتی تاران ئێمەش هەین و ناتوانی ئینکارمان بکەی و خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران قوەتی قەلبی ئێوەین. بەڵام بە خەباتی مەدەنی و هاندانی خەڵک بۆ خەبات و تێکۆشان،وتوومانە بێتەفاوت نەبن لە لانیکەمەکان ئیستفادە بکەن. بەڵام لەسەر ئێرە قەزیەکە فەرق دەکا.

ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لێرە قسە لەوەیە لە هەرێمی کوردستان حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە یەک نیزیک بوونەوە دا هەن، تەوافوقیان تەفاهومیان هەیە،خەڵک لەوێ شاگەشکە دەبن.کاتێک جەلال تاڵەبانی دەبێتە سەرکۆماری عێراق، خەڵک لەوێ تەزاهور دەکەن و باسی لە خۆشحاڵی دەکەن، کاتێک کاک مەسعود بارزانی دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خەڵک لەوێ گەشبینەو خۆشحاڵ دەبێ.

سەرکەوتنی ئەو تەجروبەیە لێرە هەر ئاوای چاو لێنەکەین. ئەوە لێرەیە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ، نەخێر، لە هەمان کات دا کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ، ئینعکاسی بۆ کوردستانی ئێران قووەتی قەلبێکی گەورەیە، بۆیە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە ئێستا لە رۆژهەڵاتی نیوەراست راستییەکەی هەرێمی کوردستانی رووبەرووی ئیمتحانێک کردۆتەوە. دەبێ لەو ئیمتحانە سەرکەوتوو بێ سەرکەوتوو.لە بیرمە کاتێک لە ئامریکا ئینتخاباتهەبوو، ئەمن لەوێ بووم. کلینتۆن لە رقابەتێکی ئینتخاباتی دا بوو، لێیان پرسی پێتوایە سەرکەوتوو دەبی؟ کووتی لە سەرکەوتن قسە ناکەم،قسە لە سەرکەوتنێکی گەورە دەکەم. هەرێمی کوردستان دەبێ قسە لە سەرکەوتنێکی گەورە بکا. وەک کەسێک چۆن ئیمتحانێک دەدا بە قەولی ئێرانییەکان لە بیست، ئایا حەڤدە وەردەگرێ یا شازدە وەردەگرێ، ئەو دەبێ وا چاو لێبکا لە بیست، بیست وەرگرێ. بۆ ئەوەی کە ئەگەر بیستی پێ وەرنەگیرا، هەژدە و حەڤدە بێنێتەوەو نەیەتە ژێر دە.

لە روانگەی ئێمەوە هاتنە گۆری ئیدەی ریفراندۆم بۆ دەوڵەتی کوردی بە تەواوی لە جێگای خۆی دایە. دەلیلی یەکەممان ئەوەیە با ئیمە ریفراندۆم بخەینە نێو قالبی ماف. پەیوەندی بە هیچ کەسەوە نییە پێمان بڵێ درووستە یان نادرووستە. نەشیبەینە نێو مەقوولاتی ئیدئۆلۆژی کە لە روانگەی ماکسیزم و ئیدئالیزم و ئیزمەکانی دیکە چۆن تەفسیر دەکرێ. هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە مافەو لە جێگای خۆی دایە.

دووهەم ئەوەیکە ئەو ریفراندۆمە لە روانگەی ئێمەوە بازییەکە قەواعیدی بازی خۆی هەیە. ئەو قەواعیدی بازییە مەیدانی بازییەکە کە هەرێمی کوردستانە بە تەواوی موساعیدو گونجاوە. تەجروبەی تەعامولی هەرێم لەگەڵ بەغدا، دە- پازدە ساڵە دێ و دەڕواو دەتوانێ بە نەتیجەگیریمان بگەیەنێ، تەجرووبەی ئیدارەی خۆجێیی لێرە، تەجرووبەی دیفاع لەو سنوورانەی کە شوێنی هەرێمی کوردستانە کە ئەوەی کە لە قانوونی نێودەوڵەتی دا چەندە توانیوتە شوێنەکەی خۆت بپارێزی و تەجرووبەی تەعامول لەگەڵ دراوسێکان کە کۆنسووڵەکان لێرەن و تەنانەت توانیویەتی ئەوپەیامە جیدییە بدا کە هەرێمی کوردستان تەهدید نەبێ لەسەر تاران، بەغدا، دەمەشق وئانکارا. بەڵکوو فورسەتە، مادام ئێمە ئەوە دەخەینە خانەی بەرژەوەندی تەبیعەتەن لە خانەی بەرژەوەندی دایە و واردی تەئامول دەبن.

قەواعیدی بازیەکە لە کوێرا دەست پێدەکا؟ لە روانگەی ئێمەوە ئەوەی کە دەتوانێ رووکنی سەرەکی بێ بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە، یەکگرتوویی نێو ماڵی کوردە. پێمان وایە جێکەوتنی هەرێمی کوردستان وەک حکوومەتێکی دێفاکتۆ کە ئیعترافی نێودەوڵەتی و ناوچەییشی پێ کراوە، ئەوە ئینکار ناکرێ. بەڵام لە بوونی یەکگرتوویی و یەک گوفتمانی و، بە جۆرێک لێڵی و بە جۆرێک بەدوادانەچوون و کێشە لەسەر چەندو چۆنی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیە، رەنگە زەرەرێک بە ئێمە بگەیەنێ کە قەرەبووکردنەوەی زۆر بکێشێ.

ئێمە بۆخۆمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەی ئەخیری خۆشمان دا دەقیقەن قەزییەی رێفراندۆممان هێنا گۆڕێ. بە لەحازی گۆڕەپانی بازی گەمەکە ئەو شەرایەتە بۆ ئێمە لە ئێران نیە کە هەر ئێستا قەزییەی ریفراندۆم بێنینە گۆڕێ، بەڵام دەمانهەوێ بە ئێرانییەکان و، بە کورد لە ئێران بڵێین «ئەوە مافی ئێمەیە». ئەرێ ئێرانییەکان! ٣٧ ساڵە لەگەڵتان لە کێشە داین، بە دێموکراسی لەگەڵمان ناکەن، بە فدرالیزم لەگەڵمان ناکەن، بە ٢٦ مادە نەتانکرد، بە ٦ مادە نەتانکرد، دەڵێین لە چوارچێوەی قانوونی دا ئیجازەی فەعالییەتی سیاسیمان لە نێوخۆی ئێران دا هەبێ، لەگەڵمان ناکەن. ئەڕێ ئۆپۆزسیوونی ئێرانی! خۆتان بە موخالیفی کۆماری ئیسلامی دەزانن، بەڵام کاتێک دێنە سەر کێشەی کورد لەوان ناسیونالیستترن. دەی باشە هەمووی ئەوانە بە مەعنای ئەوەیە ئێوە ئێرانییەکان کە پێمان ناخۆشە ئاوایە؛ بە مەزهەبی و بە کۆمۆنیست و بە سۆسیالیست و بە شاپەرست و بە میلیگەرا و بە هەمووی ئەوانە، لەسەر کورد ئینعتاف نیشان نادەن،دەی رێگاتان بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە بەغەیری ئەوەی بڵێین کوردی ئێرانیش حەقی خۆیەتی مراجعە بە ئەفکاری عموومی خەڵک بکاو ئەو مەسەلەیە بێنێتە گۆڕێ. بۆ هێنانە گۆرێیی ئەو مەسەلەیە، ئەوە ئێوەن ئێمە مەجبوور بەو حەلە دەکەن، دەنا ئێمە هەموو حەللەکانی دیکەمان هێناوەتە گۆرەێ.بۆیە بە باوەڕی من قەزییەی رێفراندۆم (راپرسی)، لە هەموو پارچەیەکی کوردستان وەک ماف بێ بەحس لێکردن بۆ ئیمە بهێشترێتەوەو وەک کارتێک کە ئەمڕۆ پەنای بۆ دەبەین لە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و ئۆپۆزیسیوونی ئەو وڵاتانەیشئێمە کەڵکی لێ وەربگرین.

بەحسیکی دیکەی ئێمە ئەوەیە ئێران لە کوللی ئەو بازنەیە دا؛ هەر وەکوو پێشوو من بە کوللی ئاماژەم پێ دا، بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئێران فاکتۆرێکی قابلی ئینکارە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست و، ئێران وڵاتێکە پاشخانێکی دوور و درێژو هەزاران ساڵەی لە کشوەرداری دا هەیە. ئێمە کوردی ئێران لەگەڵ ئەو واقعیەتە دەبێ کێشە بکەین،قەبووڵی ئەو واقعییەتە ئێمە بە رێگا حەللەکان دەگەیەنێ. تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە هەوڵمان داوە لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی نیوخۆی ئێران و لایەنە سیاسییەکان و قەزییەی کورد لە ئێران کە ئێمە فرەرەهەندی چاو لە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ ئێران و گۆرەپانی سیاسی بکەین.هەمووی حەللەکانی خۆمان ناخەینە ناو سەبەتەیەک. کە زۆرجار وا هاتۆتە پێشی کە تا کۆماری ئیسلامی نەروخێ هیچ شتێک ناکرێ!. ماهییەتی ئەو حکوومەتە جۆرێکە هیچی لەگەڵ ناکرێ، ماهییەتی ئەو حکومەتە وایە هیچ مافێک بە ئێمە نادا. ئەگەر لەو خانەیە دا بمێنینەوە هەموو ئەوانە راستە.

لە روانگەی ئێمەوە جوولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئەوە درووست نەبووە حکومەتە مەرکەزییەکان بڕووخێنێ. جولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆئەوەیە بڵێ ئەوە مافەکانی ئێمەیە، ئێمە بەدوای ئەوە دا دەگەرێین، حکومەتی تاران! هەر کەسێک لە ئێوە دێتە سەر کار؛ بە چەپ و راست و سۆسیالیستو مەزهەبی و میلیگەراو هەر شتێکتان هەیە تا ئاوڕ و بەوە نەدەنەوە ئێمە لە کوردستان وا بە ئاسانی واز لە مافەکانی خۆمان ناهێنین. یانی مەبەستم ئەوەیە لە روانگەی ئێمەوە چۆنییەتی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دا لە نێو خانەی چەندین رێگا حەل دابنێین. لە یەک خانە دا نەیبەستینەوە. ئەگە حەدیعەقەلەکان بهێننە گۆڕێ، ئێمە بە باشیدەزانین. لە پەیوەندی لەگەڵ ئینتخاباتی ئەخیر لە ئێران دا، ئێمە لەگەڵ سناریۆیەکی پیچیدە رووبەروو بووین کە برێک ئێمەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە، چۆن ئێمە تەبەقەبەندی سیاسەت لە کوردستان و لە تاران و لە شوێنەکانی دیکە دەکەین. ئەگەر تۆ خوێندنەوەت لە تاران ئەوە بێ کە ئەو حکومەتە نەگۆڕە، بە ئینتخاباتەکەش ناگۆڕدرێ، ئینتخاباتی ئێرانیش غیرەدێموکراتیکە، کە وایە، ئەوانەی کە دەبن بە کاندید دەبێ لەو سافیانە بوگزەرێن، دەی باشە ئێمەش پێی بێ تەفاوت دەبین، بۆشمان ناڕووخێ، دەی ئەگەر وایە خەڵک هیچ مەکەن! سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو کە نەخێر دەبێ لە نێو خۆی وڵات لەو فورسەتانەی وەک ئینتخابات دێتە پێشێ کەڵکی لێ وەربگرین. ئەوە فورسەتێکە ئێمە وەک کورد بتوانین لە رقابەتەکان دا شتی خۆمان بڵێین، فەزایەک دێتە گۆرێ ئێمە مەترح دەبین و دێینە گۆڕێ.تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە کێشەی ئازەری و کورد هەیە، من زۆی بە ڕاشکاوی دەڵێم و نایشارمەوە؛ ئێمە کوتمان حەقی خۆمانە کورد کار بکا لە ئینتخابات دا دەنگی کورد بۆ کورد بروا. لە ورمێ ئەو کێشەیە هاتە گۆڕێ، بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەقیقەن لەو بازنەیەدابوون کە ئینتخابات لە ئێران بێ فایدەیە، فەرقی نیە لەو شارانەی کە کێشەیان لەسەرە کوردێک یان ئازەرییەک بچێتە پارلەمان، بێ تەفاوت بوون. ئەو بێتەفاوتییە بوو بە هۆی ئەوە کە کورد بەو جۆرەی پێویستە لە هەندێک شوێن بەشداری ئینتخاباتەکە نەبێ. لە نەتیجەدا ئەو دەنگەی دەبێ بۆ کورد بچێ بە رادەی پێویست نەبوو. لەو شوێنانەی کە کێشەی لەسەرە لایانی ئازەری دەنگیهێنایەوە. ئەوە حەقێکی دێموکاتیکە، چۆن ئازەرییەکان هەوڵیان دەدا هەموو دەنگەکان بۆخۆیان بێ، کوردەکانیش دەیانتوانی لە چوارچێوەی ئەو ئینتخاباتە دا هەوڵ بدەن هەموو دەنگەکان بۆ کوردەکان بچێ. لە نەتیجە دا دێموگرافی ئەو شوێنە لە داهاتووی کێشەکانی ئێمەدا توانیبای بە جۆرێک بێ کە یارمەتی بە قەزییەکەی ئێمە بکا.

فاکتۆرێکی دیکە کە لە پەیوەند لەگەڵ ئێران و کورستانی ئێران دا لە گۆرێدا هەیە، چۆنییەتی تەعامولی ئێمە کوردەکانی ئێران یا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و شوێنەکانی دیکە بووە. ئێمە لەو باوەڕەدابووین؛ هەرچەندی بۆمان بکرێ تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە چاو لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین. من زۆر جار دەڵێم هەرێمی کوردستان لە بازییەکی شەترەنج دایە، کە تۆ چۆن بازی دەکەی، دەکرێ ئەسپێک بە پیادەیەکبدۆڕێنی، ئەوە شەترەنج بازێکی خراپە، ئەگەر ئەسپ بە ئەسپ بدۆرێنی تەعادولێکی تیداهەیە. حەیفە هەرێمی کوردستان لە بازنەی کێشەی ئەحزابی کوردی پارچەکانی دیکە وەها پارچەکانی دیکە لە کێشەکانی ئێرە تێوەدرێن کە وردە وردە وای لێبێ ئەو بازییە کە ناکاو بێ ئەوەی کە پێ بزانی ئەسپێک بە پیادەیەک بدۆڕێنی. ئێمە هاودەردی و هاوخەمی هەرێمی کوردستان لە حەدی توانای خۆیان لەگەڵ خەباتی رەوای پارچەکانی دیکە بە باش دەزانین. هیوادارین ئەوە هەر پەرە بستێنێ، بەڵام قەت پێمان وانیە حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت حیزبەکانی کوردستانی ئێران ببن بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان. ئەگەر ئێمە هاندەر نەبین بۆ ئەوەی کە کۆمەگ بکەین نێوانی لایەنەکان لێرە خۆشتر بێ و باشتربێ و لێک حاڵی بوون بێ، قەت ئێمە نابێ بێینە نێو گەمەیەک کە لایەنگری لەو حیزبە بکەین لە دژی حیزبەکەی دیکە. لەو حاڵەتەدا پیچیدەگی کێشەکە زۆرتر دەبێ و، لە نەتیجەدا ئەو ئەمری واقعەی کە من ئاماژەم پێ کرد. بۆیە حیزبی ئێمە لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا هەوڵی داوە تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، ئێمە بە هیچ جۆر هۆکاری موشکلات نەبین لە عیلاقاتی




هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران. چونکی پێمان وایە ئەو عیلاقاتە تەبیعییە. من لێتان ناشارمەوە؛ ئارەزوو دەکەم سفارەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران هەبێ و ئارەزوو دەکەم سفارەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر هەبێ. تۆ ئەگەر چوویە نێو دەوڵەتداری قەواعیدی بازی خۆی هەیە. قەواعیدی بازی دەوڵەتداری لەگەڵ ئارەزوو و ئامالەلانی من وەک حیزبێکی سیاسی لەگەڵ بنەماکانی شەڕ و شۆڕشگێری کاملەن فەرقی هەیە.رەنگە ئێمە ئێستاش لەوە موعادلەیەدا نەبین. هیوادارم رۆژێک لە رۆژان ئێمەش بێینە نێو ئەو موعادلەیە.

پەیامی زۆر راشکاوانەی ئێمە ئەوەیە حیزبی هیچ پارچەیەکی دیکەی کورستان، هەرگیز نەبین بە بەشێک لە کێشەکانی ئێرە(باشووری کوردستان) و، هەرگیز سیگناڵێک نەدەین لە دۆستایەتی و عیلاقانی خۆمان بە حیزبە سەرەکییەکانی ئێرە کە ئەو کێشەیە ئێرە زۆر بگرێتەوە. لەو پەیوەندییەدا نیگەرانییەک کە ئێمە هەمانە ئەوەیە کە، گۆڕەپانی سیاسی نە لە باشووری کوردستان کە لەگەڵ واقعیات رووبەروویە، نەبێ بەبەشێک لە کێشەی دوو قوتب کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە گۆرێ دا هەیە. قوتبێک کە خۆی پێناسە دەکا بە لایەنی شیعە و ئەدرەسەکەی دەکەوێتەوە تاران و، قوتبێک لە خۆی پێناسە دەکا بە سونی کە ئایا ئەدرەسەکەی لە عەرەبستانە یان لە تورکیە، بەڵام کورد بتوانێ لەو گەمەیەدا وا بجووڵێتەوە هەر وەکی لە پێناسەکەدا ئاماژەم پێ کرد بەشێک لەوە کێشیەیە نییە. بەڵامبە جۆرێک عەمەل بکا کە ئەو کێشانە بە قازانجی خۆی هەڵگەرێنێتەوە.

لەهەمان کات دا کە زۆر باسی وەحدەت و یەکریزی و تەباییی دەکەم، رەنگە ئەو پرسیارە بەجێیە لە لایەن تاک تاکی ئێوە بێتە گۆرێ و بڵێن جا بۆخۆتان وەزعتان زۆر تەواوە؟! نا، وەزعی ئێمە لە هەموو لایەکی ئێوە خراپترە.ئیمە دوو دانە دێموکراتین بە یەک مێژوو و بەیەک رابردوو و بە سێ رێبەری شەهید، ئەگەڕ بێنە مەقەرەکەی ئێمە و بێنە مەقەرەکەی لایەکەی دیکە، ئەرێ بڵێن فەرقیان چیە! خۆ هەموو شتەکان وەک یەکن. بەڵام تا ئێستا دوای دە ساڵ نەمانتوانیوە چارەسەریئەو کێشەیە بکەین و دەورانێکیش کە پێناسەی کێشەکانی نیوخۆییمان دەکرد، ئێمە رێبەرانی دێموکرات خۆمان دەشاردەوە لە قەبووڵی مەسئولییەت! یەک دەیگوت خەتای ئەولایە، دەستی لە ناو ئێمەدا بووە و ئەو حیزبە لەت بووە و، ئەوی دیکە دەیگوت خەتای ئەولایە. دیسان دچمەوە نێو ئەو بۆچوونە چۆن نەبووین بە دەوڵەتو هەموو خەتاکان هی ئیمپراتووری عوسمانی و فەرانسە و ئینگلیس نەبووە، بەڵکوو خەتاکە لە هەموان بووە، لەتبوونی حیزبی دێموکراتیش خەتاکە هی خۆمان(هەردوولای دێموکرات)بووە با نەیخەینە سەر شانی خەڵک. ئەگەر یەکیش ناگرینەوە هەر خەتاکە لەخۆمانە. بەڵام ئێمە وا فێرین، زۆر زوو پەنا بۆ «تیئۆری تەوتەئە» دەبەین. جیاواز لە حیزبی دێموکرات، لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش نەمانتوانیوە بە تەفاهوومێک بگەین. هەڵبژاردنی ئێران یان ئەو رووداوانەی کە لە ئێران دێنە گۆرێ هەموویان دەتوانن سناریۆیەکی باش بن کە ئەدرەسێکی بە قوەت بۆ کورد دروست بکەین کە ئێمەی کورد سەرەڕای ئەوەی جیاوازیشمان هەبێ، لەسەر ئەوانە یەک گرتووین. تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ لە چۆنیەتی دیتنەوەی رێگا چارەیەک بۆ وەسەریەکخستنەوەی دێموکراتەکان. لەوانەیە بڵێن وەڵاهی کەس قسەی خراپ بۆخۆی ناکا، هەوڵمان داوە. بەڵام ئێمەش بێ ئیشکال نین لەمەوبەداوەش هەوڵ دەدەین و هیوادارم دۆستان و برادەران و ئازیزانی وەک ئێوەش لە هەموو کاناڵەکانیانەوە کۆمەگ بکەن بۆ ئەوەی کە وەحدەت و یەکگرتوییەک لە نێو ریزەکانی ئێمەش دا درووست بێ، چون تەنیا رێگای هەر ئەوەیە.

سیاسی

# قاسملوو، ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان

حەتەم کێلەشین

**بەڕایی:** قاسملوو بوێری و شەفافییەتی کردبوو بە بنەمای کاری خۆی و زۆر بە قووڵی دژی بێ ئیرادەکردن و هەر جۆرە بە ئامرازبوونی مرۆڤ بوو، ئەو خەباتگێڕە مەزنە سەربەخۆیی ئیرادەو کردەوەی کردبووە بناخەی کاری خۆی و پارتەکەی.

کەسایەتیی پراگماتیستی قاسملوو ببووە هۆی ئەوەی تاک تاکی ئەندامانی پارتەکەی بڕوا بەم ئەندێشەیە بێنن کە «حیزب، بەرهەم و کەڵەکەبووی ماندوونەناسێتیی شۆڕشە». ناوبراو دژی «بەستراوەیی کەسایەتی» و هەر جۆرە تاکپەرستییەک بوو، لەم وتارەدا تێدەکۆشین هێندێک لایەنەکانی کەسایەتیی سیاسی ئەو ڕێبەرە بەتواناو ئەو شۆڕشگێڕە ئازادیخوازو دیموکراسیخوازە بە بێ زێدەڕۆیی بخەینە بەرباس.

### قاسملوو شۆڕشگێڕێکی پراگماتیست و واقعگەرا

قاسملووی خاوەن پوتانسییەلی فیکری و تئوریکی دەوڵەمەندو بە هاوکاری کەسانێکی بەتوانای وەک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و.. کە ـ لە راستیدا وەک زنجیرەیەکی فیکری بەهێز۔ هەمیشە خاوەن ئەندێشەی نوێ بوون و توانای بەرهەم هێنانەوەی ئەڵتێرناتیڤی نوێی خەبات بوون، حیزبی دیموکراتیان کردبووە ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێران. لە راستیدا قاسملوو بەپشت بەستن بەو ژێرخانە تیۆریک و فیکرییەوە، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان بەراستی و دروستی لێکدەدایەوە و راڤەی دەکردن. قاسملوو شارەزای خەڵکەکەی خۆی و تانوپۆی کۆمەڵگەکەی و شیرازە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی بوو. هەر بۆیەش ڕێبەرێکی سەرکەوتوو بوو. تێگەیشتوویی و راڤەی دروستی هەلومەرج و روانگەی ریالیستیی وەک بەشێکی جیانەبۆوەی خووخدە و کەسایەتییە سیاسییەکەی، تەواوکەری پراگماتیسمی قاسملوو لە قۆناخە جیاوازەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ئەو تایبەتمەندییانە دەبوونە هۆی ئەوەیکە قاسملوو وەک ڕێبەرێکی پراگماتیست و لە هەمان کاتدا بەرپرسیار، ئەوەیکە لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات بۆ رزگاری گەل و حیزبەکەی بە زمان دەیوت، بە کردەوە بسەلمێنێ و هەر ئەم خسڵەتە بەرزەی بوو بە هۆی ئەوەیکە بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەلات لە قۆناخی ئەستەم و پڕ لە هەوراز و نشێوی چەکداری دا ڕێبەری بکا. حیزبێک کە توانای سەرکەوتن بە سەر تەنگ و چەلەمەکان و دەرباز بوون لە هەر جۆرە قەیرانێکی چاوەڕواننەکراوی هەیە.

### قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن بیری ئیستراتێژیک

خەبات و ڕەوتی ناسیونالیستی پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی هەڵسووڕ و کارامە هەیە کە توانای بیرکردنەوەو تیۆریزەکردنی بنەماکانی خەباتی هەیە و لە هەمانکاتیشدا خاوەن پوتانسییەل و دەسەلاتی پراکتیک و جێبەجێ کردنی بیروبۆچوون وئەندێشەکانی بێ. کۆی ئەم خسڵەت و تایبەتمەندییانە ئەندێشەی ستراتژیکن. قاسملوو لەگەڵ ئەوەیکە روانگەو خوێندنەوەیەکی دروستی لە پرس و ڕووداوە سیاسییەکان هەبوو و تەنیا بە روانگەیەکی «ژورنالیستی» و ئاستەکی نەیدەڕوانیە هاوکێشە و ڕووداوەکان. بە پێی خوێندنەوەی دروستی لە پرسە سیاسییەکان لە مەیدان‌دا دەوری دەگێڕاو وەک ڕێبەرێکی ستراتژیک و خاوەن تایبەتمەندی «دوارۆژ بینی» سەبارەت بە پرس و ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران، ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و جیهان هەمیشە کاریگەری پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی لەسەر بڕیارە سیاسی و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزانەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا دەبێ بە

### قاسملوو و دێموکراسی

دوکتور قاسملوو ڕۆڵێکی بەرچاو لە ساغ کردنەوەی حیزبی دیموکرات دا دوای خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧ (بە ڕێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەگێڕێ و سەربەخۆیی حیزب جارێکیتر دەگەڕێنێتەوە و حیزب دەکاتە حیزبێکی مودێرن و خاوەن پێڕەو و پرۆگرام کە تێدەکۆشێ مەیدانی خەبات بەرینتر بکاتەوە و لە هەموو ئەو لایەنانەی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد کەڵک وەرگرێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە حیزب لە سێ ڕەهەندی ناسیۆنالیستی، چینایەتیی و خەبات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکرات لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا درێژە بە چالاکی بدا. بەڵام باوەڕی قووڵی قاسملوو بە دێموکراسی لەم وتە بە نرخەی دا زیاتر دەردەکەوێ کە دەڵێ: (خەباتی ئێمە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی، نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوایەتی یا چینایەتی). دکتور قاسملوو ئەوەندەی بڕوا بە دێموکراسی هەیە کە بەردەوام لەسەر تەمرینی دیموکراسی قسە دەکا و هەموو ڕۆژێک و هەموو جێگەیەک وەک دەرفەتێک بۆ تەمرینی دیموکراسی لەبەرچاو دەگرێ.

قاسملوو، نووسەر و تئۆریزانێکی بەتوانا

دوکتور قاسملوو لە باری تیۆریکیشەوە وەک بیرمەندێکی هەڵکەوتەو لێهاتوو بەرچاوە و هێندێک بەرهەمی لەپاش خۆی بە جێ هێشت کە هێشتاش کتێبخانەی کوردی شانازییان پێوە دەکا، گرینگترینی ئەم بەرهەمانە کتێبی «کوردستان و کورد»ە کە لە روانگەیەکی زانستی‌یەوە، هەلومەرجی جوگرافیایی، مێژوویی، ئابووری، مرۆیی و کۆمەڵناسیی کوردستانی لێک دەداتەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دوکتور قاسملوو لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمە بەسوودە بە هۆی دوور بوون لە کوردستان و نەبوونی بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی کەندوکۆسپی زۆری بۆ نووسینی لەبەر بووە. هەروەها «کوردستان و کورد» لە سەردەمێک دا نووسرا کە سەرچاوەو ژێدەری زانستی هاوئاستی ئەو بەرهەمە لە کتێبخانەی کوردی دا دەگمەنن تا دوکتور قاسملوو بتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ، کە ئەمە خۆی بایەخی ئەم بەرهەمەی قاسملوو زیاتر دەکا. هەروەها بیروبۆچوونەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجود، ڕێگەی گەشەی ئابووریی ناسەرمایەداری، هەلومەرجی ئەو کاتی بلۆکی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان و باس کردنی سوسیالیزمی دیموکراتیک بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی گەلی کورد و نووسین لەم بارەیەوە لە قۆناخێک دا کە گوتاری چەپی ئۆرتۆدۆکسی، گوتاری زاڵی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، ئێران و ناوچەیە، سەرەڕای ئەوەیکە دژەباوی و بوێری و لە هەمانکاتدا دوارۆژبینیی کاک دوکتور قاسملوو نیشان دەدا، دەرخەری تێگەیشتنی بەرهەست (ئۆبژکتیڤ) و دروستی قاسملوو لە پرسە (کلان)ە سیاسییەکانی سەردەمە.


### قاسملوو، دیپلۆماتیکی بەواتای راستەقینەی وشە

لایەنی دیپلۆماتیکی قاسملوو یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم جوامێرە مەزنەی گەلی کوردە. قاسملوو کە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئورووپا خوێندنی تەواو کردبوو و چەندین زمانی زیندووی جیهانی دەزانی، تەنانەت لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دا گرینگیی چالاکیی دیپلۆماتیک و پێکهێنانی لۆبیی کورد لە وڵاتە زلهێزەکان و ڕێکخراوە کاریگەرەکانی جیهان لەبیر ناکا و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و دامەزراندنی پێوەندیی قووڵ و راکێشانی پشتیوانیی مەعنەوی و دەرمانی وڵاتێکی وەک فەڕانسە و کردنەوەی نوێنەرایەتیی حیزب لەو وڵاتەدا، بوون بە ئەندامی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهان وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین و شەخسی یاسر عەرەفات و.. بەشێک لەو هەوڵ و چالاکییە دیپلۆماسییانەی شەهید قاسملوون.

### قاسملوو و سیاسەتی ئەخلاقگەرایانە

قاسملوو هەمیشە ئەخلاق بە مەرجی پێویست بۆ چالاکی سیاسی دەزانێ. ناوبراو هەمیشە دژی روانگەی ماکیاڤێلیستی لە سیاسەتدا بووە و ئەمەشی بەکردەوە لە چەند دەیەی ڕێبەڕایەتیی حیزبی دیموکرات دا سەلماندوە. قاسملوو بە روانگەیەکی ئەخلاقی و دەروەستانە دەیڕوانیە بابەتی سیاسی و لە نێوخۆی ڕێکخستن و لە دەرەوەش و لە ئاستی پێوەندی (کلان) و هاوکێشە سیاسییە پێچەڵاوپێچەکانی ناوچەو جیهان دا ئەم دەروەست بوونەوەی دەپاراست. کە ڕەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەخلاقمەندانەی ناوبراو لەگەڵ ڕێژیمی بەعسی عێراق و هاوکات پێوەندیی چڕوپڕی لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستان گەورەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە بن.

ئاکام: دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین کە سەرکردە و ڕێبەرە گەورەکان لە کاتی تێپەڕین بە ڕێگایەکدا تەنیا پێیدا تێناپەڕن، بەڵکوو هاوکات ئەم ڕێگایە درووست و هەمواریش دەکەن بۆ نەتەوەکەیان و جیلەکانی دوای خۆیان، قاسملووش خاوەن ئەم تایبەتمەندییە بوو. لە بەرەبەری پووشپەڕێکی دیکەداین و ساڵرۆژی تیرۆرکردنی ناجوامێرانەی قاسملووی مەزن دیسان نزیک دەبێتەوە، لەو ساڵڤەگەڕە تاڵەدا ڕەنگە ئەم شتانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا، بەشیکی کەم بن لەو وانەگەلەی ڕێبەرانی هەنووکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەبێ سەرنجی بدەنێ و لە ڕێبەری شەهید ڕۆژهەڵات فێری ببن.



# لە یادی دامەزرانی ٣٧ ساڵەی دەنگی حەقبێژی کوردستاندا



خەدیجە مەعزوور

ماوەیەک لەوەپێش هاورێم کاک سیامەک قەوی‌پەنجە بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستان داوای لێ کردم بە بۆنەی دامەزرانی ٣٧ ساڵەی دەنگی حەقبێژ و راست وێژی کوردستان کورتە بابەتێک بۆ رۆژنامە ”کوردستان“ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بنەخشینم. ڕاستی‌یەکەی بە دوو دڵی و تەردیدەوە قەبووڵم کرد بە قەڵەمی کوڵم کورتە بابەتێک لە وەسفی دەنگی کوردستان کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە گەڵی ژیاوم و ساڵانێکی زۆریشە لێ دابراوم، بنووسم.

رادیو دەنگی کوردستان ئاوێنەی بالانوێنی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مۆمی تەمەنی ٣٦ ساڵەی پڕ لە شانازی، پڕلە هەورازو نشێو، پڕلە بیرەوەری خۆش وناخۆشی خۆی دەکوژێنێتەوە و مۆمی ٣٧ ساڵەی تەمەنی هەڵ دەکا و هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ساڵرۆژی لە دایک بوونی ئەم دەنگە خۆشەویستە بە ئەویندارانی ئەم دەنگە و سەرجەم کادر و پرسنل و پێشمەرگەی پاریزەری دێرین و نۆی دەنگی کوردستان دەکەم.

دەنگی کوردستان لە هەلومەرجێک دا دەستی بە کار کرد کە کەمتر لە ١٧ مانگ لە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیبوو و نێوەرۆکی دژی گەلی و شەرویستی ئەم ڕێژیمە بە تەواوی بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوتبوو، هەر بۆیە بۆ حیزبی دیمۆکرات دامەزرانی رادیۆیەک وەک رادیۆ دەنگی کوردستان لەو کات دا پێویستییەکی مێژوویی بوو. دەنگێک کە هەم ئالقەیەکی پێوەندی بەهێز لە گەڵ خەڵک دروست بکا، هەم ئەم دەنگە ڕوومای دزێو و ڕەفتارە دژی ئینسانی و دژی کورد بوونی ئەم ڕێژیمە لە قاو بدا، هەم خەڵک بە ئەدەبیاتێکی پاراو و سادەی کوردی ئاشنا بکا و هەر بەو ئەدەبیاتەوە زانیاری لە سەر ڕووداوەکان بداتەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات.

دەنگی کوردستان لە ٢٧ جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە ”دۆلی شێخان“ بە ئیمکاناتێکی کەم و کەرەسەی سەرەتایی و ژمارەیەک پرسنلی ناشارەزا بە کاری فەننی رادیۆ و بە هیممەت و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ڕێبەرانی حیزب لە سەرووی هەمووانەوە شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەر، بە یارمەتی یادی بە خێر کاک موهەندیس خەیاتی و چەند هاورێیەکی دڵسوزی دیکە دەستی بە کار کرد و دەنگی هەڵبڕی و پێی نایە مەکۆی تێکۆشان لە پێناو ئازادی دا. ئەم دەنگە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای شیاوی خۆی لە نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دا کردەوە و بوو بە خۆشەویست و جێگای متمانەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان. لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا دەنگی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بزووتنەوە هاتۆتە پێش و ببوو بە خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی جوان و پڕ بایەخ و بەرچاو لە نێو بزووتنەوی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دا.

سەرەڕای بوونی هەلومەرجی سەخت و قەیراناوی و بوونی ئاستەنگ و زیاتر لە ٢٠ جار جێگۆرکێ، دەنگی کوررستان لە دەنگ نەوەستاوە و لە سەر پاراستنی نەزم و دیسیپلین و ڕێکوپێکی لە کار و بەرێوەبردنی ئەرکەکانیدا بەردەوام بووە و غافڵ نەبووە لەسەر هێنانە بەرباسی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر جیددی بەڵام بە زمان و ئەدەبیاتێکی پاراو و سادە و خەڵک پەسەند و دوور لە درۆ و زیادەرەوی. بە زمانێکی زۆر ساکار و سادە دەوری خۆی لە ڕێک خستنی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا گێراوە و بۆتە جێگای متمانەی دۆست و دوژمن.

رادیو زۆر زوو بوو بە هاورێ و هاودەمی



خۆشەویست و جێی باوەڕی پیرو لاوی خەڵکی کوردستان و سێ جەمە سەری بە ماڵ-و مووچە و مەزراکاندا دەکرد و گوێ گرتن لەم دەنگە، خەڵک لەسەر خۆیان کرد بە فەرز. هەرچەند ئەم دەنگە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە قەدەغە کرابوو و گوێ گرتنی سزای لە سەر بوو و پارازێتی دەخرایە سەر، خەڵک کۆڵی نەدەدا و تا دەهات رادیو دەنگی کوردستان گوێگری زۆرتر دەبوو لایەنگرانی رۆژ لە رۆژ زیاتر بە تاسە و تامەزرۆیی‌یەکی زۆرترەوە چاوەڕوانی کرانەوە و دەست پێکردنی بەرنامەکانی دەنگی کوردستان، دەنگی پێشمەرگە و دەنگی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەبوون.

ئەگەر ئێستا بەهۆی زیاتربوونی ئامرازی راگەیاندن رەسانەیەکی وەک رادیو دەنگی کوردستان لە راگەیاندنی هەواڵ و زانیاری تا رادەیەک لە نێو جەماوەردا کەم رەنگ بۆتەوە دەنگ و رەنگی وەک کورد کاناڵ جێگای گرتوتەوە، بەڵام خۆشەویستیی ئەم دەنگە و خۆشەویستیی پرسنلەکەی لە نێو دڵ و زەینی ئۆگران و ئەویندارانیدا هەر ماوە و هەمیشە بە شانازی‌یەوە باسی دەکەن و وەک ستوونێکی پتەو و بە هێزی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆتە جێگای فەخر و شانازی و جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی لە نێو بزووتنەوەدا تەرخان کردوە. بێگومان بەشێکی بەرچاو لە شانازی‌یەکانی دەنگی کوردستان دەگەرێتەوە سەر خۆشەویستیی حیزبی دێموکڕات، بەشێکی زۆریش دەگەرێتەوە سەر ئەو کەسایەتی‌یانەی کە لەو میدیایەدا نووسیویانە و بەرێوەیان بردوە لەسەروی هەموانەوە دوکتور شەڕەفکەندی نەمر و یادی بەخێر کاک تەها عەتیقی و زۆر هاورێی دیکە، هەروەها بەشێکشی دەگەرێتەوە بۆ هەموو بەرێوەبەران، بەرپرسان، کارگێرانی رادیو، کادرە فەنی یەکان ، نووسەرەکان، وێژەران، وەرگێڕانو هەموو پێشمەرگە پارێزەرەکانی کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا دەنگی کوردستانیان وەک گلێنەی چاو پاراستووە و نەیانهێشتووە لە دەنگ بکەوێ و دوژمن زەفەری پێ ببا.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرم لە هەموو کارگێرانو وێژەرانو بەرێوەبەرانی دەنگی کوردستان دەکەم. دەنگێک کە ئێستاش لە نێو گوێی پیرو لاوی خەڵکی کوردستان دا دەزرینگێتەوە.

روانینی دەرەکی

# دەرفەت و مەترسیەکان بۆ ئابووریی ئێران دوای لاچوونی گەمارۆکان

نووسەر: ڕۆبێرت هۆرماتس
وەرگێران : ڕێبوار مەعرووف زادە

لە ١٦ی بەفرانباری ئەمساڵ، ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ڕایگەیاند کە ئێران ئەو مەرجانەی بەڕێوە بردوە کە لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ناسراو بە بەرجام باس کرابوو و بەم هۆیەوە گەمارۆی پێوەندیدار بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران کە لە لایەن ئەمریکا، یەکیەتیی ئوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان دانرابوو، لابردرا. لابردنی ئەو گەمارۆیانە کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ سەرمایەگوزاری لە ئێران و بازرگانی لەگەڵ ئێران دروست کردووە.

گەشبینییەکی زۆر لە ناو خەڵکی ئێران و بازرگانانی دەرەکی هەیە کە لاچوونی گەمارۆکان کێشە ئابوورییەکانی ئێران چارەسەر دەکا و کۆمەڵێک دەرفەتی سەرمایوگوزاری لە ئێران دەرەخسێنێ، بەڵام ئەو گەشبینییە پێویستە واقعبینتر بکرێ بەوەی کە کۆمەڵێک گرفتی دارایی و ئابووریی ئێران بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێن تا گەشەی ئابووریی ئێران گارانتی بکرێ. جێبەجێکردنی بەرجام بێگومان کۆمەلێک دەرفەت بەڕووی ئابووریی ئێران‌دا دەکاتەوە کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە ئازادکردن و دەستڕاگەیشتنی ئێران بکرێ بەو سەرمایانە کە لە بانکەکانی دەرەوە بلۆک کرابوون و هەروەها ئێران دەتوانێ هەناردەی نەوتی زیاد بکا و ڕێژەی بازرگانی و سەرمایەگوزاری زیاد بکا. بەڵام بەردەوامی و بەرفراوانکردنی گەشەی ئابووریی ئێران تارادەیەکی زۆر پێوەندی بە بڕیار و ریسکی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیە کە هەنگاوی جیددی هەڵبگرن بۆ کۆمەلێک چاکسازی لە ئابووریی ئێران‌دا، لەوانە زیاترکردنی شەفافیەت، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دارایی، بەستێن ڕەخساندن بۆ گەشەی کەرتی تایبەت و ڕێگەدان بە بەشداری هەموو خەڵکی ئێران لە دەرفەتەکانی ئابووری‌دا. ڕێبەرانی ئێران دەبێ بڕیار بدەن کە دەتوانن یا دەیانهەوێ تا چ ڕادەیەک لەدەستێوەردان و نفووزی ئاخوندەکان و نیزامییەکان لە ئابووریی ئێران‌دا کەم بکەنەوە. ڕێبەرانی ئێران هەروەها دەبێ بڕیار بدەن کە تا چ ڕادەیەک دەرگا بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی دەکەنەوە بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرمایەگوزاریانەی خەسار بە بەرژەوەندی ئابووریی ئەوان بگەیەنێ و مۆنۆپۆلی سەرمایەگوزاری لە دەست وان بێنێتەدەر.

شێوازی چاکسازیی ئابووری و زیاتربوونی سەرمایەگوزاریی ولاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا لە ئێران، کۆمەڵێک مشتومڕی لە نێو ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا دروست کردووە. عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران، لە یەکێک لە خوتبەکانی ڕۆژی جومعە دژایەتی سەرمایەگوزاریی ئەمریکای لە ئێران کرد و وتی کە سەرمایەگوزاریی ئەمریکا، لەسەر سیستمی ئیسلامی ئێران هەرەشە دروست دەکا. ئەوە لە حالێک‌دایە کە حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، لە کاتی سەردان بۆ نیۆیۆرک و قسەکردن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ کۆمەلێک بازرگانی ئەمریکایی دانیشتووە و دڵنیای کردوونەوە کە دەرگای سەرمایەگوزاری لە ئێران بەڕوویان‌دا دەکرێتەوە. بازرگانانی دەرەکی بەدەر لە ناڕوونی سیاسەتی ئێران لەهەمبەر سەرمایەگوزاریی دەرەکی دەبێ بڕیار بدەن لە چ بوارێک‌دا و لەگەڵ چ کەسانێک‌دا کار بکەن و چ ریسکگەلێک بکەن. ئێران کۆمەلێک دەرفەتی گەورە بەڕووی بازرگانانی دەرەکی دەکاتەوە بەهۆی ئەوەی هێزی مرۆیی خوێندەواری هەیە، ئابوورییەکی گەورە و سەرچاوەی وزەی زۆری هەیە. هەروەها بازرگانانی دەرەکی پێویستە لە باری کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی لە ئێران تێبگەن بۆ ئەوەی کارکردنیان لە ئێران تووشی گرفت نەبێ و بە وردی ئاگاداری ئەو گەمارۆیانەی ئەمریکا بن کە لە دوای لاچوونی گەمارۆکانی پێوندیدار بە پرۆگرامی ئەتۆمی هەر بەردەوام دەبێ.

**ڕێنماییەکانی خەزانەداریی ئەمریکا لەمەڕ بازرگانی لەگەڵ ئێران**

لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەتۆمی، ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا کۆمەلێک ڕێنمایی بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێران بڵاو کردەوە. بە پێی ئەو ڕێنماییانە ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا زۆربەی گەمارۆکانی لابرد کە ڕێگەی بە بازرگانەکان و کۆمپانیاکان نەدەدا کە لە ئێران دا سەرمایەگوزاری بکەن و لەگەڵ ئێران بازرگانی بکەن. لەمەوبەدوا ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا ڕێگە بە کۆمپانیاکان دەدا کە لەگەڵ بەشی دارایی، بانکی، وزە، پێترۆکیمیکال، کەشتیرانی و پیشەسازیی ماشێن کار بکەن. ئەمریکا ئەو گەمارۆیانەشی لابرد کە ریگای بە فرۆشتنی فرۆکەی گەشت و گوزار و پارچەکانی فرۆکەی گەشتوگوزار بۆ ئێران نەدەدا. ئەمریکا قەت گەمارۆی نەخستە سەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری خۆراک، دەرمان، کەلوپەلی مرۆڤدوستانە و هێندێک ئامرازی پێوەندیگرتن، بەڵام ئەو کۆمپانیانە بەهۆی گەمارۆ لەسەر سیستمی بانکی و ئاڵوگۆڕی دۆلار، نەیاندەتوانی پووڵی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بە ئاسانی وەدەست بێنن. ڕێنمایی ئیدارەی خەزانەداری ئەمریکا ڕێگە بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنیفەرش، خاویار و پستەی ئێران بۆ ئەمریکا دەدات. ئیدارەی خەزانەداریی ئەمریکا مۆڵەتی کارکردن بۆ ئەو کۆمپانیانە دەردەکا کە لە لایەن کۆمپانیا یا هاووڵاتیەکی ئەمریکی کۆنترۆل یا خاوەندارێتی دەکرێ بۆ ئەوەی کاری بازرگانی لە ئێران بکا بە مەرجێک لە چوارچێوەی ماددەکانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی و یاساکانی ئەمریکادا بێ. ئیدارەی خەزانەداری ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی ڕێگای بە کۆمپانیا و بازرگانانی ئەمریکی داوە کە لقی کۆمپانیا بۆ بازرگانی لە ئێران بکەنەوە بەڵام ڕوون نیە کە بە کردەوە ئەو مولەتی کارکردنانە چۆن دەبێ و لقی ئەو کۆمپانیانە چەندە دەتوانن لە کۆمپانیای سەرەکی-ئەمریکی جیا و جیاواز بن. کۆمەلێک گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا کە پێوەندیدارە بە بابەتی مافی مرۆڤ، تیرۆریزم و تاقیکردنەوەی مووشەکی باڵستیک هەروا بەردەوام دەبن و هیچ هاووڵاتی یا کۆمپانیایەکی ئەمریکی ناتوانێ لەگەڵ وڵات و حکوومەتی ئێران لەو بوارانەدا بازرگانی بکات. کۆمپانیا و هاووڵاتیانی ئەمریکا ناتوانن لەگەڵ ئەو کەسانە کاری بازرگانی بکەن کە لە لیستی ڕەشی ئەمریکا دان. کۆمەلێک لە هاووڵاتیانی ئێران بە هۆی پشێلکردنی مافی مرۆڤ، پشتیوانی لە گرووپگەلی تیرۆریستی و چالاکی سەربازیی لە دەرەوەی ئێران لە لیستی ڕەشی حکوومەتی ئەمریکا دان و هەرچەشنە بازرگانی‌یەک لەگەڵ ئەو کەسانە قەدەغەیە. لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران، ئیدارەی خەزانەداری ئەمریکا ناوی زیاتر لە چوارسەد هاووڵاتی ئێرانی لە لیستی ڕەش دەرهێنا، بەڵام هەروا نزیک ٢٠٠ سەد ئێرانی لە لیستی ڕەشی حکومەتی ئەمریکادا ماون. بە پێی ڕینمایی خەزانەداری ئەمریکا، بانکەکانی ئەمریکا دەتوانن پووڵ لە ئێران وەربگرن یا بۆ ئێرانی بەرێ بکەن، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕی دراوە ئەو کۆمپانیانە ناگرێتەوە کە لقی کۆمپانیایەکی ئەمریکین لە ئێران. بە واتایەکی دیکە کۆمپانیاکانی ئەمریکا کە بنکەیان لە ئەمریکا هەیە دەتوانن لە سیستمی بانکی ئەمریکا کەڵک وەربگرن بۆ بازرگانی و سەرمایەگوزاری لە ئێران بەڵام لقەکانی ئەو کۆمپانیانە لە ئێران و دەرەوەی ئەمریکا بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێران ناتوانن لە سیستمی بانکی ئەمریکا کەڵک وەربگرن.

**بارودۆخی ئێران بۆ سەرمایەگوزاری**

لە لێکدانەوەی ئەگەری هاتنی سەرمایەی دەرەکی بۆ ئێران پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێران حەشیمەتێکی گەنج و خوێندەواری هەیە. نزیکەی ٦٦ لەسەدی حەشیمەتی ئێران تەمەنیان لە خوار ٣٥ ساڵ دایە. ڕێژەی خوێندەواری لە ئاستی ئێراندا زیاتر لە ٨٧ لەسەدە و بەشێکی بەرچاو لە خوێندکارانی ئێران لە بەشەکانی بیرکاری، تەکنۆلۆژی زانیاری، ئەندازیاری و پزیشکی زانکۆیان تەواو کردوە کە ئەو بابەتە کارئاسانی بۆ کۆمپانیاکانی دەرەکی دەکا کە هێزی کاری باش و هەرزان دەستەبەر بکەن. ژنانی ئێران نزیکەی ٧٠ لەسەدی قوتابیانی بەشەکانی زانست و ئەندازیاریی ئێران پێکدێنن. زیاتر لە ٤٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێران ئینتێرنێت بەکاردێنن و ئەوە ڕێژەیەکی زۆرە لەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نموونە تەنیا ١٠ لەسەدی حەشیمەتی عێراق بەکارهێنەری ئینتێرنێتن.

ئێران ئابوورییەکی فرەچەشن و گەورەی هەیە و بەم هۆیەوە سەرمایەگوزارانی دەرەکی مەجالی زۆریان هەیە بۆ سەرمایەگوزاری. سەرمایەگوزارانی دەرەکی دەتوانن لە بەشەکانی نەوت و گاز، پیشەسازیی پێترۆشیمی، پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ماشێن و تەکنۆلۆژیی زانیاری چالاک بن.

**لاوازییەکانی ئابووریی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی**

ئابووریی ئێران خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ئاڵۆزە و بەم هۆیە کارکردن بۆ سەرمایەگوزارە دەرەکی‌یەکان دژوارە. هەروەها نزیک ٢٠ لەسەدی حەشیمەتی ئێران کە دەتوانێ کار بکا، بێکارە و ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری زۆرە. ئابووریی ئێران بۆ هەبوونی گەشەیەکی بەردەوام پێویستی بە کۆمەڵێک چاکسازیی بنەڕەتی هەیە. بانکی جیهانی لە هەڵسەنگاندنی ١٨٩ وڵاتی جیهان بۆ ئاسانبوونی کاروباری بازرگانی، ئێرانی لە پلەی ١٣٠ داناوە. لە ئێران‌دا بازرگانان بۆ بەدەستهێنانی کارکردن لە پرۆژەکانی بنیاتسازی، مافی وەک یەک و دەفەتی وەک یەکیان نیە و ململانێ‌یەکی یەکسان لە ئابووریی ئێران‌دا بوونی نییە. سوپای پاسداران و بونیادەکانی وەک بونیادی شەهید و بونیادی موستەزعەفین خاوەنی سەرمایە، چەندین کارخانە و کۆمپانیا و دەرفەتی سەرمایەگوزاریی بەرفراوان لە ئابووریی ئێران دان. بەروارد دەکرێ کە سۆپای پاسداران نزیک ١٢٥ هەزار کەسی لە هێزەکانی وشکایی، ئاسمانی و دەریایی ئێراندا هەبێ. گەمارۆکانی سەر ئێران مەیدانی بۆ بەرفراوانبوونی ڕۆلی سوپای پاسداران لە ئابووریی ئێران‌دا ڕەخساند و بەرتەسکردنەوەی ڕۆلی سۆپا لە ئابووری‌دا دژوارە. هەروەها یاساکانی ئێران بۆ کاروباری دارایی پێویستیان بە چاکسازی هەیە و بۆ گەشەی کەرتی تایبەت، پێویستە ڕۆلی دەوڵەت لە بەکارهێنانی بودجە و سەرچاوەکانی وزە کەم بکرێتەوە.

بەگشتی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران کۆمەڵێک دەرفەت و مەترسی ڕووبەرووی ئابووریی ئێران کردۆتەوە و دەوڵەت دەتوانێ لە ئاراستە بەخشین بەو دەرفەت و مەترسیانەدا ڕۆلی گرینگ بگێرێت. تێبینی:

ئەو وەرگێڕانە بەشێکە لە لێکۆنەوەی ڕۆبێرت هورماتس کە لە سایتی شووڕای ئاتلانتیک (Atlantic Council) بڵاو کراوەتەوە. لینکی بابەتەکە:
http://www.atlanticcouncil.org/publications/issue-briefs/post-sanctions-economic-opportunities-and-risks-in-iran

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران دا



بەشی یەکەم

حەسەن حاتەمی

خوێنەرانی بەڕێزی کوردستان!

ئەو نووسراوەیە کە بەشێوەی زنجیرەیی لە "کوردستان" دا بڵاودەکرێتەوە، ئاکامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەشێک لە بەستێنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە دوای پتر لە٣٠ ساڵە دەسەڵات بەدەستە. ئەو دەسەڵاتەی کە لە جیهان دا، بەڕێوەبەریەکی تایبەتی و تاقانەیە و وێنەی بەم شێوەیە نییە.

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا، فرە ڕەهەندی‌یە. بەڵام ئەو نووسراوەیە پتر لایەنی شوێن دانەر و کەسایەتیی و ڕێکخراوەکانی لە مێژووی ئێران و بەتایبەتی لەنێو مەزهەبی شیعە دا، بەرجەستە کردۆتەوە.

پێشەکی

٣٠ ساڵ لە دامەزران و دەسەڵاتی پڕلە کارەساتی سەرەڕۆیی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا،تێپەڕی. ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لەو ماوەیە دا، و نەخشی پڕڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران لە خۆڵقاندنی توندوتیژییەکان، پەرەگرتوویی بەرفراوانی بناژۆیی (بونیادگەرایی) ئیسلامی سیاسی شیعە، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو دەسەڵاتە ناتەبایەی ئیسلامییەت و جمهوورییەتە دەگەڕێتەوە کە لەنێو خۆی دا، کێشەی زۆر لێکەوتۆتەوە. پڕە لە قەیران و خۆی قەیران خوڵقێنە و خۆدەبازکەر لە قەیرانەکانیشە!؟

جەمشید فارووقی - لێکۆلەر-، دامەزرانی ئەو ڕێژیمە بە« شۆڕشی ئیسلامی» ناو دەبا و بەڕووداوێکی گەورەی دەزانێ کە سیمای ئێران و ناوچەکەی لە بنەڕەتڕا گۆڕی. بە قەولی ئەو:»مەتەڵ (موعەما) ی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆتە ٣٠ ساڵە«. گرینگی ئەو ڕووداوە سیاسییە دەتوانیین لە کاریگەرییەکانی و دواهاتەکانی سیاسی، ناوچەیی و نێونەتەویی چاو لێبکەین.

- یادداشتەکانی جەمشید فارووقی ٠٧/٠٢/٢٠٠٩، «بازخوانی انقلاب اسلامی بخش اول»-

لەژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسی دا، رووماى خەباتی ڕزگاریخوازیی فەلەستین، گۆڕانی بەسەر داهات و لە هەڵبژاردنی ٢٥ ی ژانوییەی ٢٠٠٥ دا، پتر بەلای ڕێکخراوەکانی حەماس و جیهادی ئیسلامی دا شکایەوە و لانی کەم هەم ئەو بڕەخاکەی فەلەستینی‌یەکان لێی دەژین و هەم خەباتەکەی و ئیدارە سیاسی و حکوومەتەکەی تا نووسینی ئەو دێڕانە بۆتە دوو بەش. باریکەی غەزەی ئیسلامی و لێوارەکانی چۆمی ئۆردۆن، نا ئیسلامی و سکۆلارە. لە لوبنان حیزبوڵڵاو ئەمەلی ئیسلامی دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەیە. لە ئەفغانستان و عێراق دوای ڕووداوی جینایەتکارانەی ١١ ی سێپتامبری ٢٠٠١، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان گۆڕان. بەمێژوو سپاردنی ڕێژیمەکانی سەرەڕۆی بەعس و تالیبان زۆر بە قازانجی دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستا تەواو بووە.

لە عێراق دا، دوای لابرانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی حیزبی بەعس و دیکتاتۆری سەدام حوسێن، گرووپەکانی حیزبولدەعوە، مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی عێراق- ناوی گۆڕاوە و بۆتە مەجلیسی بەرزی ئیسلامی عێراق-، سپای بەدر و ڕەوتی سەدر، کە دەستکردی ئێران بوون، زۆرترین دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. تەنانەت لە ناوچەی هەرێمی کوردستان یش، کۆماری ئیسلامی دەستتێوەردان دەکا و دەسەڵاتێکی شاراوەی بەهێزی هەیە. دروستبوونی حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانی توندئاژۆی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەنسارو‌ئیسلام و ئەنسارولسونە- کە ئێستا ناوی خۆیان گۆڕیوە-، بە یارمەتی ئێران دروست کران.

ڕێژیمی ئێران و بەتایبەتی سپای قودس، سازمانی ئیتلاعاتی سپا(ساس) و دەزگا ئەمنییەتی و نیزامی یە توند کردەوەکان، ئاژاوەگێرانی گرینگ و شەڕ خوڵقێنی عێراقی نوێن.

کاتێک کە ئەفغانستانی ژێردەسەڵاتی تالیبان و ئەلقاعدەی موخالیفی کۆماری ئیسلامی، بە هۆی هێرشی نیزامی ئەمریکا، لەسەر دەسەڵاتی کابول لادران؛ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بەهۆی پشتیوانی لە حیزبی ئیسلامی گولبەدین حیکمەتیار و پاشماوەی تالیبان و ئەلقاعیدە، بۆ شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆ دەورێکی گەورەی لە قەیرانەکانی نێوخۆیی ئەفغانستان گێڕا. - پێشتریش زۆرترین پشتیوانی لە گرووپە ئیسلامییە توند ئاژۆیەکان، لەشەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا، - کە دەسەڵاتێکی کوودێتایی چەپئاژۆ لە ئەفغانستان، دەسەڵاتدار بوو و یەکیەتیی سۆڤیەتپشتیوانی هەمە لایەنەی بوو، دژایەتی دەکرد.

لە یەمەن و وڵاتە عەرەبیەکانیی کەنداو، ئیسلامی فێندەمێنتالی(بناژۆیی) - کە کۆماری ئیسلامی ئێران، نوێنگەیەتی-، کێشەیەکی مەترسی داری دروست کردوە.

دوو جار هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامی نەرم نوێن (مام ناوەندی) لە تورکیە، بەشێوەیەک کارتێکەریی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە و لەنێو خەڵک دا، بەسەرەوەبووە. بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا، کە حیزبی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی)، براوەی بەهێزی هەڵبژاردنی پارلمانی ئەو وڵاتە بوو و زۆرینەی کورسی‌یەکانی پارلمانی وەدست خست و کابینەی بەتەنیای پێک هێنا. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، جگە لە کابینەی وەزیران، پۆستی سەرکۆماریشی مسۆگەر کرد. لەو ڕەوتەدا، بیری ئیسلامی لەو وڵاتەش زیاتر بەستێنی بەرەو پێشەوەچوونی بۆڕەخسا. بیری ئیسلامی – جاریٓ مەدەنی-، لەو وڵاتە، دەسەڵاتی نیزامی و بەرگریی لە سیستێمی لائیک و سکۆلاری، تووشی دڵەڕاوەکێ کردوە.لە ئەمریکای لاتین، لەدوای نەمانی شەڕی سارد لە ٢٠ ساڵی ڕابردوو دا، گەورەترین گۆڕانکاری بە هۆی هەڵبژاردنەکانی تا ڕادەیەک ئازاد، لەو وڵاتانە دا، پێک هات. نێوەڕۆکی زۆربەی ئەو گۆڕانکاریانە، چەپ و یەکسان خوازانەیە. بەڵام نزیکایەتیی و دۆستایەتیی سیاسیی و بازرگانی ئەوان لەگەڵ ڕێژیمی سەرەڕۆی ئیسلامی ئێران، بێ وێنەیە. وڵاتانی چەپ ئاژۆی وێنزۆئێلا، نیکاڕاگوا و برزیل لە دۆستان و پشیتوانانی نزیکی کۆماری ئیسلامی ئێرانن!؟

لە ئەفریقاش گۆڕانکاری مەزن ڕوویان داوە و زۆربەی وڵاتانی ئەو دەڤەرە، خۆیان لە دیکتاتۆریی دەیەکانی شەڕی سارد نەجات داوە. وڵاتانی سودان و سۆمالی – کە ئیسلامییەکان دەسەڵاتدارن- لەگەڵ ئێران باشترین پێوەندیان هەیە. ئێران لە زۆر وڵاتی ئەو قاڕڕە یە دا، دەستە و تاقمی ئیسلامیی توندئاژۆ و تیڕۆڕیستی، دروست کردوە. بەشێک لە ئاژاوەگێران لەو ناوچانە، بەشێوەیەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پێوەندییان هەیە.

لەنێو خۆی ئێرانیش لەو ٣٠ سالە دا، زوربەی خەڵکانی ئێران، بە تورکی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارسەکانی دیکتاتۆر نەویستەوە، لەژێر گۆشار و تەپەسەری ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە دان. بەتایبەتی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین سەرکۆماری و کوودێتای سپای پاسداران و وەلی موتڵەقەی فەقیە (علی خامنەای) لە دەنگەکانی خەڵک، لە ٢٢ ی جۆزەردانی ١٣٨٨ (٢٠٠٩) دا، گەورەترین قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ ڕێژیم، بەدواوە بووە.

سەرەڕای ئەم شتانەی ئاماژەیان پێکرا، مەسەلەی دەسڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە چەکی ناوکی (ئەتۆمی)، لەوانەیە جێهان توشی هەڕەشەی «تێڕۆڕیسمی ئەتۆمی» بکاتەوە. ئەو ئاکارە دزێوانە زۆربەیان، ماکەکەیان دوای دامەزرانی ئیسلامی سیاسیی لە ئێران دا، سەری هەڵداوە. بۆیە ناسینی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە ئێران و ڕێکخراوە گرینگەکانی زۆر پێویستە.

هەروەها، ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، دوای هاوینی ٢٠١٤ (١٣٩٣) دیاردەیەکی نوێی ئیسلامی سیاسی سونی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)،سەری هەڵداوە کە ئاکارەکانی تەژی (پڕە) لە جینایەتی گەورەی جێی داخ و سەرسووڕمان. تەنانەت تێڕۆڕیسمی ئیسلامی بۆ ئوورووپا و ئەمریکاش گوزراوەتەوە.

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا، کە ماکەکەی بیری ئیسلامی توند ئاوژویی و ناوەندی تێڕۆڕیزمی دەوڵەتی یە، و کاریگەری فیکری و کردەویی لەسەر ئاکارە دژی ئینسانییەکان زۆرە، ئەو ڕەوتە گرینگی پێدانی لە رابردوو پترە. هەرچەند داعش بەرهەمی شەڕ و کێشە و ململانێینێوخۆییەکانی سووریە و عێراقە. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران- بە هۆی دەستتێورەدانی نەرێنی و دژی ئارامی و ئاشتی و پێکەوە ژیانیئازادانە و دڵخوازی گەلانە لە ناوچەکە دا-، بەشێکە لە مەسەلە ئاڵۆزەکانی ئەو بەشەی جوغرافیای جیهانی و مەترسی بۆ ژیانی مرۆڤایەتیی سەردەم ساز کردوە.

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بەڕێز خالیدی عەزیزی‌یەوە پێشکەش کرا (٨)

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان
16th CONGRESS
Kurdistan Democratic Party - Iran

**حدک و لایەنە کوردستانییەکان**

لە بەستێنی کوردستانیدا باس و خواسەکانی نێوان دوو کۆنگرەی ١٥ و ١٦ سێ بازنە یان سێ ئاست دەگرنەوە: یەکەم، هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچە (لە سۆنگەی پرسی کۆنگرەی نەتەوەییەوە) دووەم، پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، سێهەم ئێمە و حدکا.

**کۆنگرەی نەتەوەیی**

دەمێکە گەلی کورد و بژاردە سیاسییەکانی ئەو گەلە ئارەزوویانە و مەبەستیانە دامەزراوەیەکی هاوبەشی هەر چوار پارچەی کوردستان لە شکلی کۆنگرەی نەتەوەیی‌دا پێک بێنن. لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا چەندین هەوڵ لەژێر ئەو ناوەدا دراون، چ بەهۆی لاوازییان و چ بەهۆی ئەوە کە هێژێمۆنیی لایەنێکیان بەسەرەوە بووە، قەت نەیانتوانیوە ببنە دامەزراوەیەکی سیاسیی هاوبەش کە نوێنەرایەتیی هەموو کورد بکا یان لانیکەم هەموو لایەنەکانی کورد پێکەوە کۆ بکاتەوە. بەپێچەوانەی ئەوانە، هەوڵی هاوینی ساڵی ٢٠١٣ی سەرۆکایەتیی هەرێمی باشووری کوردستان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئامادەکردنەکەیدا بەشدار بوون و ئومێد و چاوەڕوانیی ئەوەی دروست کرد کە بۆ یەکەمجار لە مێژووودا بژاردە و نوێنەرانی هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردستانییەکان پێکەوە دامەزراوێکی هاوبەشی سیاسی دروست بکەن.

ئەزموونی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی نیشانیدا کە جیا لە ئاستەنگەکانی پێوەندیدار بە دەوڵەتانی حاکم لە کوردستان و هاوکێشەکانی ناوچە، کۆسپی هەرە گەورە پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کورد و ململانێ و رکابەریی نێوان لایەنە مەترەحەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیەیە. بەداخەوە لە ڕەوتی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی‌دا دەرکەوت کە دابەشبوون و کێبەرکێی نێوان بەرژەوەندیە حیزبییەکان بە تەواوی بەرچاوە و زۆر لایەن ئەوەندەی لە خەمی جێگە و پێگەی حیزب و پارچەکەی خۆیاندان، ئەوەندە بە ڕێککەوتن لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش کە هەموو پارچەکان بە دروستی بخوێنێتەوە و باڵانسی نێوان لایەنەکانیش ڕابگرێ ماندوو نین. لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە، بەداخەوە ئەم یەکەمین هەوڵە جیددی و هەمەلایەنەی کۆنگرەی نەتەوەییش سەری نەگرت و دیسان بۆ ماوەیەکی نادیار بە خەیاڵ و ئارەزوو سپێردرایەوە.

یەک نەتەوەبوونی کورد بەو مانایە نیە کە لهباری سیاسییەوە کورد یەکگرتوویە. ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێ کە شادەماری ڕەوتی بەنەتەوەبوون و نەتەوەسازی هەبوونی پرۆژەیەکی سیاسیی هاوبەشە، کەمتر شتێک کە بەداخەوە دەبێ دانی پێدا بنێین ئەوەیە کە کورد نەک هەر لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان، بەڵکوو لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکی کوردستانیش لەو پرۆژە سیاسییە هاوبەش و یەکگرتوویە بێبەشە. ئەرزی واقعی کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە. هەر پارچەیە فەرهەنگی سیاسی و بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆی هەیە و بەسەر چەند حیزبدا دابەش بووە. هەر حیزبەش بە مەرام و ئاجێندای تایبەت بە خۆی دەجووڵێتەوە.

سیاسەتی ئێمە ئەودەمیش و ئێستاش پێشوازی لە هەر چەشنە هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی فۆرۆم یان هەر دامەزراوێکی هاوبەشی نەتەوەیی کە بە دوور لە هێژێمۆنی خوازیی لایەنێک یان پارچەیەک بەسەر لایەن و پارچەکانی دیکەدا یارمەتی بەوە بکا کە کوردەکان هەم بۆ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان و هەم بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا لەسەر هێندێک پرەنسیپ ڕێک بکەون و کاریان پێ‌بکەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگانە کە لە کورتخایەندا لەسەر ڕێگای وەدیهێنانی ئەو پرۆژەیە هەن، لەو باوەڕەداین کە پێش ئەوەی لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان بە ئەنجامی هاوبەش بگەین، پێویستە لایەنەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لەنێو خۆیاندا بگەنە جۆرێک لێکتێگەیشتن و کۆدەنگیی مایەدار. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەولەوییەتی ئێمە ڕێکخستنی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

**حدک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات**

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێبەریی حیزب هەوڵ و دەستپێشخەریەکی زۆری لەپێناوی هەماهەنگی و کۆدەنگی و تەنانەت دروستکردنی هێندێک چوارچێوە بۆ کاری هاوبەش لەنێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە خەرج داوە. لە ساڵانی دواییدا چەند جارێکیش دەرفەتی هاوکاری لەسەر مەسایلی کۆنکرێت هاتۆتە پێش. بۆ نموونە لە پەراوێزی کاردروستایی بۆ کۆنگرەی نەتەوەییدا دێموکراتەکان و کۆمەڵەکان هەماهەنگییەکی تاڕادەیەک باشیان لەنێواندا هەبوو. ئێمە ئەوەمان وەک دەرفەتێک دەزانی کە لەدرێژەی خۆیدا بیکەین بە دەسپێکی بەکردەوە بۆ لێکنیزیکبوونەوە و کاری هاوبەش. ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام لەنێو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتدا باسی دروستکردنی ئەو چوارچێوەیە بۆ کاری هاوبەش کراوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئاکامێکی بەکردەوە وەدەست نەهاتوە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیا لە کۆمەڵێک کێشەی کۆن و ڕابردوو کە هێشتا شوێنەوارەکانیان بە تەواوی نەڕەویونەوە، لێکدابڕانەکان و شوێنەواری ڕەوانی و تەشکیلاتیی ئەو ناکۆکییانە ئێستاش باڵیان بەسەر شێوەی تەعامولی هێندێک لایەن لەگەڵ یەکتردا کێشاوە و هێندێک لایەن ناوبەناو زێهنیەتی سەردەمی دابڕان لەدژی یەکتر زیندوو دەکەنەوە. هەربۆیە کاتێکیش کە دەرفەتێک بۆ دروستکردنی چوارچێوەی کاری هاوبەش دێتە پێش، هەندێک لایەن بە دانانی مەرج و دار و لەلە هەوڵ دەدەن لایەنێکی دیکە کە بە خەنیمی خۆیانی دەزانن وەلانێن و بەمجۆرە پرۆژەکان لەبار دەچن.

ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا کاتێک دەتوانن لە هاوکێشەکانی ناوچە و وڵاتی خۆیاندا شوێندانەر بن و حیسابیان بۆ بکرێ کە پەرە بە سەنگی تایبەت بە خۆیان بدەن. بۆ ئەوەش پێویستە هەوڵ بدەن بە ساغبوونەوە لەسەر گوتار و ڕێکاری هاوبەش و هەمەلاگیر زۆرترین پۆتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە هەموو بەستێنەکاندا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە.

**ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا کاتێک دەتوانن لە هاوکێشەکانی ناوچە و وڵاتی خۆیاندا شوێندانەر بن و حیسابیان بۆ بکرێ کە پەرە بە سەنگی تایبەت بە خۆیان بدەن. بۆ ئەوەش پێویستە هەوڵ بدەن بە ساغبوونەوە لەسەر گوتار و ڕێکاری هاوبەش و هەمەلاگیر زۆرترین پۆتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە هەموو بەستێنەکاندا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە**

بە لەبەرچاوگرتنی جێگە و پێگە و شوێندانەریی «دێموکرات» لەنێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێمان وا بووە کە هەتا کێشەی نێوان دوو حیزبی دێموکرات چارەسەر نەبێ، دەرەتانی دروستکردنی بەرە یان هەر شتێکی لەو بابەتە لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا نارەخسێ، مەگەر ئەوە کە حازر بین هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکەین (شتێک کە هەرگیز لە سیاسەتی ئێمەدا نەبووە). هەر بۆیە ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا قورسایی زۆرتری هەوڵەکانمان خستبووە سەر چارەسەری پرسی نێوان دێموکراتەکان. بەڵام ئەگەر لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئاکامی دڵخوازیش نەگەین، زۆر زەرووره کە بۆ ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و سیناریۆکانی داهاتوو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە لانیکەمی بنەمای لێکتێگەیشتن و مێکانیزمی کاری هاوبەش بگەن، جا لە هەر ڕادە و سیغەیەکدا بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان و حدکا**

چارەسەری کێشەی هەر دووک بەشی دێموکرات و پرسی یەکگرتنەوە یەکێک لەو بابەتانە بووە کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا فکری ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو لایەنی دێموکراتی زۆر بە خۆیەوە مەشغووڵ کرد وباس و قەزاوەت و حوکمی جۆراوجۆری بەدواوە بووە. لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەر بەدوای لەتبووندا ڕامانگەیاندبوو کە بە لەبەرچاوگرتنی ویست و بەرژەوەندیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەر زەرووره‌تی هاوخەباتی ئامادەی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی پرسی نێوان دێموکراتەکانین، هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر تەنیا پاش کۆنگرەی پازدەهەمیان و پاش هەوڵی هێندێک دۆستی هاوبەش ئامادە بوون دەرگای دیالۆگ بکەنەوە.

دوای ئەوە هەردوو لایەن هەیئەتمان بەمەبەستی بەدواداچوون و تاوتوێکردنی پرسەکانی پێوەندیدار دیاری کرد چەند دەور کۆبوونەوە و دانیشتنمان پێکەوە هەبوو. ئێمە تەنانەت پرۆژەیەکمان لەبارەی بنەما و چۆنیەتی و قۆناغبەندیی یەکگرتنەوە لە کۆمیتەی ناوەندیدا پەسند کرد و دامانە هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر. ئەو پرۆژەیە بەو دیدەوە نووسراوە کە مادام حیزبی دێموکرات بووە بە دوو بەش و بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە و پایەدار بێتە دی، پێویستە دوو لایەن پێکەوە یەکی بخەینەوە. ئەگەریش لەو نێوەدا لایەنێک لەگەڵ ناوبردنی لایەنەکەی دیکە بە ناوی خۆی کێشەی هەیە، دەتوانین لەسەر سیغەیەکی نەرمتر بۆ نموونە «دوو لایەنی دێموکرات» یان «دێموکراتەکان» ساغ بینەوە. ئێمە هیوادار بووین کە ئەو هاوڕێیانەش سەرەنجام گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن کە شێوازی چارەسەری پرسەکە لە دیدی وانەوە ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەنجامی تاوتوێی هەردوو گەڵاڵەدا بە ئاکامی دڵخواز و جێگای پەسندی هەردوو لا بگەین. بەڵام ئەوان هەرگیز ئامادە نەبوون هیچ پرۆژەیەکی ئەمڕۆیی بە نووسراو بدەنە ئێمە و لەو چەند جار دانیشتنەشدا کە لە قۆناغی دواتردا ڕاستەوخۆ لەنێوان دەفتەری سیاسیی هەردوولادا بەڕێوە چوون، دەرکەوت کە نیازی لایەنەکەی دیکە ئەوە نیە کە وەک دوو حیزب یەکبگرینەوە، بەڵکوو سەرەڕای باسکردن لە تەوافوق و کۆنگرەی هاوبەش (کە ئێمە ئەوەمان بە شتێکی موسبەت زانیوە و پێشوازیمان لێ کردوە) لەڕاستیدا دەیانەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکەڵی حدکا بێتەوە و هەموو شتەکانیش لە دەستپێکی پرۆسەکەوە تاکوو کۆتایی هەر لە چوارچێوەی حدکا و بە زێهنیەتی کۆنگرەیەک بێ کە دوازدە ساڵ پێش ئێستا گیراوە.

ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لەپێناوی یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینەدا کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکڕات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ لێکدابڕان چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و ڕەوتی وەسەریەک کەوتنەوە بە جۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو ڕەوتە و لە ئیدارەی داهاتووی حیزب بکەن. ڕەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە فەرع نەزانێ یا لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدا نەبێ کە خۆی بە براوە بزانێ و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ. واتە حیزبێکی دێموکڕاتی بەهێز و یەکگرتوو کە چی‌دیکە لە کێشەکانی ڕابردوودا گیر نەکا و ڕێزگرتن و سازکردنی سەنتێز لە ڕابردوو و ڕوانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیریەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگەدا.

کوردستان رۆژنامەی ● ژمارە: ٦٨٢



## ئەی نیشتمان

عەزیز شێخانی

**ئەی نیشتمان، وڵاتی دایک**
**مەڵبەندی خەونەکان**
**دوڵ و خڕی نێوان چیا سەرکەشەکانت**
**پڕ بە قورگی کراوە و ژێ نەپساوەکانیان**
**مۆسیقا و ئاوازی زێڕینت بۆ دەچڕن**
**بە دەنگی ئاوی پاراو و گڤەی بایسیحراوی**
**ئەستێرەی تەمەنی کۆرپەلەی ئازادیت دەخەوێنن**
**بە پەنجەی تەڕی باران و لایەلایەی پڕووشەی پەری ئاسای بەفر**
**لانکەی گۆڕانی هەرمانت رادەژێنن**
**ئاخر لە کێو، لوتکە، ، بنار، لێڕەوار، تەپۆڵکە و دەشتەکان**
**لە کوێستان، گەرمێن و ئاوی کانیاوەکانت خۆشەویستر هەیە؟**

**ئەی نیشتمان، خاکی سوور رامان**
**تۆ خاکی بە نرخ و مەڵبەندی قوربانی و ژینگەی ئازاکانی**
**دارستان و مەزراکانت**
**رووبارە ئۆقرە نەگرتوەکانت**
**روخساری بەرز و بەردەڵانی بەرزاییە سەرکەشەکانت**
**لە گەڵ ورەی بەرز و نەشکاوی پارێزەرانت**
**لە جەرگەی سەرما و گەرما**
**لە وەرزی شەماڵ و زریان**
**لە لوتکەی سەرکەوتن و داوێنی شکانەکاندا**
**بە تێکڕا زیکری وەفاداریت دەکەن و**
**پڕ بە بۆشاییەکانی ئاسمان هاواری مانەوە و ئازادیت سەر هەڵدەدەن**
**پێشمەرگە و پارێزەرەکان**
**شەهید و کەم ئەندامەکان**
**هەڵگرانی خەمی چارەنووس و**
**دژبەرانی داگیرکەران**
**لە وەرزی ئارەقە و خوێندا**
**بۆن بە خاکتەوە دەکەن و لە دوامالئاواییدا**
**بە سەخاوەتەوە لە سەر سینگی بریندارت**
**زار بۆ کانیاوە تەقیوەکانی خۆشەویستی بنارت دەکەنەوە**
**ئەوان لە پێناوی تۆ و بۆنی خاکی پاش باران**
**چاوەکانیان لە گۆڕەپانی قوربانیدان دەبەخشن و**
**بە چاوی دڵ لە ئەستێرەی بەخت و رزگاری تۆ و کوردان دەڕوانن**

**ئەی نیشتمانی شێعر و راستی**
**خاکی خۆر و با**
**ئێمەی ئۆگرانی کەعبەی ئارەزووت**
**لە بەردەڵانی ژیان و رۆژگاردا**
**لە خاکەلێوەی سێدارە و**
**پووشپەڕی غدر و خیانەتدا**
**چاو دەبڕینە گەلاوێژی هەستانەوە و**
**لە گەڵ سەرماوەزی چەک لە شان**
**هەتا رێبەندانی مێژوو هەنگاو شل ناکەین**
**لە شەقامی شاری راسان و گوندی باوەڕ**
**دستەملانی گەردەلوولی رەشەباکانت دەبین و**
**هەتا ناخی ئازادبوون و بازنەی تریفەی مانگ**
**سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی و ئەی رەقیبت دەیکەینە**
**بانگی تۆڵە و بەگژداچنەوە**

**ئەی نیشتمان، وڵاتی هەزار دوڵ و چیا**
**زێد و خاکی سەنگەر**
**خۆشەویستی ئێمە و تۆ باڵای ناسنامە و**
**قەڵافەتی ئازایەتی و بڕبڕەی سەرکەوتنمانە**
**روخساری خۆڕاگری رۆڵەکانت**
**ئاوێنەی تاشەبەرد و تاوێرەبەردەکانی ئامێزی**
**چیا سەخت و چاونەترسەکانتە**
**کە بۆ پێشمەرگەکانی سەنگەر و پارێزوانانی راستەقینە**
**سەرتاپا دەبنە دورگە هێمنایەتی و**
**قەڵغانی لە شکان نەهاتوو**
**رووباری فرمێسکی خەم و ژانی تازیەداران**
**تۆزی سەر روخساری ماندووی**
**شان و پیلی خۆڕاگریت دەشۆنەوە و**
**دەبنە رەشەبای  قین و راسان و**
**بەرەوە بیابانی دیکتاتۆرییەت و جەهەننەمی سەرکوتکەران**
**ریگە دەگرن**

**ئەی نیشتمان، ئاخی کانی و کانگا شاراوە زێڕینەکان**
**ئاودێرە ئاشقەکان**
**ئۆگرانی زایەڵەی دەنگی بەیانی**
**بە بەخشینی جەستە و گیان**
**داری ئازادیی و مەزرای سەربەستیت ئاو دەدەن**
**بە قرمژنی چەکی دەست و وشە**
**چیرۆکی زامی قوڵی نەتەوەکەت**
**بە بارەگای ویژدان و گوێی کپی داگیرکەر دەگەیەنن**
**ئەوان بە پەنجەی سەر پەلاپیتکەی چەک و پێنووسەکانیان**
**گۆرانی بە بەژن و باڵای سەنگەر و**
**حەیران بۆ ئەوینی**
**شەهیدانی خاک و ئازادی دەڵێنەوە**

میژووی زیندوو!

# ئاوڕێک لەژیان و خەباتی تێکۆشەر عەبدوڵڵا شەخسە(شەقاز)



**هەیاس کاردۆ**

«هەورازی کووڕ پشتی شاخێکی بە عومرە
بۆ پێشمەرگە دانەویوە.....» (شێرکۆ بێکەس)

قەت ناتوانم بەوشەیەک، ڕستەیەک، پاڕاگرافێک و تەنانەت لاپەڕەیەکیش مانای پێشمەرگە لێک بدەمەوە. ڕەنگە باشترین و لەڕاستیدا تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی بزانی پێشمەرگە کێیە، مانای چیە و چی دەوێ ئەوەیە کە دەگەڵ خودی پێشمەرگە بدوێی. قسە کردن دەگەڵ پێشمەرگە و شۆڕ بوونەوە بەناخی قووڵ و بێ بنی دا بەشێک لەئاواتەکانت وەدی دێنێ کەتێگەیشتن لەپێشمەرگەیە. پێشمەرگەش هەتا پێشمەرگە فەرقی هەیە. ئەوەی جێگای باسی ئەم نووسراوەیە «پێشمەرگە« لە مانای تەواوی خۆی دایە.

من دەگەڵ ئەوە نیم کە دروستکردنی مێژوو تەنیا بۆ خاوەندەسەڵات ودەسترۆیشتووەکان دەگەڕێتەوە. وەوپێش خستنی ناوی ئەوان لەدروست کردنی مێژوودا، زوڵمێکی مێژوویی لەو هەموو ئینسانە تێکۆشەرە دەکرێ کە قورسایی ڕەوڕەوەی مێژوویان لەسەر شانە. ئەگەر دروست کەرانی مێژووی ئاسایی وڵاتان ئینسانە ئاساییەکانن، پێکهێنەرانی مێژووی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان ئەو ئینسانە بێباک و لەخۆبوردوویانەن کە دەبنە پێشکاروانی چوونەپێش. لە کوردستان، ئەو کەسانە ناوی «پێشمەرگە»یان لەسەرە کە لەڕاستیدا بەشێکی گرینگ و بەرچاو لە پێکهێنەرانی مێژووی ڕزگاریخوازیی ئێمە پێک دێنن. ئەگەر ناوی ئەوانە بزر بێ، مێژووی ئێمە بزر بووە و هەرکات لەحاند ئەوانە ناسوپاس بین گاڵتەمان بە مێژووی خۆمان کردوە. بە تۆمار کردنی بیرەوەریی پێشمەرگە و ئاشنا بوون دەگەڵ دەریای زانیارییەکانی، دەتوانین بناخەی قایمی کۆشکی مێژووی زیندوومان بنیات بنێین. دەبا هەر کەس لە حاند خۆیەوە خەریک بێ.

***

ماوەیەکە کوردانی باشووری ئوستڕالیا چاویان بە دیداری یەکێک لەو ڕۆڵە بە وەفا و تێکۆشەرانەی مەیدانی حەماسە و نەبەزین ڕوون بۆتەوە کە لە مێژبوو تاسەی دیداریان هەبوو. ئێستا «شەقاز» لە نێو بەشێک لە کۆنە هاورێیانی شاخ و لێڕەوارەکانی مەڵبەندی سەرسەوزی سەردەشت، لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی و بە قسەی خۆی «لە چنگ سەرمای نۆڕویژ» خۆی رزگار کردوە.

کە بەمەبەستی پێشوازیکردن لەتێکۆشەرێکی دێرین خۆ دەگەیەنمە فرۆکەخانە، چاوم بەخەڵکێکی زۆر دەکەوێ کەهەموو چاوەڕوانی دیدار نوێ کردنەوە دەگەڵ شەقازن. شەقاز هێشتا وەدەر نەکەوتوە کەچی چاوەکان هەر کەلێن و قوژبنان دەپشکنن. پاش ماوەیەک ژنێک دێ و لە دۆستانی شەقاز دەپرسێ. هەموو وێکڕا وەلام دەدەنـەوە. ژنە چەند پرسیارێک دەکا و وەڵام وەردەگرێتەوە و دەڕوا. زۆری پێ ناچێ سیمای خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و هاوسەنگەرانی، هەر بەو توند و تۆڵییەی جاران دەردەکەوێ. هەموو بەرەو ڕووی دەڕۆن و بۆ لە ئامێز گرتنی پێشبرکەیانە. خەڵکێکی زۆر لەساڵۆنەکە دان و بەشێکی زۆریان چاومان لێ دەکەن و ئاگام لێیە دەڵێن ئەو شەخسە دەبێ زۆر گرینگ بێ(ڕاستیش دەکەن). شەقاز هەر بەدابی کوردستان و هەر بەو هەوایە کە تایبەتمەندیی خۆیەتی، تۆقە دەکا کە ئەوەش سرنجی خەڵکەکە زیاتر ڕادەکێشێ. پاش تاوێک مانەوە، وێکڕا بەرەو ماڵی دۆستی لەمێژینە وهاوسەنگەری شەقاز، واتە کاک حوسەین پەیرەوان وەرێ دەکەوین کە شوێنی حەوانەوەی شەقازە. شەقاز ماندوویە (٣٢ کاتژمێر لە فرۆکە دابوە)، کە چی وەسەر خۆی نایەنێ. خەڵکی لەدەورە و بەوەش گەزبەگەز باڵا دەکا. هەڵ دەستێ، بەزمانێک کە تایبەتی خۆیەتی وەهەر کاک حوسەین لێی حاڵییە قسان دەکا: «شوون دا، کاترون. تورەمە نو ماکرۆن، وا ها .....» ناچار کاک حوسەین ئەرکی وەرگێڕی وەئەستۆ دەگرێ و مەبەستەکانی شەقازمان پێ رادەگەیەنێ. ئەو دەڵێ: کەم وا هەبوە ئەوەندە خۆشحاڵ بم. بەڕاستی نازانم چۆن سوپاستان بکەم. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە پێشمەرگەی دیمۆکڕات بووم و لەو ڕێگایەوە دۆستانی وەک ئێوەم پەیدا کردوە. ئەو پێشوازییە گەرمەی ئێوە هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە و ئێستا خۆم وەک لاوێکی ١٨ ساڵە دەبینم....».

«شەقاز» (نازناوێک کە ئاوارەی کوڕی مامۆستا حەسەنزادە بۆی دیاری کردوە)، هەمان عەبدوڵا شەخسەی پێشمەرگە و فەرماندەی لکێکی هێزی بەهێزی گیارەنگە کە سەردەمانێک بە خۆی و هاوسەنگەرانییەوە تەنگیان بە سوپای داگیرکەر هەڵچنیبوو. کاک عەوڵا لەدایک بووی گوندی «کاژێ»یە وبە قسەی خۆی تەمەنی ٥٥ ساڵە بەڵام هەر وەک ٣٠ ساڵە دەچێ. ئەو لەمەڵبەندێک سەری هەڵداوە کە مەکۆی کوردایەتی و تێکۆشانە. ئەو هەر لەمێرمنداڵیەوە خولیای شۆڕش بوە وبە بیری کوردایەتی گۆش کراوە. دواتر ڕێگای پێشمەرگایەتی گرتۆتە بەر و ئیتر داستانی ژیانی پڕ کارەساتی دەستی پێ کردوە.

«شەقاز» لەوە دوا کە چۆن بیری شۆڕش و کوردایەتی خانەکانی مێشکی تەنیوە و ناچاری کردوە چەکی پڕ لەشانازیی پێشمەرگایەتی تاو داتێ. باسی ئەو کەسانەی بۆ کردم کە ناسیونی و گیرۆدەیان بووە. لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دوا بە باسی هەرکامیشیان کزە لە جەرگی هەڵدەستا. شەقاز منی بردەوە نێو کارەساتەکانی ساڵەکانی حەماسە خولقاندن و پۆل پۆل پێشمەرگەی بە بەرچاوم دا دەگێڕان. ئەو لەخەڵک و هەستی پاکی ئەوان دوا. باسی ئەوەی کرد چۆن پێشمەرگەیان وەخۆ گرتوە و ڕێگای سەرکەوتنیان بۆ هەموار کردوە. لەوەش دوا کە جار و بار دەگەڵ ڕووی گرژی خەڵک بەرەوروو بوون و چەند رۆژ لە ئامێزی گەرمیان بێبەش بوون. لەو حاڵەتانەدا دیارە هونەری شەقاز گولی کردوە و بە وەڕێ خستنی شانۆیەکی سەیر



**عبدوڵڵا شەخسە (شەقاز)**

هەم دڵی خەڵکی داوەتەوە و هەم هاوسەنگەرانی تێری نان کردوە. لێم پرسی «هۆی چی بوو لک و پەلی ژێر فەرماندەریی تۆ زۆربەی جارەکان سەرکەوتنی مەزنی وەدەست دێنا؟ ئەو هۆیەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «خۆم بە چووکەی هەموو پێشمەرگەکان دەزانی و قەت پۆزم بەسەر دا لێ نەدەدان. لە کاتی حەسانەوە دا خزمەتم دەکردن، کەچی لە کاتی عەمەلیات دا کەس بۆی نەبوو فەرمانی من ڕەت کاتەوە«. هۆیەکی دیکەشی بۆ هاوکاریی بەربڵاوی خەڵک گەڕاندەوە کە خۆشیان دەویست. لەهەمان کات دا باسی ئەوەشی کرد کە «پێش رۆیشتن بۆ شوێنی عەمەلیات هێندێکم گڵ هەڵ دەگرت و دوعایەکم بەسەردا دەخوێند و لەبەر خودای دەپاڕامەوە کە ئەگەر ئێمە ناحەقین یارەبی کەسمان نەگەڕێتەوە، ئەگەر دوژمنیش ناحەقە یاخوا بەسەریدا زاڵ بین. پاشان گڵەکەم بە پێشمەرگەکان دا دەکرد».

شەقاز هونەری شەڕی چاک دەزانی. ئەو دەڵێ: «هونەری شەڕ هەر ئازایەتی نییە کە ئەوە زۆر شەرتە.  بەڵام دەبێ نەزم هەبێ. دەبێ ناسیاویی باش هەبێ. دەبێ دڵنیایی لەهاوسەنگەر هەبێ. پێویستە کات و شوێن و ماوەی شەر بزاندرێ و...». ئەو هەر چەند شەڕکەرێکی باش بوو، فەرماندەیەکی باشیش بوو. لە هەمان کات دا کادرێکی باشیش بوو. ئەو دەیزانی چۆن دەگەڵ خەڵک قسە بکا وبە چ شێوەیەک سرنجیان راکێشێ. لە گوندێکی ناوچەی بانە کە خەڵکەکە بە هەڵە تێیان گەیون و نانیان نەداونی،خۆی لێ کردوونە مەلا و نوشتەی بۆ نەخۆشەکانیان نووسیوە. دوایە کەڵکی لەرۆژ ژمێری باخەڵی وەرگرتوە و یاسینی بەسەر نەخۆشدا خوێندوە. لەهەمان کاتدا بەدزی چۆتە مزگەوت و لەبەر خودای خۆی پاڕاوەتەوە کە ئەو نەخۆشەی بۆ چاک کاتەوە هەتا پێشمەرگەکان خواردنێکی باشیان وەگیر کەوێ. سەیر ئەوەیە نەخۆش چاک بۆتەوە و شەقاز بە شێخ لەقەڵەم دراوە وپێشمەرگەی هاوسەنگەری سینگە قەلیان نۆشی گیان کردوە. بەڵام شەقاز دەڵێ: «لەو کاتە دا کە یاسینم بەسەر نەخۆشدا دەخوێند، بەزەییم بەو میللەتە دا دەهات کە من بەو نەزانییەی خۆم ،لەوان زاناترم». حەسرەتێکی قووڵیشی بەدوودا هەڵدەکیشێ.

پرسیار: بەو هەموو هەستە خرۆشاوەی خۆتەوە هۆی چی بوو ڕێگای هەندەرانت گرتە بەر؟

وەڵام: هەرچی بیرم لێ دەکردەوە کوردستان بەو وەزعەی کە هاتبووە پیش جێگای منی نابێتەوە. من کە مەیدانی بەربەرەکانیم لێ بەرتەسک کرابۆوە نەم دەتوانی بە بێ چەک هاتوو چۆ بکەم. سەریشم کە پڕیشکەی تێدایە تووشی ناڕەحەتیی دەکردم.

باسی ژیان لە دووره وڵاتیم لێ پرسی. وەڵامی دامەوە: لە نۆڕویژیش هەر بانگەوازی یەکیەتی و برایەتی دەکەم. دەڵێم هاوزمانانم وەرن با بەهێزی یەکگرتن و گەرم و گوڕیی خۆمان ژیانێکی باش بۆ خۆمان و منداڵەکانمان دەستەبەر کەین. با هەستی کوردایەتی و گەلدۆستی لەنێو خۆماندا پەرە پێ بدەین.

شەقاز دەریایەکە لەبەسەر هات و زانیاری. سینگی وەک سەندووقێکی پۆڵایینە کە بە کردنەوەی، هەر گەوهەرە و دەڕژێتە سەر هەرد. ئەو مێژوویە، مێژووی چەند ساڵ خەبات و خۆڕاگری و بەرخۆدان. مێژووی حەماسەو کارەسات. شەقاز مامۆستایە، مامۆستای لی فێربوونی دەرسی کۆمەڵایەتی. وانەکانی سادە و خۆماڵی، بەڵام پڕ ماناو و گرینگن. هەموو وتەکانی بۆ هەڵسەنگاندن دەبن و پێویستە لێک بدرێنەوە، ڕابوردووی بەرێز عەبدوڵا شەخسە، ڕابوردوویەکی پڕ لەسەروەرییە و ئێستاشی جێی شانازی. نازانم داهاتووی چۆن دەبێ، بەڵام هەر چۆنێک بێ لەو هەموو شانازییە کەم ناکاتەوە. هیوادارم تەمەنی درێژ و قالبی ساغ و بیری هەروا تیژ بێ.

کوردستان
ژمارە: ٦٨٢
٣١ جۆزەردانی ١٣٩٥
٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٦

# ئەدەب و هونەر

## فەلسەفە وەکوو ڕۆحێکی ترسناک لە کوردستاندا

**محەمەد محەمەدمرادی**

هێگل فەلسەفەی مێژووی خۆی بە «جیهانی ڕۆژهەڵات»ەوە دەست پێدەکات، کە مەبەستی ئەو لە جیهانی ڕۆژهەڵات چین و هێند و شانشای دێرینی ئێرانە. چین و هێند بە شارستانیەتی وەستاو [stationary] دەزانێ، واتە کۆمەڵگاگەلێک کە گەیشتوونەتە پنتێکی دیاریکراو لە کامڵبوون و لەوەدوا جووڵەیان نەکردووە. هێگل ئەم جیهانە «بەدەر لە مێژووی جیهان» وەسف دەکات و کەمترین بایەخیان پێ دەدات و لای وایە لە ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی جیهاندا پشکێکی ئەوتۆیان بەرنەکەوتووە و لەبەرامبەریشدا لەو ڕەوتەدا هیچ دەورێک ناگێڕن. سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لەم بەشەی فەلسەفەی مێژووی هێگێل دەگیردرێت هەر کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کە بۆ یەکەم جار لە فەلسەفەی هێگلدا بەر ئەم بابەتە دەکەوێ ڕەنگە هەست بکات هێگل بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژهەڵات ناحەقیی کردووە بەڵام هەر کات بتوانین بەدوور لە هەموو هەستۆکییەکی ساویلکانە و خەونی شاعیرانە لە واقیعیەتە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم جیهانە بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی و بەتایبەتیتر «کوردستان» ورد بینەوە پێدەچێ باشتر بتوانین لە ناوەڕۆکی کۆنکرێتی فەلسەفەی مێژووی هێگل تێبگەین.

تاووتوێکردنێکی هاکەزایی دوو ڕەوتی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزاسیۆن لە کوردستاندا دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بە قەولی هێگێل ئەم ناوچانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەرەوەی ڕەوتی پێشکەوتنی مێژووی جیهاندا ماونەتەوە. بۆ نموونە بەپێی ئامارێک تا ساڵی ١٦٠٠ی زاینی نزیکەی دووسەد ملیۆن بەرگ کتێب لەسەر ئاستی جیهان چاپ و بڵاو کراوەتەوە کە لەم ڕێژەیە چەندەی بەر کوردستان کەوتبێت بێگومان لە گشتێتیی زانست و مەعریفەی جیهانیش هەر ئەونەی بەر کوردستان کەوتووە. لە جیهانی ڕۆژهەڵاتیدا بە کۆریا و چین و ژاپۆنیشەوە ژمارەی ئەو کەسانەی کە



لە بواری فکر و فەلسەفەدا لە ئاستی جیهانیدا قسەیەکیان پێبێت بۆ گوتن ناگەنە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە جیهانی ڕۆژهەڵاتی زیاتر مەڵبەندی شیعر و عرفانگەرایی بووە. هەر بەم پێیە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤێکی خەیاڵاویی شەرمنی گۆشەگیر و عارفە کە کاتێک بەر شارستانیەتی ڕۆژاوا دەکەوێ، ئەم ڕووبەڕووبوونەوە چ بە شێوەی کۆچ بێت یان لەڕێگای تێکستەوە، هەست بە سووکی و خۆبەکەمزانینێکی کارەساتبار دەکات. ئەم خۆبەکەمزانینە کاتێک دووقات دەبێتەوە کە بەرەوڕووی مەعریفەی ڕۆژاوا دەبینەوە، ئاساییە مرۆڤێک کە لە سەدەی بیست و یەکدا بەر تێکستی کانت و هێگل دەکەوێت و تەقەی سەری دێت هەست بە داماوی و ترس و دارمان بکات.

مرۆڤێک لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتییەوە کە گشتمان باش ئەزانین فیۆدالیزمەمان بە مانای کەلام نەبووە و فیۆدال لای ئێمە دەلالەت لە کۆمەڵێ ئاغەوات و دەرەبەگی سیخن و گەمژە دەکات، ئەوەی کە ناوی دەنێن شۆڕشی بورژوازی لە دژی فیۆدالیزم لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕووی نەداوە و ئەگەر بەریەککەوتنێکیش بووبێت ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەنجدەران و زەحمەتکێشان چوونەوە بەگژ کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتیدا. بورژوازی ئێستەش کە خەریکین پێ دەنێنە ناو شانزەیەمین ساڵی سەدەی بیستویەک پێک نەهاتووە و ئەگەر بورژوازییەکیش هەبێت دیسان کۆمەڵێ دەسبڕ و مافیای مولکوماڵ پێکی دەهێنن. هەر بۆیە لای ئێمە ڕۆمان وەکوو «حیماسەی سەردەمی بورژوازی» دیاردەیەکی نامۆیە، شیعر ئێستەش هێشتا لەناو پاڕادۆکسەکانی تاک و سروشتدا ماوەتەوە و لای زۆرێک لە شاعیران وەکوو وەحی وەردەگیردرێت. فکر و فەلسەفە بەشێوەیەکی کارەساتبار غایبە.

مرۆڤێکی پەروەردەکراو لە وەها کۆمەڵگایەکدا ئاساییە دەرەقەتی مەعرفەی ڕۆژاوا نەیەت و ئەم کێشە مەعریفەتییە ببێت بە ئێپیدیمییەک لە گشتێتیی کۆمەڵگای کوردستاندا و دواجار خەڵک هەر ئەم مەعریفە وەکوو ڕۆحێکی ترسناک بە دوژمنی سەرسەختی سەروسامانی خۆیان بزانن. ئەم ڕۆحە بوونی هەیە و ئەگەر ئێزنم هەبێت وشەی ساوا بەکار ببەم، ڕۆحێکی ساوایە و خەریکە باڵ دەکێشێت بەسەر کۆمەڵگادا. جێگای ئاماژەیە لە پێشانگای کتێبی ئەمساڵی شاری سەقزدا بەپێی ئاماری کارگێڕانی پێشانگاکە ڕێژەی فرۆشی کتێبی فکری بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ٢٠٠٪ زیادی کردووە، لە گۆشەوکەناری کۆمەڵگادا گەنجانێکی زۆر دەبینین خەریکی ململانێن لەگەڵ فەلسەفەدا کە ئەمە بەڕاستی دڵخۆشکەرە. بەڵام کێشەی ناوبراو لە شوێنی خۆیدا کە من لام وایە زیاتر ئێستە کێشەی مێتۆدۆلۆژیکە. واتە خوێنەر بەبێ هیچ پێشزەمینە و تێگەیشتنێک لە شارستانیەتی ڕۆژاوا تەپ دەداتە سەر تێکستە فەلسەفییەکان. ئایتی مرۆیی سەلماندوویەتی ئەگەر مرۆڤێک بتوانێ کارێک ئەنجام بدات هەموو مرۆڤەکانی دیکەش دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن ئەی کێشە چییە؟ بۆچی مارکس کاتێک بەر هێگل دەکەوێت ئەو هەمووە هەڵهێنجانی لێدەکات بەڵام ئێمە نا؟ پێویستە ئەوە بزانین مارکس کاتێک بەر هێگێل دەکەوێ کە هەموو مێژووی بیرلێکراوەی پێش خۆی خوێندۆتەوە، هەر هەموو ڕۆمان و دەقە ئەدەبییەکانی تا ئەوکاتی خوێندۆتەوە، بە باشی ئاگاداری ڕەوتی مێژووە هەر بۆیە وەک خۆی لە نامەیەکدا بۆ ئەنگێلسی نووسیوە بە یەک جار خوێندنەوەی لۆژیکی هێگل نەک هەر زۆر بە باشی لێی تێدەگات بگرە دەشتوانێ دیالێکتیکی هێگل وەکوو ناوکێکی عەقڵانی لە توێخڵە عیرفانییەکەی دەرکێشێت و بیخاتە خزمەت دۆکتۆرینەکەی خۆی. مەحاڵە بەبێ تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شێوەی بەرهەمهێنان و چۆنیەتی کشتوکاڵ و جۆری پێوەندیی شار و گوند و کۆیلەداری و بازرگانی و کەشتییەوانی لە یۆنانی دێریندا بتوانین لە ئەرەستوو و ئەفلاتوون و هۆمێر و ئوستوورەکانیان تێبگەین. مەحاڵە تۆ بەبێ تێگەیشتن لە شۆڕشی فەڕەنسا بتوانی لە ئایدیالیزمی ئەڵمانی تێبگەیت، کەواتە ئێمە وەکوو مێتۆد پێویستە لەپێشدا یان هەر نەبێ بەشێوەی هاوتەریب لەگەڵ خوێندنەوەی تێکستە فکرییەکان بەشێکی زەین و خوێندنەوەکانیشمان تەرخان بکەین بۆ تێگەیشتن لەو شارستانیەتەی کە ئەو تێکستانەی تێدا بەرهەم هاتووە.

## ڤەرگێڕان و زمانی فەلسەفە

### ئەرکی ڤەرگێڕان،لە ڕەگاژۆبوون وسەرهەڵدانی بزووتنەوەی فەلسەفی دا

ئەو وتار و کتێبە فەلسەفییانەی، بە زمانی کوردی بڵاو دەکرێنەوە -زۆر کەم- لە باری زمانییەوە، بە دەقی خۆوڵاتی و ڕەسەن دەژمێردرێن.

ڤەرگێڕانی دەقی فەلسەفی، وەک ڤەرگێڕانی دەقی ئەدەبی، ڕێباز و شێوازی تایبەت بە خۆی پێدەوێ. ڤەرگێڕ، بۆی هەیە، لە ڤەرگێڕانی دەقی زانستی دا، نەک کۆ-ڕستە و ڕستە، بگرە وشە بکاتە یەکە(واحد)ی ڤەرگێڕان.جارنا، هەربە ڕەچاوکردنی شێوازی وەرگێڕانی وشەبەوشە، دەقی «زانستی» مافی خۆی دەدرێتێ. بەڵام ئەم شێوە و شێوازە، ببڕای ببڕ، بۆ وەرگێڕانی دەقی وێژەیی و فەلسەفی ناشێ.

لە دەقی فەلسەفی دا، لەوانەیە یەکەی ڤەرگێڕان، بەگشتی، هەر ڕستە بێ، لێ، لە ڤەرگێڕانی ئەدەبی و بەتایبەت شێعردا، زۆرچەلان، واوەتر لە ڕستەیە و یەکەی ڤەرگێڕان « کۆ-ڕستە»یە.

جارنا، ڤەرگێڕ بێسەرەنج دانە جۆر و چەشنی دەق، مل دەنێ لە ڤەرگێڕان و بێ لە بەر



چاوگرتنی جیاوازی شێوازی وێژار و دەق، هەریەک شێوە و ڕێسای ڤەرگێڕان، ڕەچاو دەکا.

بێگومان، ئەو شێوازەی کە بۆ دەقێکی رامیاری و ڕۆژنامەڤانی دەکار دێ و گونجاوە، بۆ ڤەرگێڕانی دەقی ئەدەبێ و فەلسەفی ناشێ...

دەقی فەلسەفی، وەک دەقی ئەدەبی ڕەگ و ریشەی دە زمانگە و ویژەزاری زمانی سەرەتا دایە و، وشە وزاراوەکانی خۆزمانی و خۆوڵاتین و ڕەنگدانەوەی زمانگە و بەرووبووی زمانێکی نەتەوەیی تایبەتن (ئاڵمانی، فەرەنسی...)

بەم پێ یە، هەر زمانێک خاوەن خووخدە و توانستی بیرۆکی و هزری خۆیەتی.

زمانی ئاڵمانی لە وەبەرهێنانی ناوی واتاو ناوی دەرهەست، گرەوی لە هەموو زمانان بردۆتەوە. بۆیە مارکس دەیگوت، زمانی ئاڵمانی لە پیتۆری واوە سروشتی ئاڵمانی بستێنی، چیدی ناتوانێ فەلسەفەوەرزی بکا!

وەک چۆن دارخورماو... بەرووبووی خۆماڵی سروشت و ژینگەیەکی تایبەتە و ڕاگواستنی بۆ شوێنێکی دیی، کارێکی چەتوون و سەخڵەتە، هەرواش هێندێک چەمکی بیرۆکی و ژیرۆکی...ڕسکاوی کەش و هەوای زمانی و چاندی تایبەتە و ڤەرگێڕان و ڕاگواستنی بە شێوەی خواوڕاسان ومیکانیکی، ڕێباز و ڕێسایەکی هەڵەیە.

نووسەر لە دەقی سەرەتا دا، بە ناخێ زمانەکەدا ڕۆچووە، بە پێ توانا و توانست و کارستی زمانی سەرەتا، چەمک و کۆ-چەمک و زاراوەی تایبەتی خۆی ڕسکاندووە و زمانێکی خۆ-تایبەتی ئافراندووە و دەکاری هێناوە.

هیچ پیتۆروفیلسووفێکی ڕەسەن، بە بێ زمانێکی ڕەسەن ودەوڵەمەن، بۆی نییە فەلسەفەیەکی کاریگەر و کارا بهێنێتە بوون .

وەرگێڕی دەقی فەلسەفیش، دەشێ دە زمانی بنەتا و مەبەست دا -کە لەوانەیە زمانی زگماکی خۆی بێ- هێندە بە بنج و بناوانی زمانی مەبەست دا ڕۆچووبێ وشارەزای کەلێن و قوژبنی بێ و -ئەگەرنە زانستی زمانی- بەڵام هەرنەبێ، پەسەند و چێژی زمانی...

وا بەرێتە سەر، بگاتە ئاستێک کە زمانی مراز، خۆشە بکا بۆ دەربڕینی کاکڵ و نێواخنی دەقی سەرەتا، جا تێگە و چەمک و زاراوەی پێویست و پێداویست، بۆڕاگواستن و وەرگێڕانی مەبەست، وەبەر بێنێ.

**وەرگیراو لە لاپەرەی فەیسبووکی:**
**ئەیوب گازەرانی**

## گەرمەشین

نە بە بەرزی باڵای کەرامەتی ناختان دەگەم
نە بە پاکی ئەو کانیاوانەی
دوا تینویتان دەشکێنێ
نە دەستم دەگا
کاکۆڵی خوێناویتان لادەم و
ماچی نێوچاوانتان بکەم
نە دەتوانم
خەڵاتێک لە وەنەوشە



بگەیێمە سەر پەیکەری شەڵاڵی خوێنتان
نا شۆڕەسوارانی شەفەق
هاوڕێکانی سپێدە
نازدارانی دڵی خەمینی من
نە دەزانم ناوتان چییە
نە خەڵکی کامە شاری وڵاتی بێکەسن
تەنیا دەزانم
ناوێکی ئەفسووناوین
لەو سەری مێژوو تا ئەم سەری حەقیقەت
نا ڕێبوارانی ئەستمەکات
ئەوسا کە خەنجەرەکانی نامەردی
ئاگر دەبەستن بە ڕووتان لە دەشتی گێڵاسان
ئەوسا کە قورعان حوکم دەدا
ئاخردیدارتان
وەک داخ بمێنێتەوە لەسەر بیرەوەریمان
من دەکەم گەرمەشینێ
بۆ هەنگاوی ڕاوەستاوتان
بۆ باڵی سوتاوتان
لە جەنگەی گەرمەشینی پڕحەسرەتم
سەر دادەنوێنم
بۆ گەورەیی و لەخۆبوردویتان

شەهلا دەباغی

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 682     20 Jun 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv    Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

کامکارەکان:

## بەبێ بەشداریی سەبا، قەشەنگ و هانا هیچ کۆنسێرت بەڕێوە نابەین

هووشەنگ کامکار، یەکێک لە ئەندامانی شوورای بەرزی ماڵی مووسیقیی ئێران و سەرپەرستی گرووپی مووسیقیی کامکارەکان پێداگری کردەوە کە ئەم گرووپە مووسیقییە، بەهیچ شێوەیەک بەبێ بەشداریی ژنە ژەنیارەکان و هادەنگە ژنەکان، کۆنسێرت بەڕێوە نابەن.



ناوبراو لە لێدوانێکدا بۆ کاناڵی هەواڵی فەرهەنگ و هونەر، گرفتی گرووپی کامکارەکانی بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرت لە شارە جۆربەجۆرەکانی ئێران بەم جۆرە باس کرد و گوتی: کێشەی ئێمە ئەوەیە کە ئەگەر ڕێکخراوەکانی شاری ئیسفەهان بیانەوێ ١ میلیارد دۆلاریش بە کامکارەکان بدەن و بڵێن وەرن کۆنسێرت بەڕێوە ببەن، ئێمە ئامادە نابین بێ سەبا و قەشەنگ و هانا بچینە سەر شانۆ. ئێمە خاتوونی ژەنیارمان هەیە، خاتوونی هاودەنگمان هەیەو هەر بۆیە هیچکات ڕێگە بەخۆمان نادەین ئەم ئازیزانە لە سەر سێن بێنینە خوارێ و بڵێین ئێوە مەچنەوە سەرێ با ئێمە پووڵەکەمان لە کیس نەچێ."

سەرپەرستی گرووپی مووسیقیی کامکارەکان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: " لە هەر جێیەک توانیمان لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکەمان کۆنسێرت بەڕێوە دەبەین، ئەگەر نەیانهێشتین ئەوە ئێمەش کۆنسێرتمان نابێ، ئیدی بەم خاتوونانە ناڵێین ئێوە لە سێن وەرنە خوارێ. چونکە ئەوە گەورترین سووکایەتییە کە هونەرمەندێک بە ئەو گرووپەی دەکا."

هووشەنگ کامکار هەروەها بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە نیسبەت ئەم هونەرمەندانەی کە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتەکانیان ملکەچی مەرجی لەم چەشنە دەبن، سەرکۆنەی کردن و گوتی: من نامهەوێ ناوی هیچکەس بێنم. ئیدیعاش دەکەن کە کەسانێکی هونەردۆست و هونەرمەندن. باشە کۆنسێرت بەڕێوە مەبە، ئەو پەڕەکەی ٢٠ میلیۆن تمەن زەرەر دەکەی، ئیدی خۆ کفر نییە.

## هەوڵدان بۆ تۆمارکرانی جلو بەرگ‌و مووسیقیی کوردی وەک میراتی فەرهەنگیی کرماشان

بەرپرسی پەروەندە تۆمارکراوەکانی میراتی فەرهەنگی، پیشەسازییە دەستییەکان‌و گەشتیاریی کرماشان باسی لە هەوڵدان بۆ تۆمارکرانی جلوبەرگ و مووسیقیی کوردیی، وەک میراتی فەرهەنگیی ئەم پارێزگایە کرد.

ئەکرەم تەهماسەبی ڕایگەیاند: پارێزگای کرماشان میراتهەڵگری شارستانییەتی کۆن‌و لەمێژینەیەو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازییە دەستییەکان و هونەرەوە ناو و ناوبانگی دەرکردوە.

تەهماسەبی وێڕای ئاماژە بە هەوڵدان بۆ تۆمارکرانی میراتی فەرهەنگیی ئەم پارێزگایە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و هەوڵ و هەنگاوەکانی ئەم ئیدارەیە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ئاماژەی بەم هونەر و داب و دوستوورانە کرد کە تایبەت بە پارێزگای کرماشانن و پێویستییان بە پاراستنی بەپەلەی لەلایەن میراتی فەرهەنگیی ئەم پارێزگایە هەیە.

ناوبراو هەروەها گوتی: موسیقیی کوردیش ناوی کرماشان‌و کوردستانی لەسەرە، بەڵام شینگێڕیی کوردی‌و کۆچکردن و ژیانی کۆچەریی هۆزی کەلهوڕ پێویستییان بەوە هەیە کە زۆر بەپەلە لە لایەن میراتی فەرهەنگیی کرماشانەوە تۆمار بکرێن‌و بە ئەمانەتەوە بیانپارێزن.




## کەبوودوەند بەهۆی درێژنەکردنەوەی مەرەخەسییەکەی گەڕاوە بەندیخانە

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە پاش وازهێنان لە ٣٤ ڕۆژ مانگرتنەکەی مەرەخەسییەکی ٤ ڕۆژەی درابوویە، بەهۆی درێژنەکردنەوەی مەرەخەسییەکەی بەرێی زیندان کرایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کاربەدەستانی دەزگای قەزایی کە بەڵێنیی نوێکردنەوەی مەرەخەسییان بە کەبوودوەند دابوو تا چارەسەری نەخۆشییەکەی بکا، نەک هەر بێ بەڵێن بوون بەڵکوو دژایەتیی دەرمان‌و چارەسەر کرانی کەبوودوەندو خەواندنی ئەویان لە نەخۆشخانەی دڵی تاران کردوە.




شایانی باسە دادستانی تاران بۆ پێدانی ٤ ڕۆژ مەرەخەسی بە کەبودوەند کە ماوەی ١١ مانگ لە حوکمەکەی ماوە، بڕی ٤٠٠ میلیۆن تمەنی وەک بارمتە وەرگرتبوو. لە لایەکی دیکەوە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا وەزارەتی ئیتلاعات پەریناز حەسەنی، هاوسەری محەممەدسەدیق کەبوودوەندیشی بانگ کردوەو لێکۆڵینەوەی لێ کردوە.

## ڕۆژنامەی "قانوون" بەهۆی شکایەتی سپای پاسداران داخرا

دوابەدوای شکایەتی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، ڕۆژنامەی "قانوون" چاپی تاران، لە لایەن دادستانیی ئێرانەوە داخرا.

حەوتووی ڕابردوو، عەبباس جەعفەری دەوڵەت ئابادی دادستانی گشتی و ئینقلابی تاران باسی لە بەدواداچوونی قەزایی بۆ مەهناز مەزاهیری، بەرپرس و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی قانوون بەهۆی بڵاو کردنەوەی ڕاپۆرتێک کردبوو، ڕاپۆرتێک کە لەسەر ڕاستییەکانی گرتنی کەسێک لە ژێر ناوی " ٢٤ کاتژمێری لەعنەتی"دا بڵاو کرابۆوە.




دەوڵەت ئابادی گوتبوی بەهۆی شکایەتی ڕێکخراوی زیندانەکان، بەدواداچوونی قەزایی بۆ بەرپرس‌و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی قانوون دەکرێ.

ڕۆژنامەی قانوون لەم ڕاپۆرتەدا باسی لە وتووێژی ئەم ڕۆژنامەیە لەگەڵ یەکێک لەم کەسانە کردوە کە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە زیندانی گەورەی تاران‌دا بەند کراوە و باس لەم ڕووداوە تاڵانە کردووە کە لە ماوەی ئەم ٢٤ کاتژمێرەدا بەسەریان هێناوە.

ئەم کەسە کە ڕۆژنامەی قانوون وتووێژی لەگەڵ کردوە کەسێکی تاوانبار نەبووە و تەنیا بەهۆی "زەمانەت کردن"ی کەسێک تووشی ئەم گێچەڵە هاتوە. ناوبراو باس لە "سووکایەتیی بەردەوام" زیندانەوانەکانی کردوە و گوتوویەتی پووڵی نەغد و کارتی بانکی‌یەکەیان لێ ستاندوەو نیوەشەو بە جووتێک دەمپایی شڕ لە بیابانێکی تاریک‌دا بەرەڵڵایان کردوە.

"دڕاندن‌و لەت‌و کوتکردنی کۆتی ١ میلیۆن تمەنی"، "هەڵپاچینی قژی سەری" و "سووتاندنی کارتی بانکی" ئەم ئەتک و بەڵایانەی دیکەن کە بەسەر ئەم زیندانییەیان هێناوە.

## بەر لە ماڵاوایی

## نەهێڵین وەرزی سەهۆڵبەندان بگەڕێتەوە

(پێشکەشە بە شەهیدانی ئەم چەند ساڵەی دوایی



قادر وریا

٢٠١٦/٠٦/١٨
(٢٩ی جۆزەردانی ١٣٩٥ )

هەموو جارێ کە ڕووداوێکی ناخۆش بەربینگ بە تێکۆشەرو پێشمەرگەی لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی دەگرێ، شەپۆلێک لە هاوخەمی‌و هاوپێوەندیی ئەندامان‌و لایەنگرانی لایەنەکانی دیکە لە گەڵ خاوەن خەم‌و خاوەن کۆستەکە وەڕێ دەکەوێ. بەڵام زۆری پێ ناچێ‌و ئەم کەشوهەوا باشە جێگای خۆی دەداتەوە بە دەمبەدەمەو پێکدادانی تانەو تەشەرو قسەی ناخۆش. هەر سووکە بیانوویەک بەسە بۆ ئەوەی جەماعەتێک لەم لاو لەو لا بچنەوە نێو هەواکەی خۆیان‌و ژینگەکە نەک هەر لە خۆیان، بەڵکوو لە هەموان ناخۆش بکەن. جاری واشە «گەورە» بە ئەنقەست هەراوهورياییەک لە دژی لایەنێکی دیکە وەڕێ دەخاو وەک دەڵێن «ئاوەکە دەڕێژێ‌و چووکە پێی تێ دەنێ.»

ڕاستییەکەی ئەوەیە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە دۆخێکی ناڕوون‌و زۆر ناخۆش دان. زۆر لە تێکۆشەرانیان خەریکن زۆربەی تەمەنی خۆیان لە دوورە وڵاتی‌و دوورخراوەیی‌دا تێپەڕ دەکەن‌و، لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیان نزیک دەبنەوە. چوونەوەشیان بۆ نێو خەڵک‌و وڵاتی خۆیان، تێچووی قورسی وەک شەهید بوونی هەمزە سارتکەییەکان‌و کەمال خزرییەکانی دەوێ. ڕزگار بوون لە مەرگی سیاسی‌و خەباتگێڕانەی بەرەبەرەی دوورە وڵات‌و، ژیانەوەو بەردەوامیی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرەوی چالاکبوونەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دایە. ئەمەش یانی بە گژداچوونەوەی لەشکری هارو دڕندەی ڕێژیمێکی تاوانکار. ئەگەر ئەم حیزب‌و ڕێکخراوانە، وەک هێزو لایەنی سیاسی، هاوپەیمان‌و هاوکار نەبن، ئەگەر ڕێبەران‌و تێکۆشەران‌و ئەندامان‌و لایەنگرانیان، دۆست‌و هاوڕێ‌و پشت‌و پەنای یەکتر نەبن، چۆن دەتوانن بچینە مەیدانی ئەو شەڕە نابەرامبەرە؟!

هاوڕێی هاوحیزبم!و هاوڕێی هاوئامانج‌و هاوخەباتم لە حدکاو کۆمەڵەو هتد! با لەم قۆناغە دەرچین کە هەموو وزەی خۆمان بۆ ململانێ لە گەڵ یەکتر لە سەر ئەم یا ئەو بەرژەوەندی دەمارگرژانەی حیزبی‌و جیناحی‌و ناوچەیی‌و شەخسی‌و هتد تەرخان کردبوو. با وزەو توانا شەخسی‌و حیزبییەکانمان کۆ بکەینەوە سەر یەک‌و بۆ خەبات لە گەڵ دوژمنی سەرەکیی هاوبەش‌و ڕزگاربوون لەم دوورخراوەیی‌و پەراوێزنشینییەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات تەرخان بکەین.

با خوێنی نوێترین شەهیدەکانمان لە ناوچەی شنۆو خوێنی ئەو شەهیدانەی ئێمەو هێزە سیاسییەکانی دیکە، ساڵانی ڕابردوو لە ناوچەکانی سەقزو دیواندەرەو مەریوان‌و ڕەبەت‌و هتد لە پێناوی شڵەقاندنی گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، پێشکەشمان کردن، نەکەین بە دەسمایەی پێکفرۆشتنەوەی کوردایەتی‌و شۆڕشگێڕی لە دەمبەدەمەی بێنرخی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌دا. با ئەو گیانانەو ئەو خوێنانەی لەم ڕێگایە دا لێمان ئەستێندران، بکەین بە زللەی ڕاچڵەکان لە خەوی غەفڵەت، بکەین بە هەوێنی وەخۆهاتنەوەو بە خۆداچوونەوە، بە هەوێنی پێکهێنانی تەبایی‌و وێکهەڵکردن‌و هاوخەباتی‌و هاوپەیمانەتییەکی بەردەوام‌و درێژخایەن.

لای ئێمە دیموکراتەکان، ئەم دروشمە بووە بە ئاوێزەی گوێمان‌و ڕێنوێنی ژیانی خەباتگێڕیمان کە «باشترین پاداش بۆ شەهیدەکان درێژە دانی ڕێگایانە.» بە ڕاستییش دروشمێکی جوان‌و دروستە. بەڵام با لە بیرمان بێت درێژەدانی ڕێگاو پڕ کردنەوەی جێگەی شەهیدانێک کە دەیان ساڵ پێشمەرگایەتی‌و تێکۆشان لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا کردبوونی بە سەرمایەیەکی مەعنەویی خەبات‌و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازی، ئەوەندە سانا نیە. ئەگەر پرژوبڵاوی‌و کەلێنەکانی نێو بزووتنەوە کەم نەکەینەوە، گرژییەکان نەڕەوێنینەوەو هەروا بەرامبەر یەکتر دوورە پەرێز بین، پاداشی ئەم شەهیدانەشمان پێ نادرێ‌و ڕێگای ئەوانمان پێ نابڕێ. با وەرزی سەهۆڵبەندان بە جێ بێڵین‌و بە دوور لە دروشم، بە کردەوە، بەرەو بەهاری ژیانەوەو هەستانەوە بچین. ڕۆژهەڵات چیتر بڕ ناکا ئەگەر وا نەکەین.